# تیشک

mariwanrasheed@yahoo.com



سەرنوسەر

یەك لەو بابەتە گرنگانەی دەیان ساڵە زانایانی گەردوونی سەرقاڵ کردووە مەسەلەی ئەگەری ژیانە لە شوینەکانی تری گەردوون جگە لە زەوی. ئایا دەشێت لەم گەردوونە فراوانەدا تەنها زەویەکەی خۆمان تایبەت بێت بە ژیان؟. وەڵامی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نیە، بەتایبەت گەر ئەوە بزانین کە ئامێرو ئامرازەکان تا ئەمڕۆش توانای تێڕوانین و بەسەرکردنەوەی گەردوونیان کەمە.

بەشێك لەزانایان لەوباوەڕەدان کە ژیانی تر لەگەردووندا هەیە و بۆ دوزینەوەیان چەند پڕۆژەیەکیان جێبەجێکرد لەوانە ناردنی نامە بەشێوەی وێنە یان دەنگ بەهۆی کەشتی ئاسمانی پایونیر-١٠ و ڤۆیجەر- ١ و ڤۆیجەر-٢ . بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێك نەدراوینەتەوە. زانایان وەڵام نەدانەوەکە دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە نەگونجانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنمان چ ئامێر بێت یان زمانی پەیوەندیکردنی دەنگی یان هێمایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دوور نییە ئاستی پێشکەوتنی ئێمەو ئەوان جیاوازبێ، ئەمانە و چەندین هۆکاری تر.

ئەو زانایانەی کە لایەنگری ئەم پڕۆژەیەن بە پشت بەستن بەسیفاتەکانی ژیانی سەر زەوی و جوڵەی زەوی و کۆمەڵەی خۆر و بەرگەهەوا و پەستان و کێشکردن و چەند سیفاتێکی تر باس لەوەدەکەن کە تەنها لە گەلەستێرەکەی خۆماندا دەشێت ژمارەیەکی هێجگار زۆر شوێن هەبن ژیانیان تیا بێت، بەڵام ژیانی هەر شوێنێك لە و شوێنانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەك چۆن خوای گەورە زەوی تایبەت کردوە بەژیانی مرۆڤ بە پلەی یەکەم و هەموو پێداویستیەکانی بۆ گونجاندوە تاوەکو ئەم شێوازەی ژیانی تیا دابین بێت، ئەو شوێنانەی تریش بەو جۆرە.

ئەوەی هەموو زانایان باوەڕیان پێیەتی تەنانەت ئەوانەش کە بەشداربووی پڕۆژەکەش نین ئەو ڕاستیەیە کە شێوازی تری ژیان هەن بە تایبەتمەندی خۆیان و جیاواز لە شێوازی ژیانی مرۆڤ. بەواتایەکی تر دەشێت لەشوێنەکانی تری ئەم گەردوونە بینراوەی ئێمە پەروەردگار شێوازی تر لە ژیانی دروستکردبێ، بەڵام وەك باسمان کرد تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوەو مرۆڤ لە هەوڵداندایە بۆ یەکلایی کردنەوەی.

بەڵام دەرەنجامە زانستیە گرنگەکە ئەوەیە کە بوونی ژیانی تر بەهەر شێوازێك بێت و خۆ ئەگەر باس لە ژیانی غەیب بکەین دەبێت بوونی ئاسایی بێت لامان و لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوە کە قورئان باسی دەکات باوەڕی تەواومان پێی هەیە.

# چارەسەری هەوکردنی گیرفانەکانی لوت (الجیوب الأنفية) لە سوننەت دا

ن. د.هشام بدرالدين المشيد

و. د. دلۆڤان هێمن
Dilovan83@yahoo.com




هەوکردنی گیرفانەکانی لوت (الجيوب الأنفية) نەخۆشیەکی بلاوە و زۆرێك لە خەلك، ژن و پیاو و گەورە و بچوك بەدەستیەوە دەنالێنن .

سەرئێشە دیارترین نیشانەکانێتی، کە ڕەنگە، هێندە توند بێت ژیانی نەخۆش بکاتە دۆزەخ، نەتەنها ئەوە بەلکو ترسە ڕاستیەکەی لەوێدایە کە ئەو ماکانەی (مضاعفات) بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە دەردەکەون، مەترسی دەخەنە سەر بینین ئەگەر لەکاتی گونجاودا چارەسەر نەکرێن.

بۆ ئەوەی قەبارە وسروشتی ئەم نەخۆشیەو چارەسەرکردن و خۆپاراستن لێ ی بزانین، لەم بەشەدا بەپێکهاتەی توێکاری گیرفانەکانی لوت و فرمانەکانیان و هۆکارەکانی ئەو نەخۆشیانەی تیایاندا دەردەکەون ئاشنا دەبین، هەروا چۆنیەتی دەستنیشان کردن (التشخيص) و چارەسەرکردنی لە پزیشکیی نوێ دا باس دەکەین، ئنجا چارەسەری پێغەمبەرانەی (العلاج النبوي) نەخۆشیەکە دەخەینە ڕوو، دواتر لایەنی ئیعجازی زانستی ئەم چارەسەریە ڕوون دەکەینەوە .




## یەکەم : بەدواداچونێکی زانستی گیرفانەکانی لوت چین ؟

پێشەکی دەبێت ناونانی ئەم گیرفانانە ڕاست بکەینەوە .

خۆی وەرگێڕدراوی دروستی وشەکە (گیرفانە هاوسێکانی لوت)ە نەك گیرفانەکانی لوت، چونکە بەرانبەرە ئینگلیزیەکەی ئەمەیە: (Para Nasal Sinuses) واتا (هاوسێی لوت یا تەنیشتی لوت)، بەلام گیرفانەکانی لوت دەکاتە: (Nasal Sinuses) ، (Nasal) واتە تابیەت بە لوت (الأنفي) و لێرەدا بەکار هێنانێکی هەلەیە چونکە گیرفانەکان لەدەورو بەری لووتن و هی لوت خۆی نین .

کەواتە دەبێت (گیرفانە هاوسێکانی لوت) لەکوردیداو (الجيوب الجار الأنفية) لەعەربیدا بەکار بهێنرێت، بەمجۆرەش دەبینین (گیرفانەکانی لوت) و (الجيوب الأنفية)، لەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا وەرگێڕدراوی هەلەی وشە بنچینەییەکەن، بێگومان ئەم ڕاستکردنەوەیەش وێنانێکی (تصور) ڕاستەقینەی ماهیەت و سروشتی ئەو گیرفانانەمان دەداتێ کە بریتین لە کۆمەلێك بۆشایی لە ئێسکی کاسەی سەردا، لەڕاست و چەپەوە دەوری لوت دەدەن و بەپەردەیەکی تەنك ناوپۆش کراون کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوپۆشی لوت خۆی دەچێت، ئەو ناوپۆشە پەردەیەش چەند دەرداوێك دەردەدات کە یارمەتی گیرفانەکان دەدەن تا بەو ئەرکانە هەستن کە بۆیان دیاری کراوە و دەرداوەکانیش لەڕێی چەند کونێکی زۆر بچوکەوە دەچنەسەر بۆشایی لوت لەوێوە بۆ گەروو تا لەکۆتایدا دەچنە گەدەوە و تیایدا جێگیر دەبن .

**بۆشاییه‌كانیش ئه‌مانه‌ن:**

١. گیرفانی هاوسێی لووتی كوڵمی (Maxillary) : ده‌كه‌وێته خواروی چاوه‌وه و ناوه‌ندی قه‌باره‌كه‌ی له مرۆڤی گه‌وره‌دا) (١٥ ملم$^{٣}$)یه.

٢. گیرفانی هاوسێی لووتی ناوچه‌وانی(Frontal): ده‌كه‌وێته سه‌رو چاوو ژێر مێشكه‌وه، ناوه‌ندی قه‌باره‌كه‌ی له پێگه‌یشتواندا (٧ ملم$^{٣}$) یه .

٣. گیرفانی هاوسێی لوتی بێژنگی (Ethmoidal): ده‌كه‌وێته نێوان چاوه‌كانه‌وه و له‌كۆمه‌ڵێك گیرافانۆچكه پێك دێت ناوه‌ندی قه‌باره‌كه‌ی (٧-٥ ملم$^{٣}$) .

٤. گیرفانی هاوسێی لوتی مێخی (Sphenoidal): ده‌كه‌وێته پشت لووت و ژێر ڕژێنی سنه‌وبه‌ریه‌وه ئه‌میش ناوه‌ندی قه‌باره‌كه‌ی (٧ ملم$^{٣}$) یه .

## كاره‌كانی گیرفانه هاوسێكانی لووت :

١- شێداركردن و پاڵفته‌كردنی هه‌وای هه‌ڵمژراو: ده‌بێت بزانین لووت و گیرفانه‌كانی هاوسێی ئه‌م كردارانه بۆ بڕی هه‌وای هه‌ڵمژراو، كه ده‌كاته (١٠٠٠٠ - ٢٠٠٠٠) لیتر له ڕۆژێكدا، ئه‌نجامده‌ده‌ن .

هه‌رسێ كرداره‌كه‌ش (شێداركردن، گه‌رم كردن و پاڵفته‌كردنی هه‌وای هه‌ڵمژراو) ئه‌نجام ده‌درێن به‌هۆی :

- ناوپۆشه په‌رده : ئه‌میش دوو جۆر شله، كه‌له‌دوو چین پێك هاتووه، ده‌رده‌دات. چینێكیان لینجه‌و له‌سه‌ره‌وه‌یه و به‌هۆی لینجیه‌كه‌یه‌وه میكرۆب و گه‌رد و تۆز پێوه‌ی ده‌لكێن، چینی دووه‌میش كه‌متر لینجه‌و له‌ژێر چینی یه‌كه‌مدایه و هه‌ڵده‌ستێت به‌گوێزانه‌وه‌ی چینی یه‌كه‌م و هه‌موو ئه‌و گه‌رد و تۆز و میكرۆبانه‌ش كه پێوه‌ی ده‌لكێن بۆ لووت و ئنجا به‌خێرایی (١سم) له خوله‌كێكدا بۆ گه‌روو، ئه‌م چینه‌ش چه‌ند ئه‌نزیمێكی تێدایه كه توانای له‌ناوبردنی زۆرێك له به‌كتریاو ڤایرۆسیان هه‌یه و ئه‌وانه‌ش ده‌مێننه‌وه دواتر له‌ناوده‌برێن، كاتێك بۆ ناو گه‌ده قووت ده‌درێن .

بڕی ئه‌و شله‌یه‌ش كه ناوپۆشه په‌رده ده‌ریده‌دات ده‌گاته (١٠٠٠) ملم$^{٣}$ له‌ڕۆژێكدا .

- **كوڵكه‌كان:** ئه‌مانه‌ش پێكهاته‌ی مویی زۆر باریكن، به‌رده‌وام و بێ ماندوو بوون چالاكانه كار ده‌كه‌ن و به‌دوو ئاڕاسته‌دا ده‌جوڵێن :

**یه‌كه‌م:** جوڵه‌یه‌كی به‌هێز وكاریگه‌ر به ئاراسته‌ی كونی گیرفانه هاوسێكانی لووت.

**دووه‌م:** جوڵه‌یه‌كی بێ هێز و كه‌م كاریگه‌ر به ئاراسته‌یه‌كی پێچه‌وانه.

ئه‌م كۆلكه‌كانه له خوله‌كێكدا ٧٠٠ جار ده‌جولێن. ووشكبوونه‌وه له گرنگترین ئه‌و هۆكارانه‌یه كه ڕێ له‌و جوڵانه ده‌گرێت و به‌وجۆره‌ش یارمه‌تی هه‌وكردنی گیرفانه‌كان ده‌دات.

- تۆڕێكی ئێجگار ئاڵۆزی موولوولەی خوێن و خوێنبه‌ر و خوێن هێنه‌ره بچكۆله‌كان. به گوێره‌ی جیاوازی نێوان پله‌ی گه‌رمی لاشه و هه‌وای ده‌ره‌وه، بڕی خوێنی پاڵنراو بۆ ئه‌م تۆڕه زیاد و كه‌م ده‌كات به جۆرێك ئه‌گه‌ر هه‌وای ده‌ره‌وه زۆر سارد بوو ئه‌وا بڕی خوێنی پاڵنراو بۆ ئه‌م تۆڕه زیاد ده‌كات تا ئه‌و هه‌وایه گه‌رم بكات كه ده‌چێت بۆ سیه‌كان و له كاتی گه‌رمبوونی هه‌وای ده‌ره‌وشدا پێچه‌وانه‌ی ئه‌م كرداره ڕوو ده‌دات.




٢- سوك كردنی كێشی كاسه‌ی سه‌ر:- ئه‌ویش به داگیركردنی ڕووبه‌رێكی باش له‌كاسه له‌لایه‌ن گیرفانه‌كانه‌وه كه‌له‌م ڕووبه‌ره‌دا هه‌وا جێی ئێسقانه‌كان ده‌گرێته‌وه.

٣- باشكردنی تۆنی ده‌نگ:- ئه‌مه‌ش كاتی سه‌رما بوون یا هه‌ڵامه‌ت هه‌ستی پێده‌كرێت كه ده‌بینیت چۆن تۆنی ده‌نگی كه‌سی نه‌خۆش ده‌گۆڕێت چونكه گیرفانه‌كان

ناتوانن بە تەواوی ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن ئەویش بەهۆی هەوکردن و گیرانی دەرچەکانیانەوە.

**بنچینەی گرفتەکە :**

گرفتەکانی گیرفانە هاوسێکانی لووت کاتێك دەردەکەون کە دەرچەی گیرفانێك یان زیاتر دەگیرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی یاخود وەستانی یەکجاری هەوا گۆڕکێ، دەرنەچوون و کۆبوونەوەی دەردراوەکانی گیرفانەکە و زیان خواردن و لە کارخستنی کوڵك و خانە هەڵگرەکانیان. بەو جۆرە دۆخەکە بۆ چالاکی میکرۆبە نەخۆشخەرەکان لە باردەبێ و میکرۆبە بێزیانەکان بۆمیکرۆبی زیانبەخش دەگۆڕێن.

ئەمانەش دەبنە هۆی هەوکردن ئاوسانی ناوپۆشی گیرفانەکە، ئەمیش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی زیاتر داخستنی دەرچەی گیرفانەکە و بەم شێوەیە بازیەکی بەتاڵی دووبارە بۆوە دروست دەبێت.

**دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکە :**

هەوکردنی گیرفانە هاوسێکانی لووت بۆ هەوکردنە کورتخایەنەکان و درێژخایەنەکان دابەش دەبن:

**یەکەم:** هەورکردنە کەمخایەنەکان کە نیشەکانی ئەمانەن

**نیشانە گشتیەکان:** وەك تا و سەرئێشە و دڵنەچوونە سەر خواردن.

**نیشانە شوێنگەییەکان** ( موضعي ):

١- لووت گیران.

٢- دەردانی دەردراوی چڵمی.

٣- تێکچوونی هەستی بۆنکردن.

٤- ئازاری ئەو شوێنەی کە گیرفانێك یان زیاتر لە گیرفانێکی تووش بوو دادەپۆشێت، وەك ئازاری ژێر چاو لەکاتی هەوکردنی گیرفانی هاوسێی لووتی کوڵمی و ئازاری ناوچەاون لە کاتی هەوکردنی گیرفانی لووتی ناوچەوانی و ئازاری پشت گۆی چاو و پشتەسەر بەهۆی هەوکردنی گیرفانی هاوسێی لووتی مێخییەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە ئەو سەرئێشەیەی هەوکردنی گیرفانە هاوسێکانی لووت دروستی دەکات ئاسایی بەیانیان دوای لەخەو هەستان دەسپێدەکات و دواتر وورده وورده لەماوەی ٣ تا ٤ کاتژمێر باش دەبێت.

**دووەم:** هەوکردنە درێژخایەنەکان کە نیشانەکانی بریتین لە:

**نیشانە گشتییەکان:** وەك سەرئێشە و ئازاری ڕۆماتیزمی و هەوکردنی گوێی ناوەڕاست و قورگ و گەروو.

**نیشانە شوێنگەییەکان:** تا ئەندازەیەکی زۆر لە نیشانە شوێنگەییەکانی هەوکردنی کورتخایەن دەچن بەڵام لێرەدا ئەوەندە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمێننەوە.

ماکەکانی نەخۆشیەکە (المضاعفات)

ئەمانیش بۆ ماکەکانی کاسەی سەر و ناو و دەرەوەی کاسە دابەشدەبن.

ماکەکانی کاسەی سەر: هەوکردنی یا دوومەڵی ئێسکی کاسەو گیرفانەکان.

ماکەکانی دەرەوەی کاسەی سەر: هەوکردنی چاو یا پێکهاتەکانی ناو چاڵی چاو و پووکانەوەی دەماری بینین.

ماکەکانی ناو کاسەی سەر: هەوکردنی پەردەکانی مێشك و دوومەڵی مێشك.

**چارەسەری نەخۆشیەکە:**

أ- چارەسەر بە دەرمان: بەکارهێنانی دژە زیندەکان (مضادات الحيوية)، دژە هیستامینەکان، گرژکەری لوولە خوێنەکان (قابض للأوعية الدموية) و شتن بە گیراوەی تایبەت دەگرێتەوە.

ب- چارەسەر بە نەشتەرگەری: بریتیە لە بەکارهێنانی ووردبین یان ناوبین (ناظور)ی نەشتەرگەری و شتنی لووت بە گیراوەی تایبەت پێش و دوای نەشتەرگەرییەکە، ئامانجی ئەم ڕێگەیەش بریتی لە لابردنی دەردراوەکان و شێدارکردنی کوڵکەکان و پاراستنیان لە ووشکبوونەوە کە بە گرنگترین هۆی هەوکردن دادەنرێت.

گرنگی شتنی لووتیش لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەردەکەوێت:

أ- **پاکردنەوە و لابردن :**

١- لابردنی تۆز و میکرۆب کە لە دەرەوە دێنە ناو لووتەوە، کە زۆر توێژینەوەی پزیشکی دروستی ئەم ئەنجامەی سەلماندووە.

٢- پاکردنەوە و لابردنی ئەو دەردراوانەی کە ناوپۆشە پەردەی لووت دەریاندەدات.

٣- ڕێگەیەکی تری پاکردنەوە بریتییە لە لابردنی هۆکارەکانی هەستیاری، تەنانەت هەندێك زۆریی دەردراوە ئاویەکانی لووت بە یەکێك لە نیشانەکانی هەستیاری (الحساسیە) لێکدەدەنەوە و بە جۆرێك لە پاکردنەوەی خۆیی لووت بۆ ڕزگاربوون لە هۆکارانە دایدەنێن. بەو شێوەیەش هەلی بەرکەوتنی ئەو هۆکارانە لەگەڵ ناوپۆشی لووت و توندی کارلێکەکان و هەروا توندی کۆنیشانەکانی هەستیاری وەك خوران و پژمین و گیرانی لووت کەم دەبێتەوە.




ب- **شێدارکردنی کۆلکەکان :**

شێدارکردن و پارێزگاری لە جوڵەی کۆلکەکان وادەکەن کە ئەم کولکانە زۆرباش کاربکەن چونکە دوژمنی سەرسەختی کۆلکەکان ووشکبوونەوەیە.

بۆ ئەوەی شتنی لووت بە گیراوەی تایبەتی ئەنجامی باشی هەبێت دوو خەسڵەتی سەرەکی پێویستن کە ئەمانەن:

١- بەردەوامی: ئەمەش لەبەر ئەوەی گەردو میکرۆبەکان دەچنە ناو لووتەوەو هەروەها بێوەستان لووت دەردراوەکانی دەردەدات. هەر بۆیەش دەبێت لووت شتنەکە بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجام بدرێت.

٢- شتنی قووڵ: بۆ ئەوەی بەشەکانی ناوەوەی لووت پاکبکرێتەوە، دەبێت گیراوەی شتنەکە، بگاتە لۆچە قووڵەکانی بۆشایی لووت، هەر لەبەر گرنگی ئەم بابەتەش چەندین پێگە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دامەزراون کە باس لە گرنگی و چۆنیەتی شتنی لووت لە گیراوە کیمیاوییەکان دەکەن.

لەسەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم باسەدا دەبینین چەندینیان باسی گرنگی شتن لە چارەسەری دەرمانی و نەشتەرگەری نەخۆشیەکەدا دەکەن. وە بە گوێرەی جۆری هەوکردنەکە هەندێك ماددەی تری وەك کلۆیدی سۆدیۆم (خوێی چێشت)، کاربۆناتی سۆدیۆم، دژە کەڕوەکان بۆ گیراوەی شتنەکە زیاد دەکرێت، ئەوەش بە گوێرەی جۆری میکرۆبی تووشکەری نەخۆشییەکە. لە بەکارهێنانی گیراوەی شتن، پاکردنەوە و شێدارکردنە بەم بە هەردوو مەرجی بەردەوامی و گەیشتنی بە قووڵای لووت. بەو شێوەیە پسپۆڕان بەردەوام و تائێستاش سەرقاڵی داهێنانی ئامێری نوێی شتنن کە توانای باش گەیاندنی گیراوەی شتنەکەی بۆناو قولاَی لووت و هەروا بۆ گیرفانە هاوسێکانی لووت هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەو ئامێرانە تا ئەندازەیەکی باش ئەو کارە بەڕێکو پێکی ئەنجام دەدەن، بەلاَم خەوشی سەرەکیان بریتی یەلە گرانی بەکارهێنانیان بۆماوەیەکی دوور ودرێژ و بەردەوام چونکە زۆربەکارهێنان و بوردەوام بون لەسەر شتنەکە دەستەبەری هەوکردنی گیرفانەکان لەبنچینەوە، یاخود دوبارە نەبونەی هەوکردنەکە دوای چارەسەرکردن، دەکات. خەوشێکی تری ئەو ئامێرانە گرانی نرخەکەیەتی ئەمەش سەرەڕای خو پێوەگرتن (الأدمان) و دەرکەوتنی کاریگەری لاوەکی (اعراض جانبیة) ماددەکانی گیراوەی شتنەکە.

## دووەم: چارەسەرکردنی پێغەمبەرانەی نەخۆشیەکە:

بلیمەتی چارەسەریە پێغەمبەرانەکەی نەخۆشیەکە لەکاریگەری خۆپاراستن و چارەسەری نەخۆشیەکەدا و هەروەها لەئاسان بەکارهێنان و ئاسان دووبارە کردنەوەیدا دەردەکەوێت.

لەوەش گرنگتر بێ زۆر لەخۆکردن و بگرە گەر بەنیەتەوە ئەنجام بدرێت ئەوا پاداشتیشی لەسەر وەردەگیرێت.

ئەو فەرمودەیەش کەچارەسەرەکەی تێداهاتووە پێنج فەرموودە وانەکە (محدث)، (ئیبن ماجە، نەسائی، ئەحمەد، تیرمزی و ئیبن داود) گێڕاویانەتەوە، پێشەوا تیرمزی بەڕاستی داناوە و وتویە فەرمودەیەکی ( حسن صحیح)ە.

(عن عاصم بن لقيط بن صبرة عن أبيه لقيط بن صبرة قال : قلت يا رسول الله أخبرني عن الوضوء قال: اسْبِغْ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الاصابعِ وَبالِغْ فِي الاِستنشاق إلاَّ أَنْ تَكُونَ صائِما).

أسبغ الوضوء: واتە ئەوشوێنانەی لەدەسنوێژدا دەشۆرێن، دەبێت باش بشۆرێن، هەرئەندامێك بەتەواوی و دروستی (لەچەندێتی و چۆنیەتیدا) بشۆرێت و هیچ کام لەفەرز و سونەتەکانی دەستنوێژ بەجێ نەهێڵرێت.

وخلِّل بين الأصابع: (التخليل):واتە جیاکردنەوەو شتنی پەنجەکانی دەست و پێی لەدەستنوێژدا.

### سێ یەم: ڕووی ئیعجازی فەرمودەکە :

ئیعجازی زانستی فەرمودوەکە لە داوای زێدە ڕۆیی کردن لەئاو لە لوت ڕادانی کاتی دەستنوێژدایە.

لەگەڵ فەرمان کردنی بە (اسباغ) واتە تەواو گەیاندنی ئاو بۆ ئەو ئەندامانەی دەبێت لەدەست نوێژدا بشۆرێن، پێغەمبەر (ﷺ) بەتایبەت گرنگی زیاتری بە شتنی لووت داوە.

لەفەرمودەکەدا لە وتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) : (وبالغ في الاستنشاق) وە تێدەگەین: کاتیی ئاو لەلووت ڕادان لەدەستنوێژدا، دەبێت ئاوەکە بگاتە ناوەوەی لووت بگرە دەبێت بشگاتە گەروو چونکە لەکۆتا بەشی فەرمودەکەدا (إلأ أن تكون صائما) تێدەگەین کە ڕەنگە ئاو لە لووت ڕادانەکە مەترسی بۆ سەر ڕۆژو دروست بکات، چونکە دەفەرموێت مەگەر بەڕۆژو بیت (إلأ أن تكون صائما) دەنا زێدەڕۆیی لەئاو لە لووت ڕاداندا بکە ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئاوە هەڵمژراوەکە ڕەنگە بگاتە گەروو .

پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی زیاتری بەشتنی لووت داوە و لەبەر ئەوەی وتەکانی کۆکەرەوەی واتاکانن، وشەیەکی هەڵبژاردوە کە هەموو ڕەگەزە پێویستیەکانی شتن لەخۆ دەگەرێت، چونکە زێدەڕۆیی کردن (مبالغة) زۆرییە لە چەندێتی و چۆنیەتیدا .

زێدەڕۆیی کردنی چەندێتی، زۆری ژمارەی شتنەکان دەگەیەنێت، واتە ئەو بەردەوامیەی کە لەمەرجەکانی شتنی کاریگەردا ئاماژەی پێکرا .

بەڵام زێدەڕۆیی کردنی چۆنیەتی، زێدەڕۆیی لە گەیاندنی ئاو بۆناو قولآیی بۆشایی لووت هەتا دەگاتە گەروو دەگەیەنێت ئەمە جگە لەکاتی ڕۆژودا .

ئینجا ووشەی (المبالغة) بۆ خۆی سەرنج ڕاکێشە .

چ نهێنیەکی تێدا بێت کە پەیامبەرێکی میانگیر و نێوەندرۆ (الوسطية والاعتدال) داوای زێدەڕۆیی بکات ؟!!

خۆ فرمانەکانی ئایین هەمووی لەسەر نێوەندگیری و پڕ بەپێستی بنیادنراون، لەخواردندا (كلوا واشربوا ولا تسرفوا)، لەبەخشیندا (ولا تجعل يدك مغلولة الى عنقك ولا تبسطها كل البسط)، هەتا لەپەرستنیشدا (ألا أني أصوم وأفطر وأقوم وانام وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني) کەواتە بۆ دەبێت پەیامبەری لە گوناه پارێزراو (درووود وئاشتی خوای لەسەر بێت) کە لە ئارەزووەوە نائاخافێ، داوای زێدەڕۆیی لەو کارەدا بکات ؟!

بێگومان دەبێت هۆکارێکی گرنگ و داناییەکی زۆری لە پشتەوە بێت، ئەوەش بریتیە لەپێویستی بەردەوام و نەپچڕاوی ئێمەی مرۆڤ بە ئاو ڕادان لە لووتمان، بەو مەرجانەی باسکران، هەر بۆیەش سەرچاوە زانستیەکان زۆر پێدادەگرن لەسەری و نەکردنی ئەو کارەش، وێڕای چەند هۆکارێکی تر، هۆکاری بەرچاوی تووشبونە بەهەو کردنی گیرفانە هاوسێکانی لووت، لەکۆتایدا دوای گەیشتنە ئەو ڕاستیانە باوەڕمان پتەوتر دەبێت کە ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى* إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾النجم:٣-٤.

کەواتە ماوەتەوە بڵێین :

زۆر ئاو لە لووتتان ڕادەن وەك خۆپاراستن .

زۆر ئاو لە لووت ڕادان وەك چارەسەر.

لەوانەش گرنگتر زۆر ئاو لە لووتتان ڕادەن وەك سوننەت و بەشوێندارۆیشتنی پێغەمبەر (ﷺ) .

**سەرچاوە:**

**١-گۆڤاری ئیعجازی زانستی — ژمارە (٢٣) موحەڕەمی (١٤٢٧) کۆچی .**



# با لە خۆراكمان رامێنین

ن. عبدالمجيد زندانی
و. ساڤیار خالد

**تەنها بەناوی كردگاری جوانكاری بونەوەر**

**پ/** بۆچی خوای گەورە لەم ئایەتەدا ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ﴾ عبس/٢٤ فەرمانمان پێ دەكات كەبیر لە خواردنەكەمان بكەینەوە؟

**و/** خوای گەورە فەرمانی پێ كردووین بیر لە هەموو شتێك بكەینەوە، بەڵام لەم ئایەتەدا لە خواردنەكەمان، چونكە بەو بیركردنەوەیە هەندێ لە سیفاتەكانی پەروەردگار دەزانین.

**پ/** ئەو سیفاتانەی خوای گەورە كامانەن كە بەهۆی بیركردنەوەوە لە خواردن دەیزانین؟

**و/ ١- سیفەتی ڕۆزی بەخش** (الرزاق) : خوای گەورە ئەو زاتەیە كە ڕۆزی دەبەخشێت بە مرۆڤ لە سكی دایكیدا، كە نە دایك و نە باوك و نە دەوڵەت و نە گەل نە هیچ كەسێك لە سكی دایكیدا ناتوانێت ڕۆزی ئەو كۆرپەیە بدات، بەڵام خوای ڕۆزی بەخش بۆری خۆراك (ناوكە پەتك) لە ناوكی كۆرپەلەكەوە بۆ لاشەی دایك بۆ ماوەی نۆ مانگ درێژ دەكاتەوە هەتا خۆراكی پیا بڕوات.

كاتێك لە سكی دایكیدا دێتە دەرەوە و ناوكەپەتكی خۆراكی دەبڕێت، خوای گەورە ڕێگایەكی تر بۆ خۆراك وەرگرتنی دەكاتەوە كە ئەویش (دەم و سورێنچك و گەدە و ڕیخۆڵە)یە.

ئایا دایكت كۆتایی بە بۆری خۆراكی ناوك هێناو دەمی بۆ كردیتە ڕێگای خواردن و كۆئەندامی هەرسی بۆ پێكهێنایت ؟ یان باوكت ئەوەی كرد؟ یان دەوڵەت و گەل بەشداریان لەوەدا كرد؟

پاش ئەوەی لە سكی دایكت دەرچویت لەكاتێكدا توانای خواردنی بەروبومی ڕووەك و گۆشت و نانت نیە، وڕێگای پەتی ناوكیشت بڕاوە، ئایا خوای ڕۆزی بەخش بە بێ ڕۆزی وازت لێدێنێت؟ بێگومان وازت لێ ناهێنێت، بەڵكو سەرچاوەیەكی خۆراكی نوێت لە مەمكی دایكت بۆ دەكاتەوە، كە پێش لەدایكبوونت بەتاڵبووە لە شیر، خوای ڕۆزی بەخش ڕێنمایی كردیت كە مەمكی دایكت بمژێت بۆئەوەی هەرچی شیری تێدایە دەری بێنیت، لەكاتێكدا تۆ هیچ شتێك نازانیت، ئایا هیچ یەكێك یارمەتی دروستكردنی خواردنی تۆی دا لە مەمكی دایكتدا؟

بەڵام ئەمە هەتا كەی بەردەوام دەبێت، تا كەی دەبێت پشت بە دایكت ببەستیت؟ بێگومان خوشك و برای ترت دێن ئەوانیش مەمكی دایكتیان دەوێت، پێویستە تۆ دووركەویتەوە لە دایكت تا براكەی ترت بێت. كەواتە پێویستە سەرچاوەیەكی تازە پێك بێت، بۆیە پاشان ددانەكانی بۆ ڕواندیت (كەڵبە، بڕەر، خرێ، هاڕەر).

هەروەها لیکی تەڕو لینجی بۆ پێکهێنـای، هـەتا چـونە خوارەوەی خواردنەکەت ئاسان بکات لە بـەروبووم و گۆشت و نان و...هتد.

هەر ئەو خـوا ڕۆزی بەخشـەیە کـە بـۆ خۆراکەکـەت خاکی بەپیتی ڕەخساند بۆ کشتوکاڵ. ئـاوی ڕەخسـاند کە ڕووەك بۆ دروستکردنی خۆراکی تـۆ پێویسـتیەتی، هەوای بەدیهێنا کە ڕووەك بۆ دروستکردنی خـۆراکی تۆ پێویسـتیەتی، خـۆری بـەدیهێنا کـە دیسـان ڕووەك پێویستیەتی بۆ دروستکردنی خۆراك، پاشان بەروبوومی لەو ڕووەکانە دروست کرد، ئەوانەی کە بچوکن لـە گوڵدا کۆی کردنەوە وەك گەنم وجـۆ، ئەوانـەش کـە گەورەن یان مام ناوەندین لەداردا وەك ترێ و، جۆری جیـاوازی تـری وەك پرتـەقاڵ سـێو، گێـزەر، پەتاتـە، تەماتە... هتد پێکهێناوە.

**٢- سـیفەتی زانـایی (العلـیم)**: ئـەو زاتـەی کـە خۆراکی گەیاندە تۆ، لە کاتێکـدا لـە سـکی دایکتـدا بوویت، زانا بوو بەوەی کە تـۆ پێویسـتت بـە خـۆراك هەیە، بۆیە لەرێگەی پەتی ناوکـەوە خواردنەکـەی پـێ گەیاندیت، کاتێك لە سـکی دایکـت هاتیتـە دەرەوە، دەیزانی کـە دەردەچـیت بۆیـە لـە مـەمکی دایکتـەوە خواردنی گەیاندە تۆ، وە زانا بوو کە ڕووەك پێویسـتی بە ڕەگ هەیە، بۆیە ریشاڵی بـۆ دروسـت کـرد هـەتا خۆراك بەهۆی ئەو ڕەگەوە بمژێت، پاشان زانا بوو کـە ڕووەك پێویستی بە سەوزە پلاسـتیدە لـە گەڵاکانیـدا، هەتا بەهۆی تیشکی خۆرەوە خۆراکەکە پێك بێنێت.

**٣- سیفەتی دانایی (الحکیم)**: کاتێك سەیری پەتی ناوك دەکەین چۆن لەگـەڵ گەشـەی کۆرپـەدا گەشـە دەکـات و، بـە منـداڵ ودایکەکــەوە ئــەو پەتــە بەستراوەتەوە، داناییت بۆ دەردەکەوێت هەروەها ئەگەر سەیری شیری دایك بکەیت چۆن لەگـەڵ گەشـەی منداڵەکەدا ڕێژەی خەستی شـیرەکە و سـیفاتەکانی بـەپێی تەمەنەکـەی دەگۆڕێـت، وە ئەگـەر سـەیری پێکهــــاتنی بەشـــــەکانی ڕووەك و دەرهــــاتنی بەروبوومەکـەی بکـەیت هـەموو ئەوانـە بەڵگـەت دەدەنێ کە ئەم کارە لەخوایەکی داناوەیە.

**٤- سیفەتی بەبەزەیی (الرحیم)**: ئەگەر زانیت کۆرپەلە لە سکی دایکیدا بێدەسەڵاتە لە ڕۆزیـدانی خۆیـدا، وە منداڵـە شـیرەخۆرەکە بێدەسـەڵاتە لـە ڕۆزی خۆیدا، وە ئەگەر زانیت مرۆڤ دەستەوەستانە لە دروست کردنـی تـۆوی ڕووەك و بەروبوومـدا هەروەها لە دروسـتکردنی بـاران و هـەوادا، گـەر هەموو ئەوانەت زانی وەزانیت چۆن خوای گـەورە بەندەکەی ڕزگـارکرد بەدروسـت کردنـی خـۆراك لەسکی دایك و ڕووەکـدا، ئـەو کاتـە دەزانیـت و بۆت دەردەکەوێت کەئەمە کاری بەبەزەییە.

**٥- سیفەتی بەخشـندەیی (الکـریم)**: ئەگـەر مرۆڤێك ئەرکی بـەخێوکردنی (١٠) کەسـی بـەبێ بەرامبەر و داوای پاداشت گرتە ئەستۆ ، ئەو کەسە بە بەخشندە ناودەبرێت، ئەی چی دەڵێن بەو زاتەی کە ڕۆزی هەموو ئادەمیزادەکان دەدات، نەك هـەر ئادەمیزاد بەڵکو هەموو گیانـداران و زینـدەوەران، بێ گومان گشت ئەمانە شایەتی دەدەن ئەم کارە لە پیشەی بەخشندەیە.

**٦- سـیفەتی ڕێنمـایی دەر (الهـادي)**: ئەگـەر تێبینــی مــەمکی دایــك بکــەیت کــە لــەدوای لەدایکبوون پڕبووە لە شیر، کێ ڕێنمایی کـرد بـۆ ئەو کارە؟ کێ ڕێنمایی منداڵەکەی کـرد مەمکەکـە بمژێ؟ ئەگەر تۆوی ڕووەکێك ببینیـت لـە زەویـدا

چۆن قەدی ڕووەکەکە دەچێتە سەرەوە و ڕەگەکەشی دەچێتە خوارەوە؟ خۆ ئەگەر بە هەڵگەڕاوەیش تۆوەکە دابنرێت قەد و ڕەگ هەرگیز ڕێگای خۆیان لێ تێك ناچێت، یان گەڵاکان چۆن بە سیستمێکی ئەندازەیی ڕێکخراون، بە جۆرێك کە هەموویان تیشکی خۆریان بەربکەوێت و هیچیان نەبنە بەربەست لەبەردەم ئەوی تریاندا، ئایا کێ ڕێنمایی گشت گەڵاکانی بۆ شوێنی ڕاستی خۆیان کرد؟؟ بێگومان ئەمانە پێت دەڵێن ئەمە کاری ڕێنمایی دەرە، (پاك و بێگەردی بۆ ئەو).



**٧- سیفەتی ژیان بەخش** (المحيي): (زیندووکەرەوە) خاك و ئاووهەوا و ڕووناکی ماددەی مردوون، گەشە ناکەن، هەناسە نادەن، کاتێك دەبینین لەو ماددە مردووانە ڕووەك و درەخت پێکدێن کە گەشە دەکەن، هەناسە دەدەن، دەجوڵێن، بەروبووم پێکدێنن. بۆمان دەردەکەوێت کە ژیان بەخش و زیندووکەرەوە خوای پەروەردگارە.

**٨- سیفەتی (وێنە بەخش)** (المصور): پارچەیەك قوڕ دەبێتە درەختێکی بەردار، گوڵی جۆراوجۆر، گەر ڕوانیمانە خاك چۆن کرایە ڕووەکی شێوە و ڕەنگ و بەری جیاواز بە جۆرێك هەر درەختە بە وێنەیەکی تایبەتی لە قەد و پەل و گەڵا و گوڵ و بەروبووم نەخشێنرا، ئایا کێ خاك و ئاو و هەواو تیشکی خۆری کردە باخچەی جوانی دڵڕفێن لە جوانترین وێنەدا؟!

**پ/** ئایا سوودی زانینی ئێمە بە هەندێ لە سیفاتەکانی پەروەردگار چی یە؟

**و/** گەر سیفاتەکانمان زانی سیفات کراوەکە دەناسین، گەر زانیمان ئەوەی خۆراکی دروست کردووە (ڕۆزی بەخشە، دانایە، شارەزایە، زانایە، بەبەزەییە، بەخشندەیە، ڕێنمایی دەرە، ژیان بەخشە، وێنە بەخشە.

ئەوکاتە دەزانین و دڵنیا دەبین کە تەنها پەروەردگار خاوەنی ئەو سیفاتانەیە. چونکە سروشت کە بێباوەڕان بانگەشەی بۆ دەکەن بەوەی کە ڕووەك و شتەکانی تری درووست کردووە بەو سیفاتانە وەسف ناکرێت.

سروشت ڕێکخستن و ویستی نیە تا بڵێن ویستی بووە ڕۆزی ڕێکبخات.سروشت دانایی و شارەزایی و زانست و بەزەیی و بەخشندەیی نیە چونکە خاوەن ژیان نی یە. وە ڕێنمایی و ژیانی نیە تا ژیان بە شتەکانی تر ببەخشێت. ئاشکراشە ئەوەی بۆ سروشت هەڵبەستراوە، پێشتر بۆ هەموو بتێکی تر لە کۆن و تازەدا وتراوە، بێ گومان سروشتیش جگە لە کۆکردنەوەی بتەکانی زوو چی تر نیە، چونکە لە زوودا خۆر، مانگ، شاخ، دار، بەرد، ...تاد دەپەرسترا، لە سەدەی نوێشدا هەموو بتەکانی زوو کۆکرایەوەو بتێکی گەورەی لێ دروست کراو ناوی نرا سروشت!!؟





زۆر لە نەخۆشەکانتان

# مەکەن بۆ خواردن و خواردنەوە



نوسینی: د.ئەحمەد محەمەد

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە ، کەئیمەی ئیماندار ، هێندەی یەك ئەلیکترۆن بەرامبەر نێردراویی موحەممەد (ﷺ) گومانمان لەدڵدا نییە ، چونکە لە ڕوکنەکانی باوەڕ هێنان ، دوای خودای بەرزو بێ هاوتا، باوەڕ هێنانە بەپێغەمبەریتی موحەممەد (ﷺ).

بەڵام دەرخستن و هێنانەوەی بەڵگەکان — سەرەڕای پتەوترکردنی باوەڕی باوەڕداران — بۆ ڕێنوێنی کردن ونەهێشتنی بەهانەی بێ باوەڕانە .

دیارە مەبەستیش لە دۆزینەوەو دەرخستنی لایەن و ڕووەکانی ئیعجازی ئایەتێك یان فەرموودەیەك تەنها ئەو ئامانجانەی سەرەوەیە .

ئەگەرنا نەئایەتەکانی خودای بەرزو بەخشندەو نەفەرموودە پیرۆزەکانی نێردراوەکەشی (ﷺ) پێویستیان بەگەواهی و بەڕاست زانینی ئێمە هەیە .

بەڵکو ئەوە ئێمەی مرۆڤین کەبۆ سەرفرازی هەردوو جیهان



ئاتاجی ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەریی ئەوانین .

ئنجا دەرخستنی ئیعجازی زانستی ئایەت و فەرمودەکان، وێڕای ئەو ئامانجانەی باسکران ، بەڵگەی هاتنی ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە لەسەرچاوەیەکی دەست ڕۆیشتوو زانا بەهەموو کات و سەردەمێك ، نیشانەی خودایی ئایەت و فەرموودە بەرزەکانە .

بەڵگەی ئەوەش فەرمانکردنی پێغەمبەرە (ﷺ) بەکارێك کەلە ڕووکەشدا کارێکی پێچەوانەیەو هەتا ئێستەش زۆرینەی خەڵك بەپزیشکەکانیشەوە ، بیریان بەلای پێچەوانەی فەرمانەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) دەچێت ، کەلە فەرموودەکەدا هاتووە .

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە ، ئەگەر پشتگیری و ڕێنوێنی خوای بالادەست نەبێت ، ئەوا ئەویش (ﷺ) وەك هەر مرۆڤێکی دی بیری بۆلای پێچەوانەکەی دەچوو .

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرمووێت :-

﴿ لا تكرهوا مرضاكم على الطعام والشراب ، فان الله يطعمهم ويسقهم ﴾ ( رواه ابن ماجه والحاكم وصصحه الألباني ) واتە : ( زۆر لە نەخۆشەکانتان مەکەن بۆ خواردن و خواردنەوە ، خوای گەورە خواردن و خواردنەوەیان دەداتێ ) ، ئەمەش بەو واتایە نایەت کەخواردن نەدەین بەنەخۆش ، بەڵکو دەبێت بەئارەزووی خۆیان خواردن بخۆن و نابێت بەزۆر خواردنیان پێبدرێت ، ئنجا بابزانین بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێمان دەڵێت زۆر لەنەخۆش مەکەن تابخۆن؟!

لــە ٢٦ / ئۆكتۆبــەری / ٢٠٠٦ ی زایینیــدا گرووپێــك لێكۆڵــەری زانســتی بەســەرۆكایەتی ( Ward plunet) وارد پلۆنێــت ، لــە زانكــۆی ( British Colombia) بــریتیش كۆڵۆمبیا ، لەكەنەدا دوای چــەندین مــانگ تاقیكرنــەوەو توێژینەوە ، ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەكی زانستیان لەگۆڤاری ( New Scientist ) دا بڵاوكردەوە .

توێژینەوەكــە بریتــی بوولــە هێنــانی چــەندین جــرج و برینداركردنی دڕكەپەتكیان ( الحبل الشـوكی ) و پاشـان جیاكردنەوەیان بۆ دوو كۆمەڵە ، كۆمەڵەی یەكـەم تـەنها ڕۆژ نارۆژێك خواردنیان دەدرایە ، بەڵام كۆمەڵەی دووەم كـەی بیـان ویسـتایە دەیـان خـوارد، چـونكە بـەردەوام خواردنیان لەلاهەبوو .

لە دوای دوو مانگ چاودێری كردن ، توێژەرەوان بۆیـان دەركەوت ئەو جرجانەی ڕۆژنارۆژێك خواردن وەردەگرن ، زووتر چاك دەبنەوەو باشتر دەتوانن كرداری سەركەوتن بەسەر قادرمەدا ئەنجام بدەن ، بەبەراورد لەگـەڵ ئەوانـەی ڕۆژانەو بەردەوام خواردن دەخۆن .

هەروەها دوای پشـكنینی برینـی دڕكەپـەتكی جرجـەكان، ئەوە ئاشكرا بوو كـەبرینی ئـەو جرجانـەی ڕۆژ نارۆژێـك خواردن دەخۆن بە ( ٥٠٪ ) لەبرینی هاوتـا بخۆرەكانیـان بچـوكترەو خانـەكانیان كـۆپی وەرگـری ئـەو مـاددە كیمیاویانەیان زیاتر تێدایە ، كەیارمەتی گەشەی دەمارەكان دەدەن .

هۆی زووتر چـاك بوونەوەكـەش بـۆ كپكردنـی سیسـتمی بـەرگری لـەش دەگەڕێتـەوە ، كـەوا دەكـات بـەرگری خانەكان كەمتر بگەنە شوێنی برینداریيەكـە، چـونكە ئـەو بەرگرییــە خانانــە هەنــدێك جــار شــوێنی برینداریيەكــە بەشێوەیەك دادەپۆشن كەدەبنــە ڕێگــر لەبــەردەم دووبـارە بوژانەوەی دەمارە زیان خواردووەكاندا.

هەروەك وارد پلۆنێتی سەرۆكی تیمەكە وتی :- سـنوردار كردنـی وەرگرتنـی گەرمۆكـە ( ووزە ) وا لەخانـەكانی دڕكەپـەتك دەكـات كەهەسـتیارتربن بەرانبـەر ئـەو پرۆتینانەی هانی گەشە دەدەن .

دوای زانینی ئەنجامی توێژینەوەكـە ( Michael Fehling ) میشێل فیهلینگ ، نەشتەرگەری مێشك ودەمارەكان لە پـەیمانگای توێژینــەوەی ( Toronto Wister ) تۆرنتـۆ ویستێر لەكەنەدا ووتی:- ئەم دۆزینەوەیـە بـەرەنگاری ئەو پرۆتۆكۆلە تەقلیدیانە دەبێتەوە كەبۆ كەسە ئێجگار نەخۆش و زامدارەكان دانراون .

هـەروەها پلۆنێـت وتـی:- دۆزینەوەكـە پێچـەوانەی بۆچوونی باوی ئاشكرا كرد، چـونكە كەسـی نـەخۆش بەشێوەیەكی گشتی بۆ زۆر خواردن هـان دەدرێـت تـا خواردنەكە یارمەتی چاك بوونەوەیان بدات .

لەكۆتاییــدا ئــەنجامی توێژینەوەكــەی وارد پلۆنێــت و هاوكارەكــانی ڕاســتیەكی گــەورەی ئاشــكرا كــرد، ئەویش:-

دەرخستنی ئیعجازێكی زانستی گەورەی فەرموودەیەكی پێغەمبەرە (ﷺ) كەدەفەرموێت :- ﴿ بەزۆر خـواردن مــەدەن بەنەخۆشــەكانتان ﴾ دیــارە ئەمــەش دووپـات كردنــەوەی نێردراویــی موحەممــەدە (ﷺ) لەلایــەن پــەروەردگاری بــێ هاوتــاوە ﴿وَمَــا يَنطِــقُ عَــنِ الْهَوَى﴾النجم٣

د. عبدالجواد الصاوي

# فەرموودەی سێ یەك
# لە خواردندا و ئیعجارزی زانستی





وەرگێرانی بەدەستكارییەوە : د.ئەفرام محمد حسن
پسپۆری تەندروستی دەروونی

پێغەمبەری ئازیز لە فەرمودەیەكدا كە ترمزی دەیگێڕێتەوە لە مقدامی كوری معدی دەفەرمووێ ﴿ تاك هیچ كاسەیەكی (دەفرێكی) پڕ نەكردووە خراپتربێ لە گەدەی، بەسە بۆ تاك چەند پارویەك بخوات پتەوی جەستەی ڕاگرێ، گەر زاڵ نەبوو بەسەر خۆیدا یان دەبوو زۆرتر بخوات با سێیەكی بۆ خواردن وسێیەكی بۆ خواردنەوە و ئەوی تر بۆ هەناسەی.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (د.خ) ئاماژە بەگەلێ ڕاستی زانستی دەكات و سنووری كەمترین و زۆرترین بڕی خواردن دیاری دەكات و بڕی زۆرترین بە دووسێ گەدە دیاری دەكات و پێویستە سێیەكی بەبەتاڵی بمێنێتەوە بۆ هەناسەدان.

بێگومان ئەم سێیەكە هەڕەمەكی باس نەكراوە بەڵكو فەلسەفەیەكی بەرزی تێدایە كەلەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەدروەوشێتەوەو زانستی هاوچەرخ پاڵپشتی دەكات.

گەر یەكێ بپرسێ بۆچی ئەم دابەشكردنە بە سێ یەك ؟

بڕی سێیەك چەندە ؟

چی ڕوودەدات گەر سنوری سێیەكی بەزاند و پەیڕەوی ئەم ڕێنمایی یەی نەكرد؟

لە دووتوێی ئەم ووتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدرێتەوە لە ژێر ڕۆشنایی زانستی هاوچەرخ و زانستی توێكاری وفرمانی ئەندامەكان.

## یەكەم: ڕاڤەی فەرموودەكە:

سەبارەت بە زیانی پڕكردنی گەدە ئبن وئەلقەیم لە ( طب النبوي)دا دەڵێ چەند پارووی‌ەك كە پتەوی ڕاگرن، پتەوی نەروخێ و لاوازنەبێ و ئەم سنوورە نەبڕێ. ئەمە بەسوودترە بۆ جەستەو دڵ چونكە گەر گەدەپڕبێت لە خواردن شوێنی خواردنەوە تەسك دەبێ گەر خواردنەوەی بكات بەسەردا شوێنی هەناسە تەسك دەبێ و دەبێتە هۆی ماندوێتی و شەكەتی وەكو یەكێك وایە بارێكی قورس هەڵگری ئەمە سەرەرای زیانی بۆ دڵ و تەمەڵی پەلەكان لە جێ بەجێ كردنی فرمانەكانی خوا.

قورتبی لە ( ڕاڤەی ناوەكاندا) دەڵێ گەر ئەبی قراط ئەمەی ببیستایە زۆر سەرسام دەبوو بەم فەلسەفەیە. ئیمامی غەزالیش لە (احیاء) دەڵێ، وتەیەكم نەبیستووە سەبارەت بە كەم خۆری لەم وتەیە پتەوتربێت.

## دووەم : پێكهاتەو فرمانی گەدە:

گەدە بەشێكی كشاوی كۆئەندامی هەرسە كە سورێنچك بە ڕیخۆڵە بچوكە دەگەیەنێت و دەكەوێتە چارەكی سەرەوەی لای چەپی سك.

لە پێشەوە: بەشی چەپی جگەرو دیواری سك.

لە پشتەوە : پەنكریاس، سپڵ، گورچیلەی چەپ و ڕژێنی سەرگورچیلە.

لە سەرەوە: ناوپەنچك، سورێنچك، بەشی چەپی جگەر.

لە خوارەوە: ڕێكە كۆلۆن، ڕیخۆلە باریكە.



لە خوارەوە لای چەپ: سپل و ناوپەنچك.

لە خوارەوە لای راست: جگەر، دوانزە گرێ.

گەدە لە رێی دوو دەرچەوە بە سورێنچك و ریخۆلە باریکەوە دەبەسترێتەوە کە رێگرە لەبەردەم گەڕاندنەوەی خواردن لەیەکەمدا بۆ سورێنچك و لە دووەمدا بۆ گەدە.

### گەدە دەبێ بە سێ بەشەوە

١ – فەندەس(Fundus) بەشی سەرەوەی گەدە.

٢ – لاشەی گەدە.

٣ – ئەنترەم (Antrum)بەشی خوارەوەی گەدە

گەدە بەماسولکەی سێ چینی دەورە دراوە دیوی دەرەوەی ماسولکەی درێژ و دیوی ناوەند ماسولکەی بازنەیی و دیوی ناوەوە ماسولکەی لار کە ئەم سێ چینە هاندەرە بۆ جولە بە سەرجەم بارەکانداو گەدە ڕۆژانە نزیکەی ٢ لیتر گیراوە دەردەدات.

قەبارەی گەدە دەگۆرێ بە پێی ئەو برە خواردنەی کە تێیدایە بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی ١,٥ لیتر دەبێت. بەتاڵی بەشی سەرەروەی گەدە ( فەندەس ) زۆر گرنگە بۆ هەناسەدان چونکە دەکەوێتە خوار ناوپەنچکەوەو لە کاتی بونی خواردندا فشار دەخاتە سەر ناوپەنچك وکاری هەناسەدان گران دەگات.

فەرموودەکە لەڕووی ئیعجازی زانستیەوە:

١ – زۆرخواردن و خواردنەوە زۆر ترسناکە لەسەر تەندروستی تاك:

ئەم راستیە ١٤ سەدە پێش ئێستا پێغەمبەر ( د.خ) ئاماژەی پێکردووە لە فەرموودەیەکی کورتدا. کە میللەتانی تر تا ڕابردوویەکی نزیك لەو باوەڕەدا بوون کە زۆرخۆری کارێکی باشەو پێشبرکێیان دەکرد لەو پێناوەدا. تشین ( ١٦٧١– ١٧٤٣) پزیشکێکی بەریتانیەو باس لە بیروڕای پرۆتستانت دەکات لەمەڕ زۆرخۆری و دەڵێ ﴿ نازانم لە وولاتانی تر چۆنە، بەلام ئێمەی پرۆتستانت زۆرخۆری بەکارێکی خراپ نازانین و زیانی نیە بۆ جەستە، تەنانەت خەلکی ڕقیان لەو هاورێیانەیان دەبێتەوە کە گەدەیان پرناکەن لەگەل هەموو ژەمێکدا﴾

زیانی زۆرخۆری نەك لای هاوولاتیان بەڵکو لای پزیشکانیش نەدەزانرا هەمان پزیشك دەلێ ﴿ ئەو پزیشکانە نازانن کە بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمەلگەو نەخۆشەکانیان و بەرامبەر بە پەروەردگار، چونکە هانی خەلکی دەدەن کە زۆربخۆن وبخۆنەوە ﴾.

زانایانی ئەورووپا لە سەردەمی رێنسانس لەم مەترسیە بە ئاگاهاتنەوە (لۆدفینك کارنارۆ) ئەم جۆرە هاوولاتیای دەدوێنێ:

ئەی ئیتالیی بێ ئومێد و بەسەزمان! نابینی کە شەهوەت و ئارەزووەکان دەتبات بەرەو مردنی هاوولاتیانت زیاتر لە هەر دەردێکی تر یان هەرشەرێکی کاولکەر، هەر زیادەیەك لەو برەی کەپێویستە بیخۆیت خۆشیەکی کاتیمان دەداتی بەلام لە کۆتادا دەبێ باجەکەی بدەین بە نەخۆشی هەندێ جار تەنانەت بە مردن.

لە کاتێکدا خوای میهرەبان لە سورەتی ﴿الاعراف﴾ ئایەتی (٣١) دەفەرموێ (کلوا و اشربوا ولاتسرفوا) ﴿بخۆن وبخۆنەوە زیادەڕۆیی مەکەن﴾.

٢ – پتەوی جەستەوکەمترین ئاستی خواردن :

پێویستی تاکەکان بە خواردن جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لە هەمان تاکیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەلام برێك هەیە کە هەموو تێیدا هاوبەشن ئەویش ئەو برە جێگیرەیە کە مرۆڤێکی بەکاری دێنێ بۆ پاراستنی چالاکیە بنەڕەتیەکانی وەکو کارکردنی دڵ و کۆئەندامی سوڕان و هەناسەو هەرس و میزو دەمار...... کەنزیکەی ﴿٢٠٠٠



کیلۆکالۆری ) دەبێت بەپێی کاری تاکەکە پێویستی زیاد دەکات بۆ نمونە ئەوانەی لە بواری فکریدا کاردەکەن (توێژینەوە دەکەن) (٥٠٠کیلۆکالۆری) ئەوانەی کاری گران(قورس)دەکەن (٣٥٠٠کیلۆکالۆری) یان پێویستە جگە لە برە جێگرەکە.

لە فەرموودەکەدا (لقمات يقيمن صلبه) مەبەست ئەو چەند پاروەیە کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی (٢٠٠٠ کیلۆکالۆری).

### ٣- دووسێی گەدە زۆرترین بری ڕێپێدراوە:

وەك لە فەرموودەکەدا ﴿ گەر هەر پێویست بوو بخوات ئەوا ئەوە سێیەك بۆ خواردن وسێیەك بۆ خواردنەوە.......) ئەمەش بۆ ئەوانەی کاری قورس دەکەن واتە یەك لیتر خواردن وخواردنەوە ئەمە بۆ حاڵەتێك کە پێویستبێ نەك هەمیشە دووسێی گەدە پربکرێت.

بە پەیرەوکردنی ئەم فەرموودەیە دەتوانین باشترین هاوسەنگی خۆراکی ڕاگرین وخۆمان بپارێزین لە قەڵەوی و ئەو گرفتانەی لە قەڵەوی دەکەوێتەوە.﴿ سەرەڕای گەلێ زیانی تر گرنگترینیان قەڵەویەو ئەو گرفتانەی لە وەکو نەخۆشیەکانی دڵ و بۆریەکانی خوێن و جەڵتەی دڵ و تەسکبوونەوە و داخرانی مولولەکانی خوێن و بەرزبونەوەی پەستانی خوێن ونەخۆشی شەکرەو بەرزبونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ و بەردی زراو دەردی شاهانە﴿

هاوسەنگی خۆراکی تەنها لەسەر بری خواردن بەند نیە بەڵکو پەیوەستە بە جۆری خواردنەوە و پێکهاتەکانی، بۆ نمونە پێویستە خۆراکی دروست ﴿ ٦٠٪ ی کاربۆهیدرات بێت و٢٥٪ ی چەوری و ١٥٪ ی پرۆتین بێت﴿.هەر یەك گرام کاربۆهیدرات




یان پرۆتین ٤,١ کیلۆکالۆری ووزە دەدات و یەك گرام چەوری ٩,٣ کیلۆکالۆری ووزە دەدات. بەم جۆرە دەتوانیت بری پێویستی خۆت لە خواردن دیاری بکەیت.

### ٤- پڕکردنی گەدە لە خواردن کاردەکاتە سەر بەشەکانی تری لەش:




پڕکردنی گەدە دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر ناوپەنچك و بوارنەدان بۆ کشانی سیەکان بەتەواوی کەمبوونەوەی بری هەوای پێویست کە هاتوچۆ دەکات بۆ سییەکان. بۆیە ماسولکەکانی مل وسك دەکەونە گرژبوون بۆ بواردان بە فراوانبوونی بۆشایی سنگ ئەمەش دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر پێکهاتەکانی بۆشایی سك.

سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی کشانی ماسولکەکانی گەدە و دواخستنی کاری هەرس کردن.

### ٥- سێیەکی گەدە قەبارەی هەوای هەناسەدانە:

لەکاتی هەناسەدانی ئاساییدا بری ﴿٥٠٠ س س = ٠,٥ لیتر) هەوا دەچێتە سیەکان ودێتە دەرێ وەك وتمان قەبارەی گەدە ١,٥ لیتر دەبێت سێیەکی واتە ٠,٥ لیتر دەبێت کە ئەو برەیە دەبێت بە بەتاڵی بمێنێتەوە بۆ هەناسەدان.

بێگومان دیاریکردنی ئەو بری سێیەکە هەرواشتێکی هەرەمکی نەبووە، پێغەمبەری خوا(د.خ) لە خۆوە نادوێ بێگومان سروشێکی خوایی لە پشت ئەو وتانەوەیە ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى*إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴿النجم٣-٤




# گرنگی
## کاری
# ڕیخۆڵە کوێرە لەلەشدا

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ* وَطُورِ سِينِينَ* وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ* لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾سورة التين/١-٤

لێرەدا خوای گەورە سوێند دەخوات بە هەردوو درەختی هەنجیرو زەیتون، وە بە شاخی (طور) لە سیناء، وە بەشاری مەککەی پیرۆز. بۆ تەئکید کردنەوە لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش ئەوەیە کە خوای پەروەردگار مرۆڤی بەباشترین و جوانترین شێوە دروستکردووە.

بۆیە ناگونجێت کەم وزیاد یاخود بێهۆدەیی لە دروستکراوەکانی خوای پەروەردگارا هەبێت وەهەموو شتێك لای خوای گەورە بە ئەندازەیە. ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾القمر/٤٩

ئەم پێشەکیەمان نووسی وەکو سەرەتایەك بۆ ئاشکراکردنی دۆزینەوەیەك کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە مێژە لە پێشبرکێی بڵاوکردنەوەی ئەم دۆزینەوەیەدان. کە هەر لە کۆنەوە خەڵکی وایان دەزانی کە ڕیخۆڵە کوێرە ئەندامێکی زیادەیە لەلەشی مرۆڤدا وە هیچ سودێکی نیە بەڵام زاناکان بۆیان دەرکەوت کە سودێکی زۆری هەیە.

گروپێکی پزیشکی ئەمریکی ماوەیەك لەمەوپێش ڕۆڵێکی سەرەکی ڕیخۆڵەکوێرەیان دۆزیەوە کە سەرسامیکردن. ئەویش بەرپرسیاریی تەندروستی لەو ئەندازەیە بەرهەم هێنان و پاراستنی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە بەکتریا کە سودێکی زۆریان بۆ گەدەی مرۆڤ هەیە.

ئەم دۆزینەوەیە کە سەرنجی ئەو گروپە پزیشکیەی زانکۆی دیوکی ئەمریکی ڕاکێشا (Duke university) هەموو ئەو گفتوگۆیانەی یەکلایی کردەوە کە دەربارەی ڕۆڵی ڕیخۆڵەکوێرە دەوترا، دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر لەناوەندە پزیشکیەکاندا باوەڕ وابوو کە ئەو ئەندامە لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤدا خۆی لەدەستداوە و دەتوانرێت بێ هیچ کاردانەوەیەکی خراپ لاببرێت (کە ڕیخۆڵە کوێرە بەڵگەیەك بوو لە بەڵگەکانی بیردۆزی پەرەسەندن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بوو بە بەڵگەیەك لەسەر بوونی ئەندازەگەری لەدروستکراوەکانی خوای گەورەدا، وە بوو بەبەڵگەیەکی گرنگ کە بیردۆزی پەرەسەندن و ڕای ئەوانەشی پوچەڵ کردەوە کە دەڵێت بە ڕێکەوت دروست بووە.

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی گروپەکە ئەنجامیانداو لەگۆڤاری (الطب النظری)دا بلاّویان کردەوە ژمارەی بەکتریاو میکرۆبەکان (البکتریا والجراثیم) کە لەشی مرۆڤ دەیگرێتە خۆی زیاترە لە ژمارەی خانەکان، بەلاّم بەشێکی زۆری ئەم زیندەوەرانی کاری ئیجابی ئەنجام دەدەن لەناو لەشی مرۆڤدا، وە یارمەتی هەرس کردنی خۆراك دەدەن.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە کۆمەڵێ نەخۆشی دیاری کراو، وەکو کۆلێرا یاخود سکچونی توند دەکات کە دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی ڕیخۆڵە لەم بەکتریا بەسوودانە، لەم کاتەدا ڕیخۆڵە کوێرە ڕۆڵی خۆی دەبینێو دەست دەکات بە ئیش کردن بۆ یارمەتیدانی سەرلەنوێ گەشەکردن و پاراستنی ئەو جۆرە میکرۆبانە.

دەمانەوێت لە بێباوەڕان کە شانازی بە بێباوەڕیەوە دەکەن بپرسین کە کێ وا لەخانەکان دەکات کە هەستن بە هەڵگرتنی میکرۆبە بەسودەکان لەناو ئەندامێکی بچوکدا وەکو گەنجینەیەك، لەکاتی ڕوودانی هەرکەمیەیەك لە ژمارەی بەکتریا بەسودەکاندا ڕاستەوخۆ هەستنە بە پڕکردنەوەی ئەو ناتەواویە.

**ئایا دەبێت ئەمە بە ڕێکەوت ڕوویدا بێت ؟!**

ئایا خانەکان پێشوەخت گرنگی ئەم میکرۆبە بەسودانەیان زانیوە لەکاتێکدا کە هەڵدەستن بە هەڵگرتنیان بۆ کاتێك پێویستیان پێی بێت؟

لەڕاستیدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو ڕادە بەرزەی زانست کە پێی گەیشتوە نەیدەزانی سوودی ڕیخۆڵەکوێرە چیە، وە هەروەها سوودی ئەو بەکتریایانە چیە، مەگەر لەم دواییانەدا نەبێت.

یان دەسەڵاتێکی بەرزتر هەیە( دەسەڵاتی خوای گەورە) کە بەڕێوەیان دەبات وە بەرنامە بۆ ئەم خانانە دادەنێت تا بەم کارە گرنگە هەستن. کەواتە




پێویستە کە بیربکەینەوە و سوپاسی ئەو زاتە بکەین، بەملکەچیەوە کڕنوشی بۆ بەرین کە لاشەیەکی تەواو بێکەم و کورتی پێبەخشیوین بگرە بە باشترین شێوە دروستی کردووین.

خوای گەورە دەفەرموێت﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾آلعمران/١٩١






# ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی

## پانی پشتی سەر (عریض القفا)دا

د. دارا گوڵ حامد
پسپۆڕی نەخۆشیەکانی چاو

دەقی فەرموودەکە لە صحیحی بوخاریدا :- عن عدي بن حاتم :- قال :- قلت یارسول الله (ﷺ) :- ما الخیط الأبیض من الخیط الأسود ، أهما الخیطان ، قال :- انك لعریض القفا ان أبصرت الخیطین ، ثم قال :- لا بل هو سواد اللیل وبیاض النهار ) رقم الحدیث في سنن أبي داود ٢٠٠٢ .

واتە : لە عەدی کوڕی حاتەمەوە .... (ﷺ)وتی ، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا دەزووی سپی لە دەزووی ڕەش چیە؟ ئایا مەبەست پێیان دەزووی ئاساییە ؟ فەرمووی:- ﴿ ئەگەر ئەو دوو دەزووە ببینیت ئەوا تۆ پشتەسەرت پانە ، ئنجا فەرمووی : نەخێر بەڵکو ئەوان ڕەشی شەوو سپێتی ڕۆژن ﴾ ژمارەی فەرموودەکە لە سوننەنی ئەبی داوددا ( ٢٠٠٢ ) ٥ .

ئەم پرسیارە دوای هاتنە خوارەوەی ئایەتی ( حتی یتبین لکم الخیط الأبیض من الخیط الأسود من الفجر ) لە پێغەمبەر کرا .

### چەند ڕاستیەکی زانستی :-

١) ناوەندی بینین دەکەوێتە توێکڵی پلی پشتەوەی مێشکەوە .

٢) تیژی بینین، بەگۆشەی بەرامبەر تەنی بینراو لەسەر تۆڕەی چاو دەپێورێت .

٣) خانەکانی تۆڕەی چاو کەبەرپرسن لە بینین لەشەوو ڕۆژدا چیلکەیی و قوچەکین ، چیکەییەکان لە بینینی شەو بەرپرسن و تەنها ڕەش و سپی دەبینن ، بەڵام قوچەکییەکان لە بینینی کاتی ڕۆژو ڕەنگەکان بەرپرسن .

### ئێمە چۆن دەبینین ؟

کرداری بینین بەشکانەوەی ڕووناکی سەر تەنێکی بینراو کە وێنەکەی دەکەوێتە سەر تۆڕەی چاو دەست پێ دەکات ، کاتێك خانە چیلکەیی و قوچەکیەکانی تۆڕە هەڵدەستن بەگۆڕینی ئەم وێنەیە لەووزەی ڕووناکییەوە بۆ نیشانەی دەماری، کەئەمانیش بەهۆی دەماری بینینەوە بۆ ( ناوەندی بینین ) لە پلی پشتەوەی مێشکدا دەگوێزرێنەوە ، کە ناوەندی بینینیش جارێکی تر ئەم نیشانە دەمارییانە بۆ وێنە دەگۆڕێت ، و بەم جۆرە وێنەیەکی تەواوو دروستی تەنەبینراوەکەمان بەهەموو وردەکارییەکانیەوە دەست




دەکەوێت .

هەر تۆڕەیەکی چاو ( ١٠٥ ) ملیۆن خانەی چیلکەیی و قوچەکی تێدایە ، کەتەنها ( ٧ ) ملیۆنیان قوچەکین ، وەژمارەی ڕیشاڵە دەمارییەکان ( Nerve Fibers) کەدەماری بینین پێك دەهێنن (١,٢ ) ملیۆنن کەئەمانیش بۆ ناوەندی بینین لەپلی پشتەوەی مێشکدا دەگوێزرێنەوە ، لە کاتێکدا توێکڵی مێشك هەمووی لە ( ٢٠ ) بلیۆن خانە پێك دێت، کەلەسەر ڕووبەری ( ٢ ) مەتر چوارگۆشە بڵاو بوونەتەوە

، کەواتە لەبەرامبەر هەر خانەیەکی قوچەکیدا نزیکەی ( ٢٠ ) خانەی چیلکەیی هەن .

وەناوەندی بینین جگە لەتیژی بینین ، زۆر فەرمانی تری لەئەستۆدایە ، وەك :- دیاری کردنی شێوە و ڕەنگ و دووری و شوێن و ناوی تەنی بینراو ، هەروەها هەماهەنگی کردن لەگەڵ ناوەندەکانی تری مێشك و چەندینی تر .

## ڕووەکانی ئیعجاز لە فەرموودەکەدا :-

یەکەم :- فەرموودەکە دەفەرموێت :- ( انك لعريض القفا )

واتە :- (پشتی سەرت پانە ) ئەمەش :-

أ) پێغەمبەر(ﷺ ) ئاماژە بەبوونی ناوەندی بینین لەبەشی پشتەوەی مێشکدا دەکات ، چونکە (قفا) بەشی پشتەوەی سەر دەگرێتەوەو ئەمەش ئیعجازێکی زۆر گەورەی زانستییە ، هەروەك چۆن لەفەرموودەی تردا ، پێغەمبەر (ﷺ ) ئاماژە بۆ بوونی ناوەندی هەڵسوکەوت لە بەشی پێشەوەی مێشکدا دەکات وەك دەفەرموێت :- (ناصيتي بيدك ) .

ب) پێغەمبەر (ﷺ ) دەفەرموێت :- ( انك لعريض القفا ) و نافەرموێت :- ( انك لكبير القفا ) ، دووبارە لێرەشدا




ئیعجازێکی نوێی زانستی هەیە ئەویش ئاماژەدانە بەپەیوەندی نێوان تیژی بینین و ڕووبەری ناوەندی بینین نەك قەبارە ، هەروەك چۆن لەپێشدا باسکرا ڕووبەر گرنگە نەك قەبارە ، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە گیانەوەری هەشت پەلدا (الأخطبوط ) ( ناوەندی بینین ) نیوەی هەموو ڕووبەری توێکڵی مێشکی داگیر کردووە ، چونکە ئەو گیانەوەرە لە شوێنێکی تەواو تاریکدا ، کەبنی دەریایە ،



دەژی .

دووەم :- فەرموودەکە دەفەرموێت ، هەروەك چۆن لەئایەتی ( ١٨٧) ی سورەتی ( البقرة ) دا هاتووە ﴿ حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود ﴾ واتە تەنها باسی ڕەش و سپی دەکات ونافەرموێت :دەزووی سورو شین یان هەر ڕەنگێگی تر ، چونکە لەشەودا خانە چیلکەییەکان لەبینین بەرپرسن وئەوانیش تەنها بە ڕەش و سپی دەبینن ، ئەمەش ئیعجازێکی تری ئایەت و فەرموودەکەیە .

سێیەم :- لە ڕووکەشی فەرموودەکەدا شتێکی پێچەوانە دەردەکەوێت ( پاکی بۆ خوا ئەگەر وابێت ) ، ئەویش کاتێك عەدی کوڕی حاتەم (رضي الله عنه) پرسیاری بینین لە پێغەمبەر (ﷺ ) دەکات ، بەلام ئەو دەفەرموێت :- (انك لعريض القفا ) بەلام دوای چەندین سەدە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت و ئەوە دەسەلێت کە ( ناوەندی بینین ) لەبەشی پشتەوەی سەردایەو وەلامی فەرموودەکە نەك پێچەوانەی پرسیارەکە نییە ، بەلکو ئیعجازێکی زانستی مەزن و نوێی لە خۆگرتووە .



# سوتاوی لەقورئانی پیرۆزدا


نووسینی: محمود العطيفي
پڕۆفیسۆر لە نەشتەرکاری گشتی و جوانکاری ـ زانکۆی ئەسیوط
وەرگێڕانی: ئامانج کەریم ـ سوید


قورئانی پیرۆز چەندین ئایەتی وەك نیشانەیەك لە نیشانەکانی ڕێنمایی و ڕاستێتی قورئان لە بارەی سووتاوی لەخۆگرتووە، ئەشکرێ بووترێ ئایەتەکان هەندێکیان پەیوەندی یان بە پلەکانی سووتاویەهەیەو هەندێکە بە هۆکارەکانی سووتاوی، هەروەها هەندێکی تریان بالأترین نمونەی فریاگوزاریە سەرەتاییەکانی سووتاوین.

## پلەکانی سووتاوی

لە زۆربەی کاتدا قوولی برینی سووتاوی پشت بە پلەی گەرمی سووتێنەرو کاتی سووتانەکە دەبەستێت. سووتاویش کە لە ئەنجامی ئاگر یان شلە و شتە گەرمەکان پەیدا دەبێت لە سێ شێوەدا دەردەکەوێ، لە سووتاوی پلە یەکدا پێست تەنها سوور دەبێتەوە، لە سووتاوی پلە دوودا پێست زیاتر دەسوتێت و بلّقی پڕ لە ئاو دروست دەبێ بە هۆی تەقینی ئەو بلّقانەشەوە ئاو لە پێست بە فیڕۆ دەچێت و بەردەوام ڕووی دەرەوەی پێست تەڕ دەبێت، لە سووتاوی پلە سێدا برینەکە قوولّترە و پێست ووشك هەلّدەگەڕێ و مێواوی دەردەکەوێ، هەروها هەست و ڕەنگی سروشتی پێست نامێنێ و ڕەنگێکی سپی بێخوێنی مردوو وەردەگرێ، هەندێ جاریش ڕەش هەلّدەگەڕێ.




سووتاویی پلەدوو لەسووتاویی پلە سێ جیاوازە، یەکێك لەجیاکەرەوەکانیان لەسووتانی پلەدوودا موو بە پێستەوە جێگیردەبێت و هەر هەولّدانێك بۆ لێکردنەوەی موو لەپێست ئازارێکی زۆری دەبێ. بەلاّم لە سووتاوی پلەسێدا بەئاسانی و بەبێ ئازار موو لە شوێنی سووتاوییەکە لێ ئەبێتەوە، ئەویش بەهۆی گەیشتنی سووتاوی بەناوچەی مورەگ. ئەم زانیارییەش لە ئایەتێکی پیرۆزی خوای گەورەدا هاتووەکە دەفەرموێت: (كَلاَّ إِنَّهَا لَظَى نَزَّاعَةً لِّلشَّوَى)(المعارج: ١٥، ١٦)

واتە: نەخێر بەویستی تاوانکاران نابێ جەهەننەم گڕو بلێسەکەی کەولەسەری گوناهباران دادەمالێت.

## هۆکارەکانی سووتاوی :

کاتێك سەیری ئەو پەرتووکانە ئەکەین کەلەزانستی پزیشکیدا نووسراون بۆمان دەردەکەوێ هۆکارەکانی سووتان تەنها بریتین لەهۆکاری سرووشتی وهۆکاری کیمیایی. هۆکارە سرووشتییەکان هەتا ئەم کاتەی ئێستاشمان تەنها بریتیە لەو بارگە کارەباییانەی ئەکەونەسەر شتەکان هەروەها تیشکە جۆراو جۆرەکانیش لەخۆئەگرن. لێدانی کارەبایی ئەو سووتانەی لیێ ئەکەوێتەوە کە پێی ئەوترێ سووتانی کارەبایی. پاشان هەردوولای پلەی گەرمی پلەگەرمییە بەرزەکان و نزمەکان ئەبنە مایەی پەیدابوونی سووتاوی. ئەو سووتانەش کەلەئەنجامی پلەگەرمییە بەرزەکان پەیدا ئەبێ ئەکرێ بەسێ بەشەوە:

سووتاوی ئاگر کەهۆکاری زۆربەی زۆری ئەو سووتانانەیە کەدێنەلامان پاشان سووتاوی کولاّوی یان

داماڵراو کەبەهۆی شلەی گەرم یان شلەی کوڵاوەوە پەیدا ئەبێ ڕێژەی ئەم سووتانەش بەزۆری لەنێو مناڵاندا ڕووئەدات پاشان سووتاویی بەرکەوتن بەنموونە وەك ئوتووکردن.

ئەمێنێتەوە هۆکاری کۆتایی کەبریتییە لەو سووتاوییە لەمادده کیمیاییە سووتێنەرەکانی وەك تفت وترشە سووتێنەرەکان و هەندێك لەرەگەزەکانی وەك فۆسفۆر پەیدا ئەبێت. هەرکاتێکیش بە چاوێکی زانایانەو هۆشێکی بیرمەندانەو دڵێکی باوەڕدارەوە پەڕتووکی خوای گەورە ئەخوێنینەوە ئەبینین قورئانی پیرۆز هەموو ئەم هۆکارانەی باسکردووە. ئێستاش باسووتاوییەکان دوابەدوای یەك باسکەین، سووتاوی کارەبایی کەڕێژەی ڕوودانی٢–٣٪یە، لە سوورەتی(الرعد) بەوشەی هەورەگرمەیان برووسکە ئاماژەی بۆکراوە (وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ).(الرعد: ١٣)

واتە: هەورە تریشقە (بە دەنگی گەورەو سامناکی) تەسبیحات و ستایشی (بەدیهێنەری دەکات)و فریشتەکانیش لەترسی ئەو زاتە (سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزارین)، هەروەها (جاری واهەیە) هەورە بروسکە دەنێرێت و دەیماڵێت بەکەسێکدا کەخوا ویستی لەسەرەو ڕۆژی تەواو بووە (جا لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگەو نیشانە بەهێزەدا)ئەوانە هەر لە دەمەدەمێ و مشتومڕدان دەربارەی خوا (دوور لەبنەمای زانستی) لەکاتێکدا ئەو زاتە دەسەڵاتی زۆر بەهێزەو تۆڵەسەندنی(لە خوانەناسان)توندوتیژە.

سووتاوی قورسترین برینەو خراپترین سووتاویش سووتاوی کارەباییە قورئانی پیرۆزیش باسی کردووە.( فَذَرْهُمْ حَتَّى يُلاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي فِيهِ يُصْعَقُونَ* يَوْمَ لا يُغْنِي عَنْهُ كَيْدُهُمْ شَيْئًا وَلا هُمْ يُنصَرُونَ* وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا عَذَابًا دُونَ ذَلِكَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُون)(الطور: ٤٥ ـ ٤٧)

واتە: وازیان لێ بهێنە هەتا بەو ڕۆژە دەگەن کە تیایدا تیادەچن و لاڵ و پاڵ دەکەون* ئەو ڕۆژە ئیتر فێڵ و تەڵەکەیان بەهیچ جۆرێك فریایان ناکەوێت و سەرکەوتوو سەرفراز نابن* بێگومان بۆ ئەوانەی کە ستەمیان کردووە سزای تریش هەیە بێجگە لەوەی کە جارجار بۆیان پێش دێت پێش تیاچوونی یەکجاری، بەڵام زۆربەیان نافامن و نازانن(هەست بەدەستی قەدەر ناکەن لە ڕووداوەکاندا).

بێگومان خوای گەورە بەپلەی جیاواز بەندە بێ گوێکانی، هەرکەس بەپێی ئەو تاوانەی کردوویەتی سزا دەدات. هەروەها قورئان باسی لەسووتان بە پلە گەرمییە نزمەکان کردووە، وشەی(صر) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەمانای سەرمایەکی سووتێنەری بەتین هاتووە. (مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هِذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ وَلَكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) (آل عمران: ١١٧)

واتە: نموونەی ئەو سامانەی کافران لەژیانی دنیادا بۆ دوژمنایەتی کردنی پێغەمبەر ئەیبەخشن وەك بایەکی توندوقایم و زۆر ساردە لەکشتوکاڵی قەومێکی کافرو تاوانباری داوە، بەوەش کشتوکاڵەکەیانی لەناوبردو نەیانتوانی کەڵکی لێوەربگرن، بەمەش خوای گەورە زوڵمی لێ نەکردوون بەڵکو بەهۆی کوفری خۆیانەوە پارە و بەخشینیان بەفیڕۆ چوو.

ئەو ئایەتەش لای هەموو کەس زانراوە کەئەفەرموێ:

(قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلامًا عَلَي إِبْرَاهِيمَ) (الأنبياء: ٦٩)

واتە ئەگەر ئاگرەکە تەنها ساردبووایەتەوە زیانی بەئیبراهیم ئەگەیاند ـ سەلامی خوای گەورەی لێبێ ـ .

ئەوەش کەجێگیرە پلەگەرمییە زۆر نزمەکان ئەبنە هۆی سووتانی ئەو شانانەی بەری ئەکەون، بەڵام ئەم جۆرە سوتاوییە جیاوازە لەگەڵ ئەو سوتاوییەی لەئەنجامی پلەگەرمییە بەرزە جۆراوجۆرەکان پەیدا ئەبێ، ئەو بەشەی بەپلەگەرمییە نزمەکان ئەسووتێ بەشێوەی سرووشتی خۆی ئەمێنێتەوە بەڵام ئەو بەشە ئەمرێ وئەرك وتوانای لەسەر جوڵەو زیاد بوون نامێنێ تایەك لەدوای یەك شانەکان لەبەریەك هەڵ ئەوەشێنێ. ئەمەش بەڕوونی لەسوورەتی( الحاقة) دا هاتووە کاتێك خوای گەورە ئەفەرموێ:(وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ

أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيها صَرْعَى كَأَنَّهمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَة) (الحاقة: ٦، ٧).

واتە: گەلی عاد بەبایەکی توندوقایمی زۆر ساردی سووتێنەر تیاچوون، لاشەکانی قەومی عاد ئەبینی دەرکراو وهاوێژراو لەشێوەی دارخورمای بۆش وبەتاڵ بەملاولادا کەوتوون.

## سووتاوی ئاگر :

پاشان پلە گەرمییە بەرزە جۆراوجۆرەکان، ٩٥٪ ی هۆکارەکانی سووتان پێك ئەهێنن، لەهەموو جۆرەکانیش بلاوتر سووتانی ئاگرە. چەندین ئایەتیش باس لەم جۆرە سووتانە ئەکەن بەلام لەبەر زۆرییان ناتوانین باس لەهەموویان بکەین، بۆیە تەنها هەندێك لەو ئایەتانە ئەهێنینەوە کە بەهۆیانەوە قولی و وردەکاری قورئان روون ئەبێتەوە.

(فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُها النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِين) (البقرة: ٢٤).

واتە: ئەگەر نەتانتوانی وەك سوورەتێکی قورئان بهێنن کەبێگومان ناتوانن ئەوکارەبکەن، ئەوا باوەڕبهێنن وخۆتان لەو ئاگرە بپارێزن کەسووتەمەنییەکەی خەڵکی کافر و بەردەو بۆ کافران ئامادەکراوە.

پاشان هەمان مانا بەشێوەیەکی تر لەسورەتی تەحریمدا هاتووە:

(يَآأَيُّها الَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوآ أَنفُسَكُمْ وَأَهلِيكُمْ نَارًا وَقُودُها النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْها مَلآئِكَةٌ غِلاظٌ شِدادٌ لاَّ يَعْصُونَ اللَّه مَا أَمَرَهمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) (التحريم: ٦).

پلەی توانەوەی بەردەکان لەهەزار پلەی سەدی زیاترە، بوونی مرۆڤیش بەیەکەوە لەگەڵ بەردەکاندا ئاماژە بۆ توندی سزای جەهەننەم ئەکات.

خوای گەورە لەزۆر ئایەتدا سزای سووتان بەتوندترین سزا دائەنێت، ئەمەش قسەی پێشووترمان ئەچەسپێنێ کەسووتان لەهەرە برینە قورسەکانە. هەروەك لەسوورەتی ( آل عمران) دا هاتووە:

(لَقَدْ سَمِعَ اللَّه قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّه فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهمُ الأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) (آل عمران: ١٨١).

هەروەها لەسوورەتی(الأنفال) :

(وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلائِكَة يَضْرِبُونَ وُجُوههمْ وَأَدْبَارَهمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) (الأنفال: ٥٠).

واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر ئەبینی چۆن فریشتەکان لەکاتی مردنی کافراندا لەدەمووچاو وپشتیان ئەدەن و لەڕۆژی دواییشدا بۆ ئاگر رایان ئەکێشن وپێیان ئەڵێن بچێژن ئاگری سووتان.

پاشان چەند جارێك زیاتر لەسوورەتی حەجدا هاتووە:

(ثَانِيَ عِطْفِه لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّه لَه فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَنُذِيقُه يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيق) (الحج: ٩)

(كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْها مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيها وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيق) (الحج: ٢٢)

واتە: هەرکاتێك بیانەوێت لەئاگر بێنە دەرەوە دووبارە بەئاگرەکەدا ئەکرێنەوەو پێیان ئەوترێ بچێژن سزای سووتان.

زانراویشە ئەگەر بتەوێ پارچەیەك ئاسن گەرم بکەیت ئەوە ئەبێت لەبەشی بنەوەی ئاگرەکەدا دابنرێ نەك لەبەشی کڵپە زەردەکەی سەرەوەیدا. ئەمەش لەسوورەتی نیسائدا بەڕوونی هاتووە: (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهمْ نَصِيرًا) (النساء: ١٤٥).

واتە: موناڤقەکان لەشوێنی بنەوەی ئاگردان وکەسیش نییە نەهێڵێت سزای ئاگر بچێژن.

ئەمەش جارێکی تر ئەوە ئەگەیەنێ سزا پلەپلەیەو نیفاقیش لەسیفەتە خراپەکانی تر زیاتر خاوەنەکەی تووشی پلەی بەرزتر لەسزا ئەکات.

ئاشکرایە پێست، لەشی مرۆڤ لەهەر هۆکارێکی دەرەکی، کەلەوانەیە زیان بەمرۆڤ بگەیەنێ، ئەپارێزێ، یەکەم بەشێکیش کەسووتاوی بەرئەکەوێت پێستەو ئەویش پڕە لە هەستە دەمار، بۆیە هەرکاتێك هەستکردن بەو کاریگەرە بەناوەندە دەمارەکان بگات مرۆڤ یەکسەر لەوکاریگەرە دەرەکییە دوور ئەکەوێتەوە، بەڵگەش لەسەرئەوە لەکاتی شرینقە لێداندا هەرکاتێك دەرزی سرنجەکە چووە پێستەوە مرۆڤ هەست بەئازار ئەکات بەلام هەر بەوەندەی سرنجەکە بچێتە چینەکانی ژێر پێست (ماسولکە) هەستکردن بەئازار کەم ئەبێتەوە یان نامێنێت،

لێرەشەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە سزای سووتان لەهەموو سزایەکی تر توندترە، بۆیەی خوای گەورە بەندە کافر و بێباوەڕەکانی پێ سزائەدات. هەروەك خوای گەورە لە سورەتی نیسائدا دەفەرموێ:(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا).

ئەم ئایەتەش دووبارە خراپی وقووڵی برینی سووتان بەئاگری جەهەننەم ئەچەسپێنێ هەروەها ئاشکراشە بۆچی خوای گەورە بەتوانای خۆی پێستەکانیان بۆ تازە ئەکاتەوە تاسزا بچێژن. ئەمەش لەڕاستیدا وێنەکێشانێکی وردە بۆ پلەکانی سووتان. چونکە ئەو پلە سووتاوییەی کار لەبەشی دەرەوەی رووی پێست ئەکات ئەبێتە هۆی دەرخستنی دەمارو بەشە هەستیارەکان بەوەش هەستکردن بەئازار زیادئەکات بەڵام کاتێك ئاگر هەموو چینەکانی پێست ئەگرێتەوە (کەئەمەش ئایەتەکەی پێشەوە بە (النضوج) ناوی بردووە ئەو کاتە هەموو بەشە هەستیارەکان ئەمرن و هەستکردن بەئازار کەم ئەبێتەوە.

مانای ئایەتەکەش هەر ئەمەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی



سووتان پێستە سووتاوەکەیان تازە ئەبێتەوەو ئەگۆڕێت بەپێستێك کەهەستکردنی بەبەردەوامی تێدابێت تاکو کافران سزاو هەستکردن بەئازاریان بەردەوام بێت.

## سووتاوی کولاویی یان داماڵراو

خوای گەورە ئەفەرموێ((وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا) (الكهف: ٢٩)

((هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ) (الحج: ١٩)

مانای ئەم ئایەتە بەکورتی ئەوەیە هەردوو کۆمەڵی باوەڕدارو کافر لەسەر پەروەردگاریان تووشی مشتومڕو دوژمنایەتی ئەبن، گرۆهی کافر پۆشاکیان لەئاگر بۆ ئەبڕدرێت و لەبەریان ئەکرێت لەسەرووشیانەوە ئاوێکی بەکوڵ و زۆرگەرم بەسەریاندا ئەڕژێنرێ.

سووتانی کوڵان یان داماڵین زیاتر تووشی منداڵان ئەبێ لەناوچەکانی (دەموچاو ومل وشان)، ئەوەش کاتێك غەریزەی شت زانینیان وایان لێئەکات هەوڵ بدەن تابزانن چی لەناو ئەو قاپانەدا هەیە کە لەسەر ئاگر دادەنرێن، ئەوەی ناو دەفرەکەش ئەڕژێ بەدەم و چاوو شان ومل وئەو دەستانەیاندا کەبۆ دەفرەکەی درێژئەکەن.

## سووتاوی بەرکەوتن :

ئەم جۆرەی سووتانیش لە سوورەتی تەوبەدا هاتووە کە ئەفەرموێ: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ) (التوبة: ٣٤، ٣٥)

ئەمەش بەکورتی واتە ناوچەوانیان بەئاگری جەهەننەم ئوتوو ئەکرێ، هەرچۆن لەدنیادا بەڕووی فەقیراندا گرژیان ئەکرد بەهەمان شێوە لە ڕۆژی دوایی‌دا ناوچەوانی تێکچوو شێوێنراویان بۆخەڵکی دەرئەکەوێت، لەبەرئەوەی شعووریان بەپێویستی هەژاران نەئەکرد خوارووویان بەئاگر داخ ئەکرێ چونکە خوارووی مرۆڤ لەهەموو بەشەکانی تری لاشەی مرۆڤ زیاتر هەست بەئازار ئەکات، هەروەها لەبەرئەوەی پێویستی هەژار ونەدارەکانیان نەئەدا هەر بۆیە پشتیان ئوتوو ئەکرێ و هەستکردن بەئازاریش لەپشتدا ئاماژەیەکە بۆ قوورسی بەرگری لەخۆکردن لەو ناوچانەی لەشدا خوای گەورەش باشتر ئەزانێت.

**سووتاویی کیمیایی :**

دواترین هۆکار سووتاوی کیمیاییه.

خوای گه‌وره ئه‌فه‌رموێ: (سَرَابِيلُهم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَي وَجُوههمُ النَّارُ) (إبراهيم: ٥٠)

واته: کراسیان له‌قه‌ترانه‌و ئاگریش ده‌موچاویان دائه‌گرێ وداخیان ئه‌کات وئه‌یانسووتێنێ.

لێره‌دا جارێکی تر وردیی ورِه‌وانی قورئان له‌لێکدانه‌وه‌و مانادا ده‌رئه‌که‌وێت ئه‌گه‌ر بزانین که‌قه‌تران مادده‌یه‌کی کیمیاییه له‌کاتی گه‌رمبوونیدا به‌جۆرێك به‌له‌شدا ئه‌لکێ لێکردنه‌وه‌ی زه‌حمه‌ت ئه‌بێ، ئه‌گه‌ر په‌له‌ش له لێکردنه‌وه‌ی بکرێ له‌وانه‌یه ئه‌و کاره له قه‌ترانه گه‌رمه‌که زیاتر زه‌ره‌ر له‌مرۆڤ بدات. وشه‌ی(سرابيل)یش مانای پۆشاکێکی ته‌سك ئه‌به‌خشێ به‌له‌شه‌وه لکابێت.

پاشان ئێستا هه‌ندێك له‌و ئایه‌تانه ئه‌هێنینه‌وه که‌هه‌ندێ له‌جۆره‌کانی سووتاوی به‌وردی وه‌سف ئه‌کات:

(وَلَوْ تَرَي إِذْ وَقِفُوا عَلَي النَّارِ فَقَالُوا يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ وَلا نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ) (الأنعام: ٢٧)

ئه‌م ئایه‌ته لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی ورده بۆنه‌فسی مرۆڤایه‌تی که‌مه‌سه‌له‌ی پاداشت وسزا به‌چاکی ئه‌زانێت به‌ڵام شه‌یتان فریوی ئه‌دا وه هه‌ڵه‌ی بۆ جوان ئه‌کات وئه‌ویش ڕۆئه‌چێ وته‌نها له‌پاش کات به‌سه‌رچوون به‌ئاگا دێته‌وه.

هه‌مان نموونه‌ش له‌دنیادا ڕووئه‌دات کاتێك مرۆڤێکی ئیمان لاواز بڕیارێکی توونده وه‌رئه‌گرێ و خۆی ئه‌سووتێنێ (که حه‌رامه له شه‌رعدا)، پاشان کاتێك هه‌ست به‌ئازاری سووتان ئه‌کات به‌خێرایی به‌ره‌و نزیکترین جێگا ڕائه‌کات به‌ڵکو یه‌کێك بدۆزێته‌وه ئاگره کڵپه گرتووه‌که‌ی بۆ بکوژێنێته‌وه و ڕزگاری بکات، هه‌رچه‌نده ئه‌و ڕاکردنه ئاگره‌که زیاتر خۆش ئه‌کا و مه‌ترسی زیاتر ئه‌بێ وچاره‌سه‌ر کردنیشی قورستر ئه‌بێ.

**سووتانی سییه‌کان وکۆئه‌ندامی هه‌ناسه**

(فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهمْ فِيها زَفِيرٌ وَشَهيقٌ) (هود: ١٠٦)

زفیر: واته هه‌ناسه‌دانه‌وه، شهیق: واته هه‌ناسه وه‌رگرتن.

زانستی تازه ته‌نها نزیکه‌ی بیست ساڵه مه‌ترسی سووتانی سییه‌کانی بۆ ده‌رکه‌وتووه که‌له‌ئه‌نجامی ئاگرکه‌وتنه‌وه له‌شوێنه داخراوه‌کاندا ڕووئه‌دات ئه‌و کاته‌ی مرۆڤ هه‌ڵم و دووکه‌ڵه گه‌رمه‌کان هه‌ڵئه‌مژێ وسییه‌کانی به‌شێوه‌یه‌کی خراپ ئه‌سووتێ له‌وانه‌شه ببێته هۆی مردن هه‌رچه‌ند ئاگره‌که‌ی ده‌وروبه‌ر زۆر گه‌وره و مه‌ترسیداریش نه‌بێت. چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م جۆره سووتانه پێویستی به‌چاودێرییه‌کی وردو ئامێری هه‌ناسه‌دانی ده‌ستکرد هه‌یه هه‌تا حاڵه‌ته‌که چاك ده‌بێته‌وه. له‌ئایه‌ته‌که‌ی پێشه‌وه‌شدا باسی هه‌ناسه‌دانه‌وه و هه‌ناسه‌وه‌رگرتن هاتووه که‌ئاماژه‌یه بۆ سزاو ده‌ربازنه‌بوون له‌سزا ئه‌چه‌سپێنێ، چونکه هه‌رکات مرۆڤ هه‌ناسه‌یه‌کی توند بدات له‌به‌رپێویستی زۆری به‌هه‌وا چاره‌ی نابێ هه‌ر هه‌وایه‌ك له‌ده‌وروبه‌ری هه‌بێ وه‌ری ئه‌گرێته‌وه، جا ئه‌گه‌ر ده‌وروبه‌ری مرۆڤ که‌مه‌ره‌یه‌ك ئاگربێ ئه‌وکاته ناچار ئه‌بێ ئه‌و هه‌ڵم و دووکه‌ڵه گه‌رمانه‌ی ده‌وری هه‌ڵبمژێ، ئه‌م بەزۆر هه‌ناسه‌وه‌رگرتنه‌ش که‌له‌پاش هه‌ناسه‌دانه‌وه دێت ئه‌بێته مایه‌ی ئه‌وه‌ی سییه‌کانی زۆر به‌خراپی بسووتێ.

سووڕی سرووشتی هه‌ناسه‌دان به‌هه‌ناسه وه‌رگرتن ده‌ست پێ‌ئه‌کات و به‌هه‌ناسه دانه‌وه‌ش کۆتایی دێت، به‌ڵام له‌حاڵه‌تی پاڵه په‌ستۆی زۆردا ئه‌و سوڕه پێچه‌وانه ئه‌بێته‌وه بێگومان سووتانیش له‌گرنگترین ئه‌و پاڵه په‌ستۆیانه‌یه.

**ده‌رئه‌نجامه‌کانی سووتاویی**

(وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهمْ نَارُ جَهنَّمَ لا يُقْضَي عَلَيْهمْ فَيَمُوتُوا وَلا يُخَفَّفُ عَنْهم مِّنْ عَذَابِها كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ) (فاطر: ٣٦)

واته: کافران ئاگری دۆزه‌خیان هه‌یه و خوای گه‌وره‌ش فه‌رمان به‌مردنیان ناکات تاگیان بسپێرن وله‌ده‌ست ئاگر بحه‌وێنه‌وه به‌ڵکو بۆ چاوترووکانێکیش سزایان له‌سه‌ر سووك ناکرێ به‌وشێوه‌یه پاداشتی هه‌موو کافرێك ئه‌ده‌ینه‌وه.

سووتانی خراپ به‌شێوه‌یه‌که له‌وانه‌یه ببێته مایه‌ی مردن ئازاره‌که‌شی ئه‌وه‌نده توونده له‌وانه‌یه ببێته مایه‌ی سه‌کته‌ی ده‌ماریی (صدمةعصبية) و ئه‌و که‌سه بکوژێت.

مردنیش به‌سووتان ڕێژه‌یه‌کی به‌رزی هه‌یه، ئه‌و سووتاوییه‌ی زیاتر له‌٤٠٪ ی ڕووی ده‌ره‌وه‌ی له‌ش

ئەگرێتەوە، ئەم ئایەتەی پێشووش لەسوورەتی فاطردا گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

پاشان خوای گەورە ئەفەرموێ: (وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُه فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهمْ فِي جَهنَّمَ خَالِدُونَ تَلْفَحُ وَجُوههمُ النَّارُ وَهمْ فِيها كَالِحُون) (المؤمنون: ١٠٣، ١٠٤).

هەرکەسێکیش سووتاوی خراپ وکاریگەرییەکانی بەدەم و چاوەوە ببینێ لە مانای وشەی (کالحون) تێ ئەگات (لێوەکان ئەشێوێن و ئەلکێن بەچەناگەوە) ئەمەش زۆرجار ئەبینین کاتێك بەئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری چارەسەری ئەم حاڵەتانە ئەکەین، بۆ زانیاریش ئەم حاڵەتە روونادات تەنها بەهۆی سووتانەوە نەبێ.

**فریاکەوتنی سەرەتایی:**

لەکۆنەوە واباوە خەڵکی بۆ کەمکردنەوەی ئازار هەندێك شت بەکارئەهێنن و لەسەر سووتان دای ئەنێن لەوانە زەیت وهێلکە و دەرمانی دان وکیرۆسین هەمووشیان هەڵەن و لەوانەیە زیانیان لێ بکەوێتەوە. زانایانیش تازەهەوڵ ئەدەن کەنەهێڵن خەڵکی ئەو ماددە زیان بەخشانە بەکاربهێنن یان بەلای کەمەوە ئەو ماددانەی هیچ کەڵکێکیان نییە. زانستی تازەش ئامۆژگاری ئەکات بۆ سووك کردنی توندی ئازار باشترین شت لەسەر سووتاوی دابنرێ بریتییە لە ئاوی لەبەر ڕۆیشتوو. ئەمەش خوای گەورە زۆر بەڕوونی باسی کردووە: (وَنَادَي أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ المَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّه قَالُوا إنَّ اللَّه حَرَّمَهمَا عَلَي الكَافِرِين) (الأعراف: ٥٠).

بۆیەکاتێك لەئەرکی پێست رادەمێنین ئەبینین گرنگترین ئەرکی پێست پاراستنە، بۆنموونە ئاو و شلەکانی لاشە لە بە فیرۆ چوون ئەپارێزێ، یەکەم شتێکیش کەکەسی سووتاو سکاڵای لەدەست ئەکات ئەو ئازارەیە کە بەئاو بەسەردا رۆیشتن نامێنێت پاشان سکاڵا لەدیاردەی تینوویەتی ئەکات مەبەستیش لەوشەی (مما رزقکم الله) لەئایەتەکەدا خواردن وخواردنەوەیە چونکە کەسی سووتاو زیاتر لەکەسێکی لەش ساغ پێویستی بەخواردن و شلەمەنی هەیە، بەهۆی ئەوەی بڕێکی زۆر لەئاو و شلە لەئەنجامی سووتانی پێستەوە بە فیرۆ ئەڕوات.

پێش ئەوەی کۆتایش بەقسەکانم بهێنم حەز ئەکەم خوێنەری باوەڕداری لەخواترس بەئایەتێك لەسورەتی(آل عمران) دڵنیا بکەم: (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ المَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ القِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الحَيَاةُ الدُّنْيَا إلاَّ مَتَاعُ الغُرُور) (آل عمران: ١٨٥)

واتە: هەموو کەس و گیانێك مردن ئەچێژێ وپاداشتی کارەکانیشتان لە ڕۆژی دوایی ئەدرێتەوە، هەر کەسێکیش لەئاگر دوور خرایەوە و خرایە بەهەشتەوە ئەوە بردوویەتیەوە، ژیانیش لەدنیادا بەتاڵەو خۆشی یەکی کەمەو تەواو ئەبێ.

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە ئاگر لە ڕۆژی دوایی‌دا یەکەمین وگرنگترین هۆکانی سزادانی کافرانە، گەورەترین پاداشتی باوەڕداریش چوونەبەهەشت و دوورکەوتنەوەیە لەئاگر.

لەکۆتایی‌دا ئەمە زانیارییەکی گشتی بوو دەربارەی سووتاوی، خوای گەورە لەکتێبە پیرۆزەکەیدا هێناویەتی بەڵام بەداخێکی زۆرەوە ئێمە لەپەڕتووکە دنیاییە تازەکانەوە فێری بووین و نەمان توانیی لەو پەڕتووك و دەستوورەی کەزیاتر لە ١٤سەدەیە لەبەر دەستماندایە بیاندۆزینەوە، کەئەبوو ئێمە دەست پێشکەر بووینایە، لەکۆتایشدا حەزئەکەم قسەکانم بەمئایەتەی خوای گەورە کۆتایی پێ بهێنم کە ئەفەرموێ: (لاَ يُكَلِّفُ اللّه نَفْساً إِلاَّ وُسْعَها لَها مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْها مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَه عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِه وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) (البقرة: ٢٨٦).

سەرچاوە: الهيئة العالمية للاعجاز العلمي في القران و السنة ـ مكة المكرمة ـ

د. محمد وليد الشعراوي - ڕاوێژکاری نەشتەرگەریی ئێسک و جومگەکان





# ئەنجامدانی نوێژ لەمنداڵیدا و ئازاری بەشی خوارەوەی پشت

د.ئازاد عبدالله

زانستی پزیشکیی نوێ ، بیردۆزێکی نوێ دەربارەی ئازاری بەشی خوارەوەی پشت دەخاتەڕوو ، دوو موعجیزەی ئیسلامی ئاشکرا دەکات کە ( ١٤٠٠ ) ساڵ زیاتر ، بەنەزانراوی مابوونەوە .

## دەقی بیردۆزەکە :-

گەر مرۆڤ لەتەمەنی منداڵیدا دەست بەڕاهێنانی ( نەرم کردنی پشت ) بکات ، و لەسەریان بەردەوام بێت وپێیانەوە پابەند بێت لەگەورەییدا ، ئەوا ئازاری خواروی پشت وخزانی خەپلەکان ( Disc prolapse) بەرێژەیەکی بەرچاو کەم دەبنەوە .

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە :-

ئازاری بەشی خوارەوەی پشت لە گرفتە باوەکانە لەگەورەداو، هۆکەی بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆنەمانی جیری لە درێژە بەستەری دواوەی پشت ( Posterior longitudinal ligament) و ڕیشاڵە بەستەری دەوری کرکراگە خەپلەدا ( Annulus Fibrosis) لە کاتێکدا بەهۆی نەمانی ئەو جیرییەوە ، ئەو شانانەی باسکران توانای نوشتانەوە لەدەست دەدەن و لەکاتی ئەنجامدانی هەر جوڵەیەکی هەڵەدا دەتەقن .

ئەو جوڵەیش کەپەستان دەخاتەسەر ئەو شانانە بریتییە لە نوشتانەوەی پشت بۆ پێشەوە بێ ئەوەی ئەژنۆکان بنوشتێنەوە ، تەقینی ئەو شانانەش لە منداڵدا زۆر دەگمەنە ، چونکە شانەکانیان لەکاتی نوشتانەوەدا دەکشێن .

## گریمانەکە :-

ئەگەر هاتوو پارێزگاری خەسڵەتی جیری بەستەرو کرکراگەکانی کاتی منداڵی کرا ، ئاخۆ ئەم پارێزگارییە ، ڕێژەی تووش بوون بەئازاری بەشی خوارەوەی پشت و خزانی خەپلەکان ، لەگەورەدا کەم دەکاتەوە ؟!

## توێژینەوەی مەیدانی :-

توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر ( ١٨٨ ) کەسی گەورە کراو پرسیاریان لە هەبوونی ئازاری بەشی خوارەوەی پشت و شادەماری سمت و بەهێزی ئازارەکە لێکرا . هەروەها پرسیاریان لەکاتی دەست کردن بەنوێژو ئەو کاتەش کەبەرێك پێکی و بێ بچڕان ئەنجامیان داوە ، لێکرا، ئەنجامەکان بەشێوەیەکی تێبینی کراو و گومان هەڵنەگر ڕاستی ئەو گریمانەیان سەلماند، بەجۆرێك کەتەنها ( ٢,٦٪ ) ی ئەوانەی لەپێش تەمەنی ( ١٠ ) ساڵییەوە ، نوێژ دەکەن ، ئازاری پشتیان هەبووە .

لە کاتێکدا ( ٧٠ ٪ ) ی ئەوانەی کەهەرگیز نوێژیان نەکردووە ئالودەی ئازارێکی بەهێز بوون .

ئەم لێکۆڵینەوەیە پەسەند کراو ، لە کۆنگرەی دووەمی جیهانی منداڵان لە وڵاتی قەتەر لە نیسانی ( ٢٠٠٠ ز ) دا و ، لە کۆنگرەی نێو نەتەوەیی شەشەمی نەشتەرگەری (پشت) دا لە ئەنقەرە کە لە (٤-٧ / سێپتیمبەر / ٢٠٠٢) بەستزا گفتوگۆی لەسەر کرا ، ئەمەش بەسەرپەرشتی دەستەیەك لەپزیشکانی ( پشت ) ی جیهانی و لێکۆڵینەوەکەش لە گۆڤاری ( پشت ) ی ئەورووپیدا بڵاوکرایەوە .

جودا لەهەر پەرستشێکی تر ، ئیسلام فەرمان بەمنداڵی موسڵمانان دەکات ، کەلەتەمەنێکی زووەوە - ٧ یان لانی زۆری ١٠ ساڵ - دەست بەنوێژ بکەن .

جوڵەکانی نوێژ ، بەتایبەتی چەمانەوە ( ڕکوع ) ، بەستەرو کرکراگەکانی پشت لانی کەم ( ١٧ ) جار لەڕۆژێکدا ، دەخاتە بەرکرداری نەرم کردن، ئەمەش

بەئەنجامدانی پێنج فەرزەکەی نوێژ . ئەمەو منداڵانی نوێژکەر بێ ئەوەی هەست بکەن پارێزگاری نەرمەو لاستیکی شانەکانی پشتیان لەتەمەنێکی کەمەوە دەکەن و بەم جۆرەش ڕێگری لەووشك بوونەوەیان و ئنجا تەقینیان ، لەگەورەییدا دەکەن.

درێژە بەستەری دواوەی بڕبڕەی پشت و شانە ڕیشاڵەکانی ناو کڕکڕاگەکان ، پارێزگاری مانەوەی خەپلەکان لەشوێنی خۆیداو ڕێگری لەخزانی دەکەن . بەڵام ئەگەر ئەو شانانە بەهۆی جوڵەیکی ناڕاستەوە تەقین ، ئەوا بەشێکی خەپلەکە ( ناوك ) بۆ پشتەوە ، بەرەو دڕکەپەتك و دەمارەکانی پەلەکانی خوارەوە ، دەخلیسکێت و لەگەڵ ئازارێکی زۆر بەهێزدا هاوکات دەبێت، ئەگەر ئەو خزانەش بەردەوام بێت ئەوا بەرەبەرە دەمارەکان لاواز دەکات ، ئەم کاریگەری وپەستانی دەمارانەشە پێی دەوترێت سمتە دەمارە ژان ( عرق النسا ) ، نیشانەکانیشی مێروولە کردن و ئازارو تا ئیفلیج بوونیش دەگرێتەوە .

زیانەکانی جوڵەی هەڵە ئاشکران ، بۆیە پاراستنی پشت جەخت کردنە لەسەر دوورکەوتنەوە لەو جووڵە ناڕاستانە .

لەلایەکی ترەوە دەزانین کەبەستەرە جیرەکان توانای لەخۆگرتنی برێکی زۆری جووڵەیان هەیە ، دەبینین یاریزانێکی جومناستیك لاقەکانی بەئاسانی دەکاتەوە چونکە لەتەمەنێکی




زووەوە بەراهێنان بەستەرەکانی کلۆتی کشاندون ، ئەوانەش کەلەمنداڵییەوە دەست بەم یارییە دەکەن ، لە هاوتا یاریزانەکانیان سەرکەوتوو تر دەبن کەساڵانێکی دواتر دەست پێدەکەن . خۆئەگەر بەزۆر لاقی مرۆڤێکمان کردەوە کەپێشتر ڕانەهێنرابێت ، ئەوا ئەگەری تەقینی بەستەرەکانی یاخود ماسولکەکانی لاقی زۆرە .



منداڵ لێهاتوییەکی زۆرتری لەگەورە هەیە ، هۆی ئەم لێهاتوییەش بۆ نەرمی شانەکانیان دەگەڕێتەوە ، ئەگەر هاتوو پارێزگاری ئەم نەرمییەی منداڵی کرا ، ئەوا ژێر ئاسایە کەئەو شانانە بەنەرمی بمێننەوەو بەرگەی جوڵە بەهێزەکان بگرن ، بەڵام ئەگەر پشتگوێ خران ، یا ڕاستتر بەردەوام ڕاهێنانیان پێنەکرا ، ئەوا لەتەمەنی گەورەییدا ووشك دەبنەوەو گەر دووچاری زەبرێکی توندی جوڵەیەکی بەهێز بن ، ئەوا دەتەقن و ئازارێکی زۆر توندمان تووش دەکەن .

ئەمانە هەمووی ڕێك دێنەوە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیریە ئاینییەی کەهەڵگرین ، چونکە کاتێك بیر لەپەرستشەکان لە ئیسلامدا دەکەیتەوە ، دەبینیت لەنێو هەموو فەرزەکاندا نوێژ تاکە فەرزە کەلەمنداڵی موسڵمانان داواکراوە لەتەمەنێکی زوودا بەتوندو تۆڵی ئەنجامی بدەن، وەك لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە (مروا اولادكم بالصلاة لسبع ، وأضربوهم عليها لعشر ) (رواه الترمذي ) . فەرموودەیەکی ( حسن صحيح )٥.

واتە :- ( لە ٧ ساڵیدا فەرمانی نوێژ بەمنداڵەکانتان بکەن و لە ١٠ ساڵیدا لێیان بدەن لەسەری ).

ئەگەر منداڵان لەتەمەنێکی بچووکەوە — حەوت یان لانی زۆر دە ساڵ — دەست بەنوێژ بکەن ، کەتیایدا چەندین جار لە ڕۆژێکدا دەچەمێنەوە ، ئەوا درێژە بەستەری پشتەوەی بڕبڕەکان و ڕیشاڵە کڕکڕاگەییەکانی پشتەوە

بەنەرمی دەمێننەوە و لەگەورەیدا بەزەحمەت دەتەقن وبەم جۆرەش خەپلەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا بەبێ گرفت دەمێننەوەو ڕێژەی ئەو گرفتە گەورەیەی کەژمارەیەکی زۆری خەڵك پێوەی دەناڵێنن کەم دەبێتەوە ، بێهاوتایی بۆ خودا ، ئەم زانیارییە ووردو زۆر گرنگ وتەواو وبەسودانە لە ١٤٠٠ ساڵ زیاترە لەسەر زمانی شوانێکەوە (ﷺ) ڕاگەیەنراون!

ئازاری بەشی خوارەوەی پشت ، لە گرفتە پزیشکییە زۆر باوەکانە ، نزیکەی (٧٠٪ ) ی خەڵك لەماوەیەکی تەمەنیاندا ، تووشی ئازارێکی زۆری ( پشت ) بوون.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی فەرکانگەی ( پزیشکی و خۆراك) ی ئەمریکیدا دەرکەوت کە ( ٦٠-٨٠٪ ) ئەمریکیەکان لە ماوەیەکی تەمەنیاندا تووشی ئازاری بەشی خوارەوەی پشت بوون و لەهەر کاتێکیشدا ( ٣٠٪ ) ئەمریکیەکان بەدەست ئەو ئازارەوە دەناڵێنن ، ئەمەش واتە: هەنوکە لە ( ١٠ ) کەسی ئەمریکی (٣) کەسیان ئازاری پشتیان هەیە . (٢ )

عەقڵە گەورەکانی پزیشکی ، تەواو لەبڵاویی ئەم دیاردەیە،




سەریان سوڕماوە ، زۆربەیان ئەوە ناشارنەوە کە هۆکاری بڵاوی دیاردەکە لایان نەزانراوە ، هەندێکیان گریمانە دادەنێن و دوودڵن لەناساندنی هەندێك هۆکار وەك سەرچاوەی ئازارەکە. ئەم دەستەواژەیە وەك نموونە وەردەگرین ( لە هۆکارە گریمان کراوەکانی ئازاری بەشی خوارەوەی پشت : کەمی لیاقە ، لاوازی ماسولکەکانی سك و پشت ، خراپ دانیشتن و کەمی ڕادەی جوڵەی پشتە ) . ( ٣ )

زۆرێك لە توێژینەوە زانستییە جیهانیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە درێژە بەستەری دواوەی پشت و ڕیشاڵەکانی دواوەی کرکراگەکان ، شوێنی سەرەکی ئازارەکانی بەشی خوارەوەی پشتن ، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەنجامەکانی ( ٣ ) لێکۆڵینەوەی جیاواز دەخەینە ڕوو :-

١- کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری پشت لە ژێر کاریگەری سڕکردنی ناوچەییدا ( تخدیر موضعي ) ، هاندانی ئەو شانانە بووە هۆی بەخشینی هەمان ئەو ئازارەی کەنەخۆش هەستی پێدەکات .

٢- لێکۆڵینەوە توێکارییەکان ئەوەیان سەلماندووە کەئەو شانانە کۆتایی دەماری تایبەت بەئازاریان تێدایە .

٣- بەکارهێنانی شیکاریە بەرگرییەکانی کیمیایی شانەکان، ئەوەی سەلماندووە کەئەو کۆتاییە دەمارانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئازاری بەشی خوارەوەی پشت پێوەندیان هەیە.

ئەو لێکۆڵینەوەیەش ڕاڤەیەکی ژێر ئاسای تووش بوون بەئازاری بەشی خوارەوەی پشت ، تەنانەت پێش خزانی کرکراگەش دەکات .

پشتی مرۆڤ تەنها لەنێوان ( ٥ ) بڕبڕەکانی ناوچەی کەلەکەدا ( کەدەکەوێتە ژێر بڕبڕەکانی ناوچەی سنگەوە ) بۆ پێشەوە دەنوشتێتەوە . ( ٩٠٪ ) ی ئەو نووشتانەوەیەش لەنێوان بڕبڕەکانی (٥ و ٤)ی ناوچەی کەلەکەدا ڕوودەدات ، لەکاتێکدا تەنها (١٠٪) ی نووشتانەوەکە لە بڕبڕەکانی ( ٣ و ٢ و ١ ) دا ڕوودەدات ، لەبەرامبەریشدا دەبینین ( ٩٠٪ ) ی خزانی خەپلەکانی بەشی خوارەوەی پشت لەژێر بڕبڕەکانی ( ٥ و ٤) دا

ڕووده‌ده‌ن و له (١٠٪) شیان له ژێر بڕبڕه‌كانی ( ٣ و ٢ و ١ ) دا ڕووده‌ده‌ن .

لێره‌دا ئه‌وه تێبینی ده‌كه‌ین كه ڕێژه‌ی خزانه‌كان ڕاسته‌وانه له‌گه‌ڵ ڕێژه‌ی جوڵه‌كاندا ده‌گونجێت و ئه‌وه‌ش به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بوونی په‌یوه‌ندی نێوان خزانی خه‌پله‌كان و نووشتانه‌وه بۆ پێشه‌وه ، به‌جۆرێك ڕێژه‌ی خزانه‌كان ده‌گاته (٩٠٪) له‌و شوێنانه‌ی كه (٩٠٪) ی جوڵه‌یان ده‌كه‌وێته‌سه‌ر.

به‌ڵگه‌یه‌كی تری نێوان نووشتانه‌وه بۆ پێشه‌وه‌و خزانی خه‌پله‌كان زۆر ده‌گمه‌نی خزانی خه‌پله‌كانی نێوان بڕبڕه‌كانی ناوچه‌ی سنگه ، بڕبڕه‌كانی ناوچه‌ی سنگ به‌په‌راسووه‌كانه‌وه جێگیرن و ئه‌مه‌ش نووشتانه‌وه بۆ پێشه‌وه له‌م ئاسته‌دا ئه‌سته‌م ده‌كات ، چونكه بڕبڕه‌كانی ناوچه‌ی سنگ بۆ ئه‌و كاره ( نووشتانه‌وه بۆ پێشه‌وه ) نه‌سازاوون.

چه‌ند ڕاستییه‌كی زانستی خزانی خه‌پله‌كان له‌منداڵدا :-

لێكۆڵینه‌وه پزیشكییه‌كان ئه‌وه ده‌سه‌لمێنن كه‌خزانی خه‌پله‌كان له‌منداڵدا ته‌نها (١-٣٪) ی خزانی خه‌پله‌كان پێكده‌هێنن.

له لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كدا كه‌له‌سه‌ر (٥٨) منداڵ كرا كه خزانی خه‌پله‌كانی به‌شی خواره‌وه‌ی پشتیان هه‌بوو ، بینرا كه (٥٥)یان ته‌مه‌نیان (١٢) ساڵ زیاتره و دووانیان (١٠)ساڵ و ته‌نها (١) منداڵیان ته‌مه‌نی (٨) ساڵ بوو !

به‌واتایه‌كی تر له‌كۆی (٥٨) منداڵی تووشبوو به‌خزانی خه‌پله‌كان ته‌نها سیانیان ته‌مه‌نیان ده ساڵ و كه‌متر بوو .

به‌كردارێكی ژمێره‌یی ساده ، بۆ زانینی ڕێژه‌ی ئه‌و منداڵانه‌ی ته‌مه‌نیان (١٠) ساڵ خوارتره ، له‌كۆی هه‌موو باره‌كانی خزانی خه‌پله‌كان له‌گه‌وره‌و بچوكدا ئه‌م ئه‌نجامه سه‌رنج ڕاكێشه به‌ده‌ست دێت :-

٥٨/٣ × ١-١٠٠/٣ = ٣-٥٨٠٠/٩=

ته‌نها (١-٣) ی منداڵ له‌هه‌موو ٢٠٠٠ كه‌سێكی تووشبوو ، دووچاری خزانی خه‌پله‌كانی خواره‌وه‌ی پشتیان بوون.

كه‌واته پشتی منداڵ خاوه‌نی تایبه‌تمه‌ندییه‌كه له خزانی خه‌پله‌كان ده‌یانپارێزێت ، پرسیاره‌كه ئه‌مه‌یه :-

ئایا گواستنه‌وه‌ی ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه بۆ گه‌وره ساڵان ، ده‌بێته هۆی كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕێژه‌ی خزانی خه‌پله‌كان تیایاندا ؟

منداڵان به نه‌رمییه‌كی به‌رچاوی شانه‌كانیان جیاده‌كرێنه‌وه كاتێك به‌ئه‌نجامدانی جووڵه‌یه‌كی هه‌ڵه له پشتیاندا هه‌ڵده‌ستن، كرگرا‌گه‌و به‌سته‌ره‌كانی پشتیان ناته‌قن، به‌ده‌ربڕینێكی تر ئه‌و ڕاره‌وه‌ی كه‌خه‌پله‌كه‌ی لێوه ده‌خلیسكێت به‌به‌ستراوی ده‌مێنێته‌وه .

له‌منداڵدا شانه‌كان لاستیكین، ده‌كشێن و ناته‌قن،




لێره‌وه گریمانه‌ی ئه‌م بیردۆزه سه‌رهه‌ڵده‌دات :- ( ئه‌گه‌ر له‌منداڵیه‌وه‌و بێ بچڕان له‌گه‌وره‌ییدا، چه‌ندجار له ڕۆژێكدا له‌سه‌ر چه‌مانه‌وه‌ی پشت بۆ پێشه‌وه به‌رده‌وام بووین ، ئایا ئه‌مه پارێزگاری لاستیكی شانه‌كان ده‌كات ، ئایا كرداریانه توانای به‌رگه‌گرتنی ته‌قینیان پێ ده‌به‌خشێت؟ به‌شێوه‌یه‌كی تر ئایا ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه لاستیكییه سودبه‌خشه، له‌گه‌وره‌ییدا به‌رده‌وام ده‌بێت وله‌خزانی خه‌پله‌كان پشت ده‌پارێزێت ؟

( بۆ سه‌لماندنی ئه‌م گیمانه‌یه پێویستیمان به‌چه‌ند كه‌سێكی گه‌وره هه‌یه ، كه‌له منداڵییه‌وه به‌رده‌وام و ڕۆژانه پشتیان بۆ پێشه‌وه چه‌مانبێته‌وه بێه‌وه‌ی ئه‌ژنۆكانیان بنووشتێننه‌وه )

توێژینه‌وه مه‌یدانییه‌كه :-

**ئه‌نجامی توێژینه‌وه‌كه:**

توێینه‌وه‌یه‌ك له‌سه‌ر (١٨٨) كه‌سی گه‌وره كه‌تێكڕای ته‌مه‌نیان له (٣٠) یه‌كاندا بوو ، ئه‌نجامدرا ئه‌مانه پرسیاریان له‌هه‌بوونی ئازاری به‌شی خواره‌وه‌ی پشت

لێكراو ، ئازارەكەشیان بۆ كەم و بەهێزو سمتە دەمارەژان (عرق النساء) دابەشكرا ، ئنجا بۆ (٣) كۆمەڵە دابەشكران كە:-

(١) (٧٨) كەسیان موسڵمان بوون ولەپێش تەمەنی (١٠) ساڵییەوە دەستیان بەنوێژ كردووەو لەسەری بەردەوام بوون .

(٢) (٥٠) كەسیان موسڵمان بوون وبەڵام لەدوای تەمەنی (١٣) ساڵییەوە دەستیان بەنوێژ كردووە.

(٣) (٦٠) كەسیشیان ناموسڵمان بوون .

| | ئازاری نییە | ئازاری كەم | ئازاری زۆر | سمتە دەمارەژان ( عرق النسا) |
|---|---|---|---|---|
| ئەوانەی پێش تەمەنی (١٠) ساڵی دەستیان بەنوێژ كردوەو بەردەوام بوون لەسەری | ٪ ٨٢ | ٪ ١٥,٤ | ٪ ٢,٦ | نیە |
| ئەوانەی دوای تەمەنی (١٣) ساڵی دەستیان بەنوێژ كردووە | ٪ ٣٦ | ٪ ١٦ | ٪ ٢٦ | ٪ ٢٢ |
| ئەوانەی كە نوێژیان نەكردووە | ٪ ٢٠ | ٪ ١٠ | ٪ ٤٥ | ٪ ٢٥ |

هەبوونی ئەم جیاوازییە گەورەیەی گرفتەكانی پشت لەنێوان نوێژخوێن ونوێژ نەخوێناندا ، بێ كەمترین گومان، بووە سەلمێنەری گرنگی نوێژ لەسەلامەتی پشتدا .

ئەنجامەكان وەك مانگی چواردەی شەوێكی ساماڵ دەدرەوشێنەوە بۆیە تیشكی ئەو موعجیزە گەورەیە دەروونی ڕوناك كردمەوەو ئەم ئایەتە پیرۆزانەی بەزەینمدا هێنا ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى* إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى* عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى ﴾ (٢-٤ سورة النجم ) .

ئەنجامەكان ناكاو وسەرسوڕهێنەرن ئەمە یەكەم لێكۆڵینەوەیە گرنگی زانستی نوێژ لەمنداڵیدا دەردەخات وهەرگیز ئەم جیاوازییە گەورەیەی نێوان ئەوانەی پارێزگاری نەرمی پشتیان لەتەمەنێكی كەمەوە دەكەن و ئەوانەش كەلەمنداڵیدا لەو بەخشینە ( نوێژ ) بێبەش بوون، شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو ئەوانەش درەنگ دەست دەكەن بەنوێژ كردن ، بارێكی نادڵنیاو ناجێگریان دەبێت و هەرگیز وەك ئەوانە نابن كەلەتەمەنێكی منداڵییەوە بەرێك و ڕەوانی نوێژ دەكەن.

لەئاكامی ئەم دۆزینەوە زانستییەدا ، دوو موعجیزەی ئیسلامی نوێ شكڵیان گرت كەلە ( ١٤٠٠ ) ساڵ زیاتر، بەشاراوەیی مابوونەوە .

ئەوانیش :- فەرمان كردنی ئیسلامە بەنوێژ كردن ، لەپێش (١٠) ساڵییەوە بەرێك و پێكی و هەروەها چەمانەوە (ركوع) لەنوێژدا كەئەویش موعجیزەیەكی ئیسلامە .

لەكۆتاییدا تێبینی دەكەین كە :- ڕێنماییەكانی ئیسلام و ڕاستییە زانستییەكان و ئەنجامی توێژینەوەكە .... هەموویان ڕێك و تەبان .





# چەند سەرنجێك لە: ئاماژەكانی قورئان بۆ گەردوون

ئەندازیار: عبدالدائم الكحیل
بە عەرەبی نووسیویەتی
فارووق ڕەسووڵ یەحیا بە كوردی دایڕشتووەتەوە

## پێشەكی وەرگێڕ:

ئەو سەردەمەی كە نوێنەرانی ئایین و پیاوانی كەنیسە لە ئەورووپا ڕووبەڕووی كاروانی بەرەو پێش چووی زانست ڕادەوەستان و، بەگژی زانایانی زانستە تازەكاندا دەڕۆشتنەوە و، فەرمانی لەناودانیان بۆ دەردەكردن و، دادگاكانی پشكنینیان بۆ دادەمەزراندن، نەیاندەزانی ئەو لافاوە هێندە بە تەوژم دەبێت كە هزر و ئەفسانە بەشەرییە بەسەرچووەكان و ئایینە دەستكاری كراوەكانیش وەكو یەك لە زەین و مێشكی عەودالانی ڕاستیدا ڕادەماڵێت و، لە هەمان كاتیشدا ڕێگا بۆ ڕوون بوونەوەی ڕاستییەكانی قورئانی پیرۆز خۆش دەكات، كە هەتا زانست هەنگاوێكی نوێ بەرەو پێشتر بنێت، پتر ئەو ڕاستییانەی قورئانیش بە گەشاوەیی بۆ هەموو حەق ویستێك ئاشكرا دەبن.

هەنگاوە زانستییەكانی سەدەی بیستەم و ئەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیست و یەكەمیش – ڕۆژ لە دوای ڕۆژ – پشتی ئەم یەقینە دوور لە گومانە دەگرن و، پەیتا پەیتا بە دۆزینەوە تازەكانی ڕۆژگار و بە بەڵگەی تونـدوتۆڵی زانست ئەو باوەڕە دامەزراوەی موسڵمانان ڕوونتر دەسەلمێنن كە: قورئانی پیرۆز سرووشی خوای گەورەیە و هیچ ناحەقیەك توخنی ناكەوێت.

لەم وتارەدا تیشك دەخەینە سەر چەند دۆزینەوەیەكی گەردوونی كە لەم ساڵانەدا زانستی نوێ پەردەی لەسەر لاداون و، لە ناوەندی زانایاندا وەك سەلمێنراوێكی زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێ. لە كاتێكدا كە قورئاتی پیرۆز هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر پێش ئێستا ئاماژەی پێ داون، یاخود بە ڕاشكاوی لێیان داوە، كەچی زانستی مرۆڤ بەم دواییانە هەندێ ڕووی ئەو ڕاستییانەی بۆ دەركەوتووە.

ئەم وتارەش نووسین و ئامادەكردنی ئەندازیار (عبدالدائم الكحیل)ە، كە ئێمە دوای لادانی ئەو هەواڵە زانستییانەی هێشتا نەبوونەتە یاسای زانستی و هەر لە دۆخی فەرەزییە و تیۆردان و، بە زیاد كردنی هەندێ زانیاریی پێویست لەسەر بابەتەكە، هاتین بە زمانی كوردی دامانڕشتەوە. بە ئومێدی ئەوەی كە خوای گەورە لێمان وەربگرێت و، گۆشەیەك پڕ بكاتەوە لە خزمەتمان بە قورئانی پیرۆز و، مایەی سوودیش بێت بۆ خوێنەرانی ئازیز.

## چەند سەرنجێك لە ئاماژە گەردوونییەكانی قورئانی پیرۆز:

یەكێك لەو بابەتانە هەواڵێكی نوێیە لەمەڕ بۆشایی، كە باس لەوە دەكات:

(گەردوونی سەرەتا لە قۆناغەكانی دروست بوونیدا دەنگێكی دەركردووە)!!

ئەم هەواڵەش بەناوبانگترین پێگەی جیهانیی لەمەڕ بۆشایی (www.space.com) بڵاوی كردووەتەوە و، خاوەنی ئەم دۆزینەوەیەش یەكێكە لە زانایانی بۆشایی كە ناسراوە بە پرۆفیسۆر (مارك ویتڵ) لە زانكۆی ڤێرجینیا.

## لە سەرەتاکانی دروستبوونی گەردووندا چەند شەپۆلێکی دەنگی بیستراوە:

لەم هەواڵە زانستییەدا کە چەندین گۆڤاری پسپۆڕ و پێگەی زانستی لەسەر زمانی نووسەری وتارەکە بڵاویان کردووەتەوە، دەقاودەق ئەمەی خوارەوە هاتووە[1]:

(The universe expanded rapidly after the Big Bang, during a period called inflation. Later, it continued to expand at a slower rate as it cooled enough for gas to condense and form stars. All this time, density variations contributed characteristics to the sound that Whittle's team has determined).

واتە: (دوای تەقینەوە مەزنەکە، گەردوون بە خێرایی فراوان بووە لەو ماوەیەدا کە پێی دەوترێ: هەڵایسان. دوای ئەوە گەردوون بە شێوەیەکی خاوتر بڵاوبووەتەوە، کە ئەمەش بووە بەهۆی ساردبوونەوەی گازەکە و چڕبوونی و پێکهاتنی ئەستێرەکان. هەموو ئەم ماوەیە گۆڕانکارییەکانی "چڕی" بەشدارییان لە پێکهێنانی تایبەتمەندییەکانی ئەو دەنگەدا کرد کە لە لایەن تیمی (ویتڵ Whittle)ەوە دەستنیشان کراوە).

لە ناوەندی قسەکانی زانایان و دۆزینەوەکانیانەوە دەبینین کە گەردوون لە قۆناغەکانی سەرەتادا، واتە کاتێ لە قۆناغی گازی گەرمدا بووە و، لەو کاتەشدا کە ئەستێرەکان وردە وردە لەم گازە گەردوونییە پێکهاتوون، گەردوون دەنگێکی دەرکردووە و، ئەو دەنگەش درێژەی کێشاوە هەتا تەمەنی گەردوون گەشتووەتە یەك ملیۆن ساڵ. توانراویشە چۆنێتییەکانی ئەم دەنگە دەست نیشان بکرێت و، دەرکەوتووە کە دەنگێکی هێدی بووە. ئنجا دوای ئەوە ئەستێرەکان دەستیان بە پێکهاتن کردووە.

کاتێ کە دەگەڕێینەوە خزمەت قورئانی پیرۆز، ئەم ئایەتەی لەمەڕ سەرەتای بەدیهاتنی گەردوون دەبینین کە دەفەرموێ:

﴿ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ (فصلت:١١)..

ئیمامی قورتوبی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿قالَتا أتينا طائعين﴾ دەفەرموێ:



وێنەی (١) گەردوون لە قۆناغی سەرەتادا کە گاز بووە و بڵاو بووەتەوە تاکو دواتر ئەستێرەکان پێکبهێنێت. ئەنجامەکەشی دەرکردنی چەند شەپۆلێکی دەنگیی ئارام و لەسەرخۆ بووە!

ئەم زانایە لە توێژینەوەکەیدا سەلماندوویەتی کە کاتێ گەردوون لە قۆناغەکانی سەرەتادا بووە، واتە لە قۆناغی گاز و تەپوتۆز و پلەی گەرمیی بەرزدا، چەند شەپۆلێکی دەنگیی دەرکردووە! بوونی ئەو گازە چڕەی کە گەردوونی لێ پڕ بووە یارمەتیی بڵاوبوونەوەی ئەو شەپۆلە دەنگییانەی داوە، چونکە وەکو ناوەندێکی گونجاو کاری کردووە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگانە. ئەم دۆزینەوە زانستییە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو زانایە بووە لە تیشکی مایکرۆویڤی باگراوندی گەردوون، لە قۆناغەکانی یەکەمی دوای تەقینەوە مەزنەکەدا.

ئەم هەواڵە زانستییەش بۆ یەکەم جار جێی سەرسووڕمانە! چونکە ئایا گەردوون قوڕگ و زمانی هەیە تاکو دەنگیان پێ دەربکات؟

بەڵام کاتێ کە دەگەڕێینەوە خزمەت قورئانی پیرۆز دەبینین قورئان بە ڕاشکاوی قسەی لەسەر دیاردەیەکی لەم جۆرە کردووە. تەنانەت لەمەولا زیاتر لەوەش دەبینین، چونکە قورئان لە چەند شتێکی زۆر لەوە وردتر و، بە چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی ڕوون و ڕاشکاو دواوە، کە پێویستیان بە تەئویل نییە.

وا لە پێشدا وتەی زانا ماددییەکان لە زاری خۆیان وەردەگرین، پاشان دەبینین کە لە قورئانی کتێبی خوای گەورەدا لەبارەی ئەم دۆزینەوە زانستییە لێدوانێك هەیە.

(زۆربەی زانایان وتوویانە: خوای گەورە گوفتاری لە زەوی و ئاسمانەکاندا دروست کردووە و، ئەوانیش بەو شێوەیەی کە خوای گەورە ویستوویەتی دواون و قسەیان کردووە)[٢].

ئێمە تا ئێستا بەڵگەی تەواومان بە دەستەوە نییە کە بڵێین: ئەو دەنگەی گەردوونی سەرەتا دەری کردووە و زانایان توانیویانە بیسەلمێنن، هەمان دەنگی ئەو قسە و گوفتارەیە کە قورئانی پیرۆز لێی داوە. بەڵام ئەو شتەی لێرەدا جێی متمانە و باوەڕە ئەوەیە کە زانست سەلماندوویەتی گەردوون لە هەنگاوەکانی دروست بوونیدا دەنگێکی دەرکردووە، ئیتر ئەو دەنگە هەرچەندەش تا ئەمڕۆ بە دڵنیایی دەرنەکەوتبێت چی و چۆن بووە و، گریمانی ئەوەش هەبێت کە داهاتوو زیاتر تیشك بخاتە سەری و پتر ڕوونی بکاتەوە، گرنگییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە واتای ئایەتەکە نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بەم دۆزینەوە زانستییە تێگەیشتمان بۆ قورئان فراوانتر دەبێت و، زانیمان کە زانستی نوێ بە پێوەرەکانی خۆی ئەوەی پێ قبوولە کە گەردوون لەو قۆناغە دێرینەیەدا دەنگی دەرکردبێت! خۆ ئێمەش هێندەمان سەروزیادە.

## چەند لەرینەوەیەکی گەردوونیی لەسەرخۆ:

لە بەدواداچوونی ئەم هەواڵە زانستییەدا بۆمان دەرکەوت کە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە خۆرئاوا لەم هەواڵە دواون، لە هەمان کاتیشدا هیچ کەسێك بەرپەرچی نەداوەتەوە، چونکە پشتی بە مەنتیق و بەڵگەی زانستی و عەمەلی بەستووە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ زانستییانە ئەم هەواڵە لێك بدەینەوە دەتوانین بڵێین:

ئەو کەسەی لەو یاسا بیرکارییانە ڕادەمێنێت کە خوای گەورە لە دووکەڵ یان گازدا دایناون، لە ناوەندی ئەوەی کە پێی دەوترێ: (ئەندازیاریی میکانیزمی شلەمەنییەکان) دەبینێ کە هەر گازێك کاتێ بڵاو دەبێتەوە و قەبارەکەی گەورە دەبێت، لەم گەورە بوون و فراوان بوونەدا چەند شەپۆلێك دەردەکات کە دەگونجێ شەپۆلی دەنگی بن، کە بە هۆی گۆڕان لە چڕیی گازەکەدا و جووڵەی بەشەکانی و لە یەك کەوتنی گەردیلەکانی ئەو شەپۆلانە پەیدا دەبن.

خۆ هەر ئەمەش بووە کە لە سەرەتای پەیدا بوونی گەردووندا – کاتێ کە دووکەڵ بووە – ڕووی داوە. چونکە فراوان بوونەکە بووەتە هۆی لێکدان و بەریەك کەوتنی پێکهێنەرەکانی ئەم شلەمەنییە گەردوونییە گەرمە و، دەرکردنی ئەو دەنگانە.

سەرنجێکی گرنگی تر ئەوەیە کە: ئەم ئایەتە زۆر بە ڕوونی لە "گوفتار"ی گەردوون دەدوێت کاتێ کە لە قۆناغی (دووکەڵ)دا بووە. بەڵام ئایا بۆچی قورئان ئەو قۆناغە سەرەتاییەی تەمەنی گەردوونی ناوناوە بە (دووکەڵ)؟



لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم وشەیە لە هەموو وشەیەکی دی باشتر و ڕوونتر گوزارشت لە ڕاستی و واقیعی گەردوون دەکات لەو قۆناغەدا، چونکە گەردوون ئەو دەمە پڕ بووە لە گازی یەکجار گەرم و تەپوتۆزی گەردوونی، ئەو گازەش شێوەی لە پەڵە هەور چووە.

هەر لە ڕاستیشدا زانایان توانییان چەند پەڵە هەورێکی گازی لە دەوری ئەستێرەیەکی یەکجار دووری کەناری گەردوونی بینراودا ببینن و، جەخت لەوە دەکەن کە ئەستێرەکان لەم پەڵە هەورە گازییانە پێکهاتوون[٣].

## وردیی وشەکانی قورئانی پیرۆز:

قورئانی پیرۆز ئەم هەموو زاراوانەی: (چەند پەڵە هەورێکی گازی.. گازی گەرم.. تەپوتۆز.. چەند گەردیلەیەکی بە ئایۆن بوو) لە یەك دانە وشەی واتابەخشدا چڕ کردووەتەوە، کە وشەی (دخان)ە، واتە: (دووکەڵ)! ئایا هەر ئەم وشەیە واتای گاز و، واتای گەرمی و، تەنانەت ئاماژەشی تێدا نییە بۆ شتێکی وەك هەورەکان؟

خۆزگا ئەو زانایانە قورئانی پیرۆزیان بخوێندایەتەوە و، خۆیان لەو ئەرك ماندووبوونە بحەساندایەتەوە کە بۆ هەڵبژاردنی زاراوە زانستییەکان دەیکێشن! چونکە قورئان زاراوە و وشەی ورد و ڕاستەوخۆی پێ بەخشیوین، لەبەر ئەوەی گوفتاری بەدیهێنەری گەردوونە و، هەر خۆیشی لە هەموو کەسێ زیاتر شارەزای نهێنییەکانیەتی!



وێنەی (٢) دووکەڵی سەرەتای بەدیهاتنی گەردوون. لەم وێنەیەدا ئەو گازە بەدی دەکەین کە پێش ملیۆنەها ساڵ سەرانسەری گەردوونی گرتووەتەوە و، ئەندازەیەکی زۆریش لە تەپوتۆزی گەردوونی و شلەمەنیی لەگەڵدایە. ئایا هەر ئەمانە پێکهێنەرەکانی "دووکەڵ" نین؟ خۆ قورئانیش هەر ئەوەی فەرمووە لەم ئایەتەدا: ﴿ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾.

یەکێ لە شتە نامۆ و سەرنج ڕاکێشەکان کە زانایانی ئەمڕۆ باسی دەکەن، ئەوەیە کە پرۆفیسۆر ویتڵ لە هەواڵێکی زانستیدا ڕایگەیاندووە[٤]:

(The cry from the birth of the cosmos can be heard).

واتە: (دەتوانین دەنگی ئەو گریانە ببیستین کە ئەنجامی لەدایکبوونی گەردوونە)!

دەسافەرموو تۆش گوێ لەم ئایەتە پیرۆزە بگرە کە خوای گەورە لەبارەی گریانی ئاسمان و زەوییەوە فەرموویەتی: ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالأَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ﴾ (الدخان:٢٩)! بەڵام لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم ئایەتەی لە گریانی ئاسمان و زەوی دەدوێت، لە سوورەتی (الدُخان)دایە!!

ئەمەش جارێکی تر دەیسەلمێنێت کە (دەنگی گەردوونی سەرەتا) ڕاستییەکی زانستییە، بەڵام دووپاتی دەکەینەوە کە پەروەردگار خۆی دەزانێت ئەو دەنگە بە چ شێوەیەك بووە و، هێشتا زانست نەیتوانیوە بە تەواوی شێوەکەی ڕوون بکاتەوە.

ئەم هەواڵە زانستییە، ئەوە دەردەخات کە دەکرێ دەنگ و گریان و شتی تر ڕوو بدات کە پێشتر لێی تێنەدەگەشتین. ئەمەش جەختە لەسەر ئەوەی کە گشت وشەیەکی قورئان حەق و ڕەوایە. تەنانەت چی ڕێ لەوە دەگرێ کە ئەو دەنگە گەردوونییە گوێڕایەڵیی گەردوون بێت بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە؟! خۆ هەموو زانایان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە فراوان بوونی گەردوون و بڵاوبوونەوەی گازەکانی، ئەو دەنگانەی دروست کردووە و، لە ئەنجامی ئەم بڵاوبوونەوەی گازەشدا هەموو ئەو ئەستێرانە پێکهاتن کە دەیانبینین. کەواتە قۆناغی دووهەمی دوای قۆناغی "گاز" یان "دووکەڵ" قۆناغی پێکهاتنی ئەستێرەکانە، کە ئەمەش زانایان بە دڵنیاییەوە دەیبینن.

## لە "دووکەڵ"ەوە بۆ "چراکان":

ئایا لە قورئاندا چی سەبارەت بە قۆناغی دوای (دووکەڵ) وتراوە و، ئەم کتێبەی خوای گەورە لەو بارەیەوە چ هەواڵێکمان پێ دەدات؟

وێنەی (٣) وێنەی ئەستێرەیەکە دەوری بە چەند پەڵە هەورە دووکەڵێك گیراوە، خۆشی وەکو چرایەکی ڕووناکی بەخش دەردەکەوێت. خۆ ئەگەر ئەو چرا گەردوونییە نەبوایە نەماندەتوانی گاز و تەپوتۆزی دەوری ببینین. خوای گەورە چەندە جوانی فەرمووە کاتێ ئەم تەنە بریسکەدارانەی ناو بردووە بە (چراکان = مصابیح): ﴿وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنيا بِمَصَابِيحَ﴾!



گەر سەرنج لەو ئایەتە بدەین کە ڕاستەوخۆ دوای ئایەتی (دووکەڵ) هاتووە، بۆمان دەردەکەوێ کە خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظاً ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ﴾ (فصلت:١٢).

دەبینین ئایەتەکە لە ڕازاندنەوەی ئاسمان دەدوێت بە ئەستێرەکان. خۆ زانایانی ئەمڕۆش دەقاودەق هەمان شت دەڵێن!




وێنەی (٤) ئەو قۆناغانەی کە تازەکی زانایان بۆ پەیدا بوون و پێکهاتنی ئەستێرەکان لە دووکەڵ بۆیان دەرکەوتووە. هەموو زانایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە قۆناغی دوای دووکەڵ قۆناغی پێکهاتنی چراکان، یاخود ئەستێرە یەکجار بریسکەدارەکان بووە. خۆ هەر ئەمەشە کە قورئان پێی ڕاگەیاندووین کاتێ یەکەم جار و لە پێشدا لە "دووکەڵ" دواوە، ئنجا ڕاستەوخۆ لە ئایەتەکەی دوای ئەوەدا باسی لە ئەستێرە بریسکەدارەکان کردووە: ﴿وَزَيَّنَّا السَّماءَ الدُّنيا بِمَصابيحَ﴾. جا ئایا ئەم بەدوای یەکدا هاتنە کاری ڕێکەوتە، یان دەست نیشان کردنی ئەو خواوەندەیە کە دەفەرموێ: ﴿ذلكَ تَقْديرُ الْعَزيزِ الْعَليم﴾؟!

## چرا گەردوونییەکان:

سەرجەم زانایان بڕیار دەدەن کە گەردوون پڕ بووە لە گازێکی گەرم، پاشان سارد بووەتەوە و، یەکەم شت ئەستێرەکان پێکهاتوون.

قورئانی پیرۆزیش بڕیار دەدات کە گەردوون لە پێشدا دووکەڵێک بووە، پاشان خوای گەورە ئاسمانی بە ئەستێرەکان ڕازاندووەتەوە و، ناوی (مصابيح = چراکان)ی لێ ناون!

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش کە:

ئایا بۆچی خوای گەورە بە تایبەتی نەیفەرموو: (زينا السماو بنجوم) یان (بكواكب) یان (بمجرات)؟ بۆچی لە باسی ئەم قۆناغەی تەمەنی گەردووندا ناوی (مصابيح = چراکان) دەبات؟ خۆ ئێمە لە ڕێی فەرهەنگەکانی زمانەوە دەزانین کە "چراکان" بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگا و بانەکان بەکاردەهێنرێن و، دەشزانین کە ئەم ئەستێرانە وەختە نەبینرێن. کەواتە بۆچی قورئان ئەم ئەستێرانەی ناوبردووە بە (مصابيح = چراکان)؟ ئایا ئەم چرایانە چی ڕووناك دەکەنەوە؟

هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە تووشی گەشتێکی سەخت و ئاڵۆزی کردم لە جیهانی دۆزینەوە گەردوونییەکانی لەمەڕ: (گەردوونی سەرەتا و، پێکهاتنی ئەستێرەکان و، دووکەڵی گەردوونی). بەڵام ئەو شتەی دووچاری سەرسووڕمانی کردم ئەوەبوو کە زانایان بۆیان دەرکەوتووە ئەستێرە هەرە دێرینەکانی گەردوون ڕێگای نێوان ئێمە و خۆیان ڕووناك دەکەنەوە! تەنانەت ئەو زانایانە بە هۆی ئەو ڕووناکییەوە دەتوانن لە دەوروبەری ئەستێرەکان بکۆڵنەوە و، سوودیان لە ڕووناکی بەخشینی یەکجار گەورە و مەزنی ئەو ئەستێرانە وەرگرت کە دەگاتە هێندەی هەزار خۆری وەکو خۆری خۆمان!! لەبەر ئەوە، ناوێکی تازە و نامۆیان لەو ئەستێرانە نا کە بریتییە لە (چرا دەرخەرەکان Flashlights)! دەسا پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە پێش ئەوان ئەو ناوەی لەو ئەستێرانە ناوە کە ئاسمانیان ڕازاندووەتەوە و، فەرموویەتی:

﴿وَزَيَّنَّا السَّماءَ الدُّنيا بِمَصابيحَ﴾ (فصلت:١٢)!



وێنەی (٥) لەم وێنەیەدا ئەستێرە دوورەکان دەبینین کە وەکو چرای درەخشان لە ئاسماندا دەردەکەون. زانایانی ئەمڕۆ بەم ئەستێرانە دەڵێن: (چراکان) کەچی قورئان هەزار و چوار سەد ساڵ پێش ئەوان ئەم ناوەی لێ ناون. ئەوەتا فەرموویەتی: ﴿وَزَيَّنَّا السَّماءَ الدُّنيا بِمَصابيحَ﴾.

ئایا لە بەکارهێنانی ئەم ناوەدا یەکاویەك دەرچوونی تەواوەتی نابینین لە نێوان ئەو ڕاستییە گەردوونییە یەقین بەخشەی کە زانست پەیی پێ بردووە و، وشەکانی قورئانی پیرۆزدا؟

جا بۆ ئەوەی قسەکەمان لە ڕووی زانستییەوە بەڵگە پشتی بگرێت و، گوفتارێکی زانستی بێت و، وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو کەسانەی کە گومان دەخەنە سەر بوونی ئیعجازی زانستی و گەردوونی لە قورئانی پیرۆزدا، وا دەقی وتەی زانایان لە سەرچاوەکانیانەوە دەهێنین:

لە وتارێکدا بە ناونیشانی: (یەکەم تەلارە گەردوونییەکان کەی پێکهات)؟ دەقاودەق زانایان دەڵێن[٥]:

(Since light from a quasar illuminates all of the material along its path to us, quasars serve as distant **flashlights** revealing the properties of the early universe).

واتە: (لەبەر ئەوەی ئەستێرە بریسکەدارەکان سەرجەم ماددەکان ڕووناك دەکەنەوە، لە درێژایی ڕێگایاندا هەتا دەگەنە لای ئێمە، ئەوا ئەو ئەستێرانە وەکو چەند (چرایەکی دەرخەر)ی دوور لە ئێمە تایبەتمەندییەکانی گەردوونی سەرەتامان بۆ دەردەخەن).

هەروەها بینیم هەموو زانایان کاتێ لەم ئەستێرە بریسکەدارانەی سەرەتای گەردوون دەدوێن، دەیانشوبهێنن بە (چراکان). تەنانەت یەکێك لەو زانایانە دەڵێت[٦]:

(They act as the brightest **flashlights**).

واتە: (ئەم ئەستێرانە بە وێنەی چەند چرایەکی یەکجار بریسکەدار کار دەکەن)[٧]!

زانایان کاتێ ئەم ئەستێرە دوورانەیان بینی، هەستیان بە لەیەکچوونێکی تەواوەتی کرد لە نێوان ئەو ئەستێرانە و ئەو چرایانەشدا کە ڕێگایان بۆ ڕووناك دەکاتەوە. بۆیە خێرا ئەو ناوەیان لێ نا!

دەسا پاکی و بێگەردی بۆ ئەو کەسەی کە پێش ئەوان هەمان ناوی لێ نان! ئایا چۆن پێشیان ناکەوێ کە هەر خۆی بەدیهێنەری ئەو چرایانە و هەموو گەردوونیشە؟!

## ئێمەش دەپرسین:

ئایا ئەم لەیەکچوونە چی دەگەیەنێت و چ واتایەك بە دەستەوە دەدات کە لە نێوان دۆزینەوەکانی زانایانی سەدەی بیست و یەکەم و ئەو کتێبەشدا دەبینرێت کە چواردە سەدە پێش ئێستا هاتووەتە خوارەوە؟ ئایا بە چی ئەوە لێك دەدرێتەوە کە زانایانی ئەمڕۆ کاتێ ناوێکی زانستی بۆ دۆزینەوەیەکیان هەڵدەبژێرن دەبینین هەمان ناوە کە لە قورئاندا هاتووە، بێ ئەوەی قورئانیان خوێندبێتەوە؟!

دیارە ئەم دیاردەیە تەنها یەك واتای هەیە.. کە بانگ و هاوارێکی وەك ئەمەیە:



ئەی ئەو بێ ئایینانەی کە ئینکاریی کتێب و گوفتارەکەی خوای گەورە دەکەن!

ئێوە هەرچەندەش توێژینەوە ئەنجام بدەن و، پێش بکەون و، دۆزینەوەی نوێ بهێننە کایەوە، هەر لە دوا هەنگاوەکانی ڕێگاتاندا دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەم قورئانە و، دەڕۆنەوە خزمەت بەدیهێنەر و ڕۆزیدەری خۆتان کە ئەم هەموو ئامێرانەی بۆ ژێربار و گوێڕایەڵ کردوون، تاکو بەدیهێنراوان و نیشانەکان و موعجیزاتی خوای گەورەیان پێ ببینن، ئەو خوایەی کە لە قورئانەکەیدا بەڵێنی ئەوەی لە ئەستۆ گرتووە کە:

(لەمەولا نیشانەکانی خۆیتان لە ئێوە و ئاسۆکاندا پیشان دەدات، تاکو دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ئەم قورئانە گوفتاری حەق و ڕەوای خوای گەورەیە).

جا ئایا ئێستا (حەق)تان بۆ ڕوون بووەوە؟

کەواتە لەگەڵ مندا گوێ لەم ڕوونکردنەوە توندوتۆڵە خواییە ڕابگرن کە دەفەرموێ:

﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ * أَلا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِّن لِّقَاء رَبِّهِمْ أَلا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطٌ﴾ (فصلت:٥٣-٥٤).

## چەند ڕوویەکی جیاجیای ئیعجاز لەم ئایەتانەدا:

ئەم دوو ئایەتەی کە لێیان دواین چەندین موعجیزەی ئەوتۆیان تێدایە کە ناگونجێ ئینکاری بکرێن. وا بە بێ هیچ تەئویلێك و لە ناوەندی واتای ڕاستەوخۆ و ڕوونی ئایەتەکاندا ئەو موعجیزانە دەخەینە ڕوو. دەشبینین کە ئەو واتایانە گەلێ ڕوونن و، لەگەڵ دۆزینەوە زانستییە نوێکاندا یەکجار تەبا و گونجاون:

١ – ئایەتە پیرۆزەکە لە قۆناغێکی یەکجار زووی تەمەنی گەردوون دەدوێت لە سەرەتای بەدیهاتنیدا کاتێ گازی گەرم هەموو گەردوونی پڕ کردبوو. ئەمەش لەم ئایەتەدا دەبینین کە دەفەرموێ:

﴿ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ﴾.

٢ – ئایەتەکە تەنها بە یەك وشە گوزارشتی لە حەقیقەتی ئەو کاتەی گەردوون کردووە، کە وشەی: (دخان)ە. ئەم وشەیە زۆر بە وردی ڕاستیی ئەو قۆناغەی تەمەنی گەردوون دەردەبڕێت و، بەو تەنیا وشەیەش هەموو ئەو ڕستە زۆرانەی کورت کردووەتەوە کە زانایان بۆ گوزارشت لەو قۆناغە بەکاریان هێناوە. ئەمەش ئیعجازێکی سەرسووڕهێنەری قورئانی پیرۆزە لە وردیی وشەکانیدا و یەکاویەك بوونی لەگەڵ زانستی نوێ و ڕاستییە یەقینییەکاندا.

٣ – قورئان باس لە قسە و ئاخاوتنی ئاسمان دەکات لەو کاتەدا و، گوێڕایەڵی کردنی بۆ بەدیهێنەری. لەوانەیە هەندێ کەس ئەمەی بەلاوە نامۆ بێت و، بڵێت: ئاسمان چۆن قسە دەکات؟ کەچی توێژینەوە تازەکان سەلماندوویانە کە دەگونجێ گەردوون لەو قۆناغەدا کە "دووکەڵ" یان "گاز" بووە شەپۆلی دەنگیی دەرکردبێت.

٤ – ئایەتەکە ئەو قۆناغەی دیاری کردووە کە ئاسمان تیایدا دواوە، کە قۆناغی "دووکەڵ"ە. هەر هەمان شتیشە کە ئەمڕۆ زانایان دۆزیویانەتەوە، ئەوەتا بۆیان دەرکەوتووە کە گەردوون لە قۆناغی گازی گەرم و تەپوتۆزدا و لە ئەنجامی کشان و فراوان بوونیدا چەند شەپۆلێکی دەنگیی دەرکردووە.



٥ – زانایان دەڵێن: لە قۆناغی دوای "دووکەڵ" (یان گازی گەرم و تەپوتۆز)دا ئەستێرە بریسکەدارەکان یاخود کوازارەکان پێکهاتوون. کاتێکیش کە لەم ئەستێرانە کۆڵیونەتەوە بۆیان دەرکەوتووە کە بە وێنەی چرا کار دەکەن و، درێژایی ئەو ڕێگایەش هەر لە لای خۆیانەوە تا دەگاتە لای ئێمە ڕووناك دەکەنەوە و، بەهۆی ڕووناکیی ئەوانەوە دەتوانین تەنەکانی دەوروبەریان ببینین.

یەکەم ئیعجازی ئەمە لە دەست پێشخەریی قورئاندا دەردەکەوێت کە ئەم ئەستێرانەی ناو ناوە (مصابیح = چراکان) بە جۆرێ کە لە سەدا سەد لەگەڵ ئەوەدا یەك دەگرێتەوە کە زانایانی ئەمڕۆ دەیبینن. ئیعجازی دووهەمیش لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە قورئان قۆناغی

زەمەنیی پێکهاتنی ئەو ئەستێرانەی دەستنیشان کردووە، کە قۆناغەکەی دوای قۆناغی "دووکەڵ"ە.

٦ – ئێمە لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا کە دەفەرموێت: ﴿وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنيا بِمَصَابِيحَ﴾ قسەیەك دەبینین سەبارەت بە ڕازاندنەوەی ئاسمان بە ئەستێرە بریسکەدارەکان. خۆ زانایانی ئەمڕۆش هەر ئەوە دەڵێن. ئەوەتا ئەم ئەستێرە و گەلەستێرانەی کە تۆڕی گەردوونی لێ پێکهاتووە دەشوبهێنن بە چەندین مرواری کە ئاسمانیان ڕازاندبێتەوە!! ئەمەش دەست پێشخەرییەکی زانستییانەی تری قورئانە لە بەکارهێنانی دەستەواژە و گوزارشتە وردەکان، کە بە تەواوی لەگەڵ واقیعدا یەك دەگرێتەوە[٨].

٧ – گەر سەرنج لە دەقەکەی قورئان بدەین دەبینین ڕووی گوفتاری ئاراستەی ئەو کافرانە کردووە کە باوەڕیان بە خوای بەدیهێنەر نییە، دەفەرموێ:

﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَه أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ * وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ * ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ (فصلت:٩-١١)..

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو دوور لە ئایینانە خۆیان ئەم ڕاستییە گەردوونییانە دەدۆزنەوە و دەیبینن. ئەمەش – بە هەمان جۆر – دەست پێشخەرییەکی تری زانستییانەی قورئانە لە دەستنیشان کردنی ئەوانەی کە یەکەم جار ئەو ڕاستییانە دەبینن، بۆیە ڕووی گوفتارەکەی لەوان کرد.

## کۆتایی:

ئەم چەند ڕووەی ئیعجاز وەڵامدانەوەیە بۆ ئەوانەی ئیعجازی زانستی لە قورئاندا ناسەلمێنن و، بۆ ئەوانەش کە لەو باوەڕەدان: مادەم موسڵمانان لە ڕووی زانست و تەکنۆلۆجیاوە دواکەوتوون ئەوا نابێ لە ئیعجازی زانستی بکۆڵنەوە! هەروەها وەڵامێکیشە بۆ ئەو کەسەی کە دەڵێت: (هەمیشە موسڵمانان چاوەڕێی خۆرئاوان کە ڕاستییەکان و دۆزینەوەکان پێشکەش بکەن، ئنجا ئەمان بیدەنە پاڵ قورئان). بەڵکو ڕاستییەکە پێچەوانەی ئەمەیە. چونکە دۆزینەوەی ئەم ڕاستییانە لە لایەن خۆرئاواییەکان و لێدوانی قورئانیش لەبارەیانەوە بە وردییەکی سەرسووڕهێنەر و، ئاراستە کردنی ڕووی گوفتاری قورئان بۆ ئەو بێ ئایینانە، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی ئەوەی کە کتێبی خوای گەورەیە و، لەسەر ئەوەش کە کتێبێکی ڕاست و ڕەوایە. خۆ ئەگەر ئەم قورئانە هی خوا نەبوایە و دانراوی حەزرەتی محەممەد – دروودی خوای لەسەر بێت – بووایە، بێ گومان ئەو دۆزینەوەیەی دەدایە پاڵ خۆی. چونکە لە حاڵێکی وادا بۆچی دەیداتە پاڵ دوژمنانی و ڕووی گوفتاریشی لەوان دەکات؟

لە کۆتایی ئەم باسەدا ناتوانین سەری سوژدەی بەندایەتی بۆ خوای گەورە دانەنوێنین سەبارەت بە مەزنیی کتێبەکەی و گەورەیی ئیعجازی ئەو کتێبەی. هەروەك ناتوانین ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەش دووپات نەکەینەوە کە دەفەرموێت:

﴿وَقُلِ الْحَمْدُ للهِ سَيُرِيكُم آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾.

* * *

## سەرچاوەی وەرگێڕ:

### پێگە و لینکی:

http://www.kaheel7.com/modules.php?name=News&file=article&sid=331

## سەرچاوەکانی نووسەر:

١ – وتارێك بە ناونیشانی: "تەقینەوە مەزنەکە قسە دەکات" لەم لینکەدا:

http://www.newscientist.com/article.ns?id=dn4320



٢ – وتارێك لەبارەی دەنگی تەقینەوە مەزنەكە، لەم لینكەدا:

http://www.npl.washington.edu/AV/BigBangSound_2.wav

٣ – وتارێك لەسەر كونە ڕەشەكان و ئەو دەنگانەی كە ئەم تەنە قورسانە دەری دەكەن، لەم لینكەدا:

http://www.space.com/scienceastronomy/blackhole_note_030909.html

٤ – وتارێك لەبارەی پێكهاتنی ئەستێرەكان، لەم لینكەدا:

http://www.space.com/scienceastronomy/map_discovery_030211.html

٥ – چەند وتارێك لەسەر تەقینەوە مەزنەكە، لەم پێگە زانستیە:

http://www.newscientist.com/article.ns?id=dn3963

http://www.newscientist.com/article.ns?id=dn4879

http://www.newscientist.com/article.ns?id=dn3821

٦ – وتارێك لەبارەی ئەو دەنگانەی كە گەردوون دەری كردوون:

http://www.sfgate.com/cgi-bin/article.cgi?file=/c/a/2005/01/12/MNG9RAOR0B1.DTL

٧ – وتارێك بە ناونیشانی: چەند دەنگێك لە بۆشاییدا، لە لینكی:

http://www.space.com/scienceastronomy/mystery_monday_030922.html

٨ – وتارێك لەسەر یەكەم شەپۆلە دەنگیەكان، بە ناونیشانی:

(First Sound Waves Left Imprint on the Universe).

لە پێگەی (بۆشایی): www.space.com

٩ – چەند وتارێك لەسەر ئەستێرە بریسكەدارەكان، یاخود كوازارەكان لەم پێگانە:

http://www.sdss.org/news/releases/20010803.darkage.html

http://map.gsfc.nasa.gov/m_uni/uni_101firstobj.html

http://www.nrao.edu/imagegallery/glossary.shtml#light_year

http://www.nrao.edu/imagegallery/glossary.shtml#quasa

---

## پەراوێزەكان:

(١) لە وتارێكدا بە ناوی (گەردوونی سەرەتا دەدوێت) لەبارەی دۆزینەوەیەكی نوێی زانای گەردوونناس پرۆفیسۆر مارك ویتڵ لە زانكۆی ڤێرجینیا. ئەم زانایە دۆزەرەوەی دەنگە گەردوونییەكەیە و، باسی لەو شەپۆلە دەنگییانە كردووە كە كاتێ گەردوون تەمەنی ٣٨٠ هەزار ساڵ بووە دەری كردووە و، ئەم دەنگەش كە ئەنجامی بڵاو بوونەوە و فراوانبوونی گەردوون بووە درێژەی كێشاوە هەتا گەردوون تەمەنی گەیشتووەتە یەك ملیۆن ساڵ. دوای ئەوە ئەستێرەكان دەستیان بە دروست بوون كردووە. ئەم وتارە لەم پێگە و لینكەدا بڵاو كراوەتەوە:

http://www.space.com/scienceastronomy/big_bang_sound_040601.html

(٢) بڕوانە: تەفسیری قورتوبی لەسەر ئایەتی: ﴿ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ (فصلت: ١١).

(٣) بۆ نموونە بڕوانە:

http://abyss.uoregon.edu/~js/images/qhalo.mpg

http://abyss.uoregon.edu/~js/images/NGC604.gif

http://abyss.uoregon.edu/~js/glossary/globular_cluster.html

(٤) بڕوانە:

http://news.bbc.co.uk/1/hi/sci/tech/3832711.stm

(٥) ئەم وتارە لە پێگەی وەكالەتی بۆشایی (NASA)دا و لەم لینكەدا بڵاو كراوەتەوە:

http://map.gsfc.nasa.gov/m_uni/uni_101firstobj.html

(٦) لە وتارێكدا بە ناونیشانی: (دوورترین شوێنی گەردوون) لەسەر ئەم لینكە:

http://www.xs4all.nl/~carlkop/xquasar.html

(٧) ئەمە وتەی زانا (كریستۆڤەر چەرچڵ)ە لە بەشی فیزیا و گەردوون لە ویلایەتی بۆن، ئەوەتا وەسفی كوازار بە وێنەی چرایەكی گەردوونی دەكات و، دەڵێ: (ڕووناكی بەخشینی ئەستێرەیەكی بریسكەدار یەكسانە بە ڕووناكیی ١٠١٨ دانە خۆری وەك خۆرەكەی خۆمان):

**"A typical quasar's luminosity is somewhere in the order of 1018 suns," Churchill said, describing the quasar as a cosmic flashlight.**

ئەو وتارەش لەم پێگەیەدا هەیە:

http://www.collegian.psu.edu/archive/2001/01/01-23-01tdc/01-23-01dnews-10.asp

(٨) بۆ درێژەی زیاتر تكایە با سەیری ئەم لینكە بكرێت:

http://www.eso.org/outreach/press-rel/pr-2001/pr-11-01.html

جەمال موحەمەد ئەمین

# شەو و رۆژ لە قورئانی پیرۆزدا

## ٧

Jamalm11@hotmail.com

به دوایەكدا هاتنی شەو و رۆژ یەكێكە لە نیشانە زۆر گەورە و لە بەرچاوەكان، كە توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بە ڕوونی دەردەخات. بۆیە لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا خوای گەورە ئاماژە بەو دیاردە گەردوونیە ناوازەیە دەدات. وەك زانراوە گۆی زەوی دوو جۆر جووڵەی سەرەكی هەیە، یەكێكیان سووڕانەوەیەتی بە دەوری خۆردا كە لە ئەنجامدا چوار وەرزە قەشەنگەكەی لێ دروست دەبێت و، ئەوی دیكەیان خولانەوەیەتی بە دەوری خۆیدا كە لە ئاكامدا شەو و رۆژ دروست دەبێت كە لەم وتارەدا مەبەستە.

شەو و رۆژ ئەو دوو دیاردە گەردوونیە جوان و قەشەنگەن كە هەرگیز ژیانی سەر زەوی بەڕێوە ناچێت بە بێ بوونیان و، مرۆڤ بەهۆیانەوە ئاگاداری كات و مێژووی ڕووداوەكان دەبێت و بە بێ ئەو بەدوایەكدا هاتنەی شەو و رۆژ هەست كردن بە كات لای مرۆڤ دەوەستێت و ئاگای لە زنجیرەی ڕووداوەكان نامێنێت و ناتوانێت مێژووەكانیان تۆمار بكات و لە لای خۆیەوە تۆماری ڕووداوەكان و فایلەكانیان بپارێزێت.

ووشەی (اللیل) كە بە مانای شەوە لە (٦٥) ئایەتی قورئاندا (٧٥) جار هاتووە و، لە بەرامبەردا ووشەی (النهار) كە بە مانای رۆژە لە ( ٤٦ ) ئایەتدا (٥٣) جار هاتووە، بەڵام ووشەكانی: "الصبح" و"الإصباح"، و"الفلق"، و"بكرة" و لێوەرگیراوەكانیان كە بە مانای رۆژ هاتوون، لە زۆر ئایەتی دیكەدا هاتوون و هەندێك جاریش ووشەی (یوم) لە قورئاندا بە مانای رۆژ هاتووە.

شەو و رۆژ دوو نیشانەی گەردوونیی گەورەن لە نیشانەكانی گەورەیی و دەسەڵاتی خوای گەورە كە هەردووكیان گەواهی لە سەر ووردێتی بینای گەردوون دەدەن. هاوڕێ لەگەڵ جووڵە بەخولە ڕێكەكەی گۆی زەوی بە دەوری تەوەرەكەیدا كە تۆزێك لارە لە سەر خولگەكەی بە دەوری خۆردا، كە ئەوەش هۆكاری پەیدا بوونی چوار وەرزەكەیە و ئەگەر وا نەبوایە تەنها دوو وەرز دەبوو!

ئاڵوگۆڕی ڕێكوپێك و بە دوای یەكدا هاتنی شەو و رۆژ لە سەر هەردوو نیوە گۆی زەوی لە پێویستیەكانی بەردەوامبوونی ژیانە لە سەر ئەم هەسارەیە،چونكە لە میانەی ئەو ئاڵوگۆڕەدا زۆر كاری ڕێكخستن و كۆنترۆڵ كردنی گرنگ لە سەر گۆی زەویدا ڕوو دەدەن كە بۆ بەردەوامبوونی ژیان لە سەری پێویستن، وەك:

١ – بەو ئاڵوگۆڕەی نێوان ڕووناكی و تاریكی كۆنترۆڵی ئەو ووزەیەی خۆر دەكرێت كە دەگاتە سەر زەوی، كە لەویشەوە دەست بەسەر بڕی هەڵم و پلەكانی گەرمی و شێ و بڕی گەرمیی گەیشتوو بۆ سەر زەوی دەگیرێت.

٢– لە هەمان كاتدا دەست بەسەر زۆر لە چالاكیە زیندە و نازیندەییەكانیشدا دەگیرێت، وەك كردارەكانی هەناسەدان و زیندەپاڵ لە مرۆڤ و گیانەوەراندا و ڕۆشنە پێكهاتن و بوون بەهەڵم لە ڕووەكاندا.

٣ – هەروەها هەر بەهۆی ئەو بە دوایەكاهاتنەی شەو و رۆژەوە پێكهاتەی كیمیایی هەردوو بەرگە گازی و ئاوی زەوی ڕێكدەخرێن.

٤ – بەو بە دوایەكداهاتنەی شەو و رۆژ زۆر لە خولە چالاكیەكانی زەوی ڕێكدەخرێن، وەك؛ سووڕی ئاو لە نێوان زەوی و چینەكانی سەرەوەی بەرگە هەوای زەوی و،

جوولەی با و هەور لەو بەرگە گازیەدا و، دابەش بوونی باران بە سەر ناوچەکانی سەر ڕووی گۆی زەویدا.

٥ – ڕووتەن کردنی بەردەکان بە لێکهەڵوەشاندنیان و وورد و خاش کردنیان و مانەوەیان لە جێی خۆیان یان گواستنەوەیان بۆ شوێنی دیکە بە مەبەستی دروستبوونی خاك و نیشتووی بە پیت کە پڕن لە خێر و بەرەکەت بۆ سەر زەوی.

٦ – بوونی ئەو بەدوایەکدا هاتنەی شەو و ڕۆژ زۆر پێوستە بۆ دابەشبوونی کاتەکانی ئیش کردن و حەوانەوە و نووستن بۆ مرۆڤ و گیانەوەرانی دیکە. چی دەبوو ئەگەر تا سەر هەر ڕۆژ بوایە یان تا سەر هەر شەو بوایە؟ بێگومان ژیان زۆر زۆر ناخۆش یان هەر نەدەبوو: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِضِيَاءٍ أَفَلا تَسْمَعُونَ﴾ (القصص:٧١).. یان: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلا تُبْصِرُونَ﴾ (القصص:٧٢). ووشەی (سرمدا) بە مانای هەمیشەیی و هەتاهەتایی دێت.

مرۆڤ پێویستی بە کاتێکی دیاریکراو هەیە تاکو تیا بحەوێتەوە و مێشك و جەستەی پشوویەك وەربگرن بە مەبەستی نوێکردنەوەی چالاکیەکانی بۆ ڕۆژی دواتر. ئەوەش سەلمێندراوە لە ڕووی زانستیەوە کە باشترین کات بۆ نووستن شەوە و خراپترین کاتی نووستنیش ڕۆژە. جگە لەو کاتە زۆر کەمەی نیوەڕوان کە بە (القیلولە) ناسراوە!

٧ – لەوانەیە زۆر شاراوەی دیکە هەبن لە شەودا کە ئێمەی مرۆڤ هێشتا پەی مان پێ نەبردووە بۆ نموونە لە ڕۆژدا بەرگە هەوای دەوری گۆی زەوی کە بەرگێکی پارێزەرە بۆ تایبەتی بەرگە ئایۆنیەکەی کە لە ڕۆژدا دەکشێن و توانایان لە پاراستنی ژیانی سەر زەوی زیاتر دەبێت، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادی چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات، بەڵام لە شەودا ئەو بەرگە دەچێتەوە یەك و ئەو چالاکیەی نامێنێت، بۆیە وا باشە شەو بۆ نوستن و حەوانەوە بێت لەبەر خۆپاراستن لەو مەترسیانە! ئەی نابینیت خوای گەورە شەوی ناو ناوە بە (لباسا) و ڕۆژ بە (معاشا) وەك دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا * وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا﴾ (النبأ:١٠-١١).. یان دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾.

جێی سەرنجە کە ووشەی (اللیل) زیاتر هاتوە لە ووشەی (النهار) لە قورئانی پیرۆزدا و، لە ناوهێنانیشیاندا بە زۆری پێش دەکەوێت، کە ئەوانەش بۆ خۆیان لەوانەیە بەڵگەی زۆر نهێنی دیکە بن کە ئێمە هێشتا نایزانین.



## ئاکامە زانستیەکانی بەدوایەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ:

لە دیاردەی بە دوایەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ گەلێ دەرئەنجامی زانستی زۆر گرنگ پەیدا دەبن کە هەوڵ دەدەین بە پێی توانا و بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بدەین وەك:

١ – گۆیی یان خڕێتی زەوی: بەدوایەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ بە ڕێکوپێکی بەسەر دوو نیوەگۆی زەوی و چوونە ناوەوەی یەکێکیان بۆ نێو ئەوی دیکەیان (یولج) و دەرکەوتنی یەکێکیان و داپۆشینی ئەوی تریان و خڕکردنەوەی شەو بەسەر ڕۆژدا و بە پێچەوانەوە (تکویر) ئەمانە و زۆر گوزارشی دیکەی قورئان هەر هەموویان بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە زەوی خڕە، ئەوەش زیاد لە چوارده سەدە لەمەوبەر لە قورئاندا هاتووە، لە کاتێکدا کە پەیامبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر بێت) خۆی نەخوێندەوار بوە و لە سەردەمێکدا ژیاوە کە وایان زانیوە زەوی تەختە! ئایا ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم قورئانە نێردراوی خوای گەورەیە و هەر خۆی ئاگادارە بە هەموو نهێنیەکانی بوون؟

٢- خولانـەوەی زەوی بـە دەوری خۆیـدا: لـە ئەنجامـە زانستیەکانی بەدوایەکدا هـاتنی شـەو و ڕۆژ ئەوەیـە کـە زەوی گۆییە و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. چونکە ئەگەر وا نەبوایە شەو و ڕۆژ بـەو جـۆرە بـە دواییەکـدا نـەدەهاتن. لـە چـەندین ئایەتدا بە شێوەی گوزارشی جیاجیـا و شـاراوەی نـەرم، ئامـاژە بەو ڕاستیانە دراوە کە تازە بە تازە زانستی نوێ پێیـان دەگـات. ئەوەتا بە پێی زانستی نـوێ زەوی لـە جوولـە بەخولەکـەی بـە دەوری تەوەرەکـەی خۆیـدا بـە خێرایـی (١٠٠٠) کـم/کـاژێر واتـــە نزیکـەی (٦٢١) میـل/کـاژێر لـە ناوچـەی هێڵـی یەکسانیدا و بە ئاراستەی پێچەوانەی جوولـەی میلـی کاتژمێر واتە لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵات دەخولێتەوە، یەك خـولیش بە (٢٣) کاژێر و (٥٦) خولەك تەواو دەکات و لە ئەنجامیشـدا شەو ورۆژ دروست دەبێت.

لێرەدا پێویستە ئامـاژە بـە ڕاستیەکی زانسـتی زۆر گـرنگ بدەین کـە لـە میانـەی بەدوایەکـدا هـاتنی شـەو و ڕۆژدا بـاس کراوە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا زاناکان پـەییان پـێ بـردووە، ئەویش ئەوەیە کە لە سـەرەتای بـەدیهاتنی زەوی گۆشـەخێرایی یان با بڵێین (خێرایی) خولانەوەی گۆی زەوی زۆر گەورە بووە بە جۆرێك ماوەی شەو و ڕۆژێك لەو کاتانەدا تـەنها(٦) کـاژێر بووە! وەك دەفەرموێت:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّـمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْـرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأعراف: ٥٤).

لە هەموو قورئاندا چوار جار ﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ﴾ هـاتووە کە مانای (شەو ڕۆژ دادەپۆشێت) بەڵام تەنها یەك جـار ﴿يَطْلُبُـهُ حَثِيثًا﴾ هـاتووە کـە بـە مانـای (زۆر بـە خێرایـی دێـت). واتـە کرداری داپۆشینەکە زۆر بە خێرایی دەبێت کە ئەوەش ئاماژەیـە بۆ خێرا خولانـەوەی گـۆی زەوی بـە دەوری خۆیـدا کـە لـەو کاتانـەدا کـاتی شـەو و ڕۆژێـك تـەنها شـەش کـاژێر بـووە و ساڵێکیش زیاد لە (٢٠٠٠) ڕۆژ بووە بەو پێوانە کردنە! بـەڵام هێواش بوونەوەی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا بـە بـڕی کەمتر لە چرکەیەك لە ماوەی هەر سـەدەیەکا وای کـردووە کە ماوەی شەو و ڕۆژ بەم کاتەی ئێستای گەیشتوە.

٣ – جوولەی زەوی بە دەوری خۆردا: لـەو ئایەتانـەی کە باس لە شـەو و ڕۆژ دەکـەن زۆر جـار بـاس لـە گـۆی زەویـش دەکـەن وەك: ﴿وَهُـوَ الَّـذِي خَلَـقَ اللَّيْـلَ وَالنَّهَـارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُـلٌّ فِـي فَلَـكٍ يَسْـبَحُونَ﴾ (الأنبيـاء: ٣٣) یان: ﴿لا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلاَ اللَّيْـلُ سـابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْـبَحُونَ﴾ چونکە هەر یەکە لە شەو و ڕۆژ بریتین لە ئاوەڵفرمانی کاتی و، ماددی نین بـەڵام ئەوانـە پێویستیان بە شوێن هەیە کە ئـەویش زەویـە و شـەو نیـوەی دەگرێتەوە و ڕۆژیش نیوەکەی دیکەی دەگرێتەوە و، ئەگـەر گۆی زەوی لە بەردەم خۆردا نەخولێتـەوە ئـەوا بـەو جـۆرە شـەو و ڕۆژ پەیـدا نـەدەبوو، ئەگـەر گـۆی زەوی لەسـەر تەوەرەکەی بە دەوری خۆردا نەسوڕێتەوە ئـەوا بورجـەکان نەدەگۆڕان و، ئەگەر تەوەری خولانـەوەی گـۆی زەوی بـە گۆشەی (٦٦,٥) پلە لار نەبوایە لەسەر بازنەی بورجـەکان یان خولگەی سـووڕانەوەی زەوی بـە دەوری خـۆردا ئـەوا چوار وەرزە دروست نەدەبوون. ئەوانەش بەڵگـەی شـاراوە و نەرمی ئایەتەکەن لەسەر جۆری دووەمی جوولـەی گـۆی زەوی کە جوولەی بەسووڕە و بـە دەوری خۆردایـە. گـۆی زەوی بە خێرایی (٣٠) کم/چرکەیەکدا واتـە (١٠٨٠٠٠) کم/کاژێرێکدا بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە کـە دەکاتـە نزیکـەی (٦٧١٢٢) میـل/کـاژێر. زەوی یـەك سـووڕ بـە دەوری خۆردا لـە مـاوەی (٣٦٥,٣) ڕۆژدا تـەواو دەکـات کە دەکاتە یەك ساڵی زەمینی و لە ئەنجامی ئەو جوولەیەشـدا چوار وەرزە دروست دەبێت.

٤ – جەخت کردن لـەسەر ئەوەی تـاریکی بنەڕەتـە لـە گەردووندا: ئەو ڕاستیە زانستیەی کـە تـاریکی بنەڕەتـە لـە گەردووندا لە سـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـوردوودا دۆزرایـەوە کاتێـك کـە مـرۆڤ دەسـتی کـرد بـە گەشـتە ئاسمانیەکان و گەیشتە دەرەوەی گۆی زەوی. بەڵام قورئـانی پیرۆز لە چـواردە سـەدە لەمەوبـەرەوە ئامـاژە بـەو ڕاستیە

زانستیه ده‌دات به چه‌ند ووشه‌یه‌كی ناسك و نه‌رم و جوان، سه‌رنج بده خوا ده‌فه‌رموێت:

﴿وَآيَةٌ لَهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُمْ مُظْلِمُونَ﴾ (يس:٣٧).

ووشه‌ی (نسلخ) به مانای داماڵین دێت، وه‌ك ده‌ڵێن: (سلخ الجلد) واته پێسته‌كه‌ی داماڵی و پێستیش چینێكی ته‌نكه له له‌شی گیانداران، مانای ئایه‌ته‌كه‌ش ئه‌وه‌یه كه یه‌كێك له نیشانه‌كانی ده‌سه‌ڵاتی خوای گه‌وره ئه‌وه‌یه كه ڕۆژ داده‌ماڵێت له شه‌و و ئیتر مرۆڤه‌كان تاریكیان به سه‌ردا دێت!



كرداری داماڵینه‌كه نیوه‌ی گۆی زه‌وی ده‌گرێته‌وه و ته‌نها چینێكی ته‌نك له به‌رگه هه‌وای زه‌وی ده‌گرێته‌وه كه له (٢٠٠) كم تێپه‌ڕ ناكات. ڕێژه‌ی ئه‌و به‌رزیه‌ش بۆ ماوه‌ی نێوان زه‌وی و خۆر كه (١٥٠) ملیۆن كم ده‌گاته (١/ ٧٥٠٠٠٠) و ئه‌و ڕێژه‌یه‌ش بۆ نیوه‌تیره‌ی به‌شی زانراو له گه‌ردوون كه (١٢) ملیار ساڵی ڕووناكیه زۆر زۆر كه‌م ده‌بێت! ووشه‌ی داماڵینیش كه به زۆری بۆ پێسته ئه‌وه‌یه كه چینێكی ته‌نك ده‌گرێته‌وه كه ئه‌ویش پێسته. تێبینی بكه له‌و گوزارشته زانستیه‌ی قورئانی پیرۆز!!

له‌وانه‌یه ئه‌وه‌ش هۆیه‌ك بێت له‌و هۆیانه‌ی كه بۆچی به زۆری شه‌و پێش ڕۆژ خراوه له ناوهێنانی هه‌ردووكیان پێكه‌وه له قورئانی پیرۆزدا، یان زۆرتر ووشه‌ی شه‌و ناوی هێنراوه له قورئاندا و خواش ده‌زانێت.

٥ – له سه‌ره‌تای به‌دیهێناندا شه‌وی زه‌وی به چه‌ند جۆرێك دیارده ڕووناك ده‌كرایه‌وه:

له ئایه‌تێكدا كه باس له شه‌و و ڕۆژ ده‌كات ئاماژه‌یه‌كی نه‌رم و ناسك هه‌یه بۆ دیارده‌ی شه‌فه‌قی قوتبی polar-aurora یان گزنگی پۆڵی (ئۆرۆرا) ئایه‌ته‌كه‌ش ئه‌مه‌یه ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِتَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً﴾ (الإسراء:١٢).

دیارده‌ی شه‌فه‌قی قوتبی دیارده‌یه‌كی ڕووناكی جوانه كه له ناوچه جه‌مسه‌ریه‌كانی سه‌ر گۆی زه‌وی ڕووده‌دات و به شه‌و ده‌بینرێت له‌و ناوچانه‌دا دیارده‌كه به‌هۆی ئه‌وه‌وه ڕووده‌دات كه كاتێك تیشكی گه‌ردوونی بنه‌ڕه‌تی كه له گه‌ردووندا هه‌یه و تا ئێستاش سه‌رچاوه‌كه‌ی نازانرێت كاتێك ئه‌و تیشكه به‌ر به‌رگه هه‌وای گۆی زه‌وی ده‌كه‌وێت ده‌بێته هۆی بوون به ئایۆنی ئه‌و به‌رگه هه‌واییه له‌و ناوچه جه‌مسه‌ریانه و، ئه‌و دیارده‌یه‌ش نه‌زانراو بوو تا ساڵی ١٩٣٦، به‌ڵام له سه‌ره‌تای دروستبوونی زه‌ویدا به پێی زانستی نوێ ئه‌و به‌رگه پارێزه‌ره گازیانه‌ی كه ئێستا هه‌ن ئه‌و كاته نه‌بوون وه‌ك به‌رگه‌كانی ئۆزۆن و ئایۆنۆسفیر... بۆیه له‌و كاتانه‌دا دیارده‌ی شه‌فه‌قی قوتبی هه‌موو سه‌ر گۆی زه‌وی ده‌گرته‌وه به ئاسته نزمه‌كانیشیه‌وه و به‌شێك له ئایه‌ته‌كه ئاماژه به‌و ڕاستیه ده‌دات. پاش دروستبوونی ئه‌و به‌رگه گازیه پارێزه‌رانه و تا ئێستاش دیارده‌كه ته‌نها له ناوچه جه‌مسه‌ریه‌كاندا ده‌بینرێت و هه‌موو سه‌ر ڕوی زه‌وی ناگرێته‌وه!

ئا به‌و جۆره بینیمان كه چۆن دیارده‌ی به‌دوایه‌كدا هاتنی شه‌و و ڕۆژ چه‌ندین ده‌رئه‌نجامی زانستی و دیارده‌ی گه‌ردوونی لێ ده‌كه‌وێته‌وه، هاوڕێ له‌گه‌ڵ هه‌ژماركردنی كاته‌كانی وه‌ك ساڵ و مانگ و ڕۆژ هه‌روه‌ك ئایه‌ته‌كه‌ی پێشوو و ئایه‌تی دیكه‌ش ئاماژه‌یان پێ داوه!!

ئایا ده‌بێت په‌یامبه‌رێكی نه‌خوێنده‌وار له سه‌رده‌مێكی دواكه‌وتووی دوور له زانست و ته‌كنیك و له ناوچه‌یه‌كی ووشكی بیابانی دوور له هه‌موو دیارده‌یه‌كی شارستانی و مه‌ده‌نیه‌ت، ئه‌و هه‌موو زانیاریه ووردانه‌ی له كوێ هێنابێت و هه‌تا ڕۆبچێت بۆ سه‌ره‌تا سه‌ره‌تاكانی به‌دیهاتن؟! ئه‌گه‌ر

**ئەو قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە نەنێردرابێت وەك خـەڵات و دیاریەکی دانسقەی بێ وێنە بۆ ئێمەی مرۆڤ؟!**

* سوود لە ژ (٥) مانگی ٢٠٠٦/١٢ گۆڤاری (حراء) لە ئینتـەرنێت وەرگیراوە.



# ئەستێرەکانیش دەمرن

و : عادل لەتیف مەولەوی

## دەسپێک:

وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا ئاماژەی پێ فەرمووە، ژیانی هەموو بونەوەران کۆتایی یان پێ دێت و دەڕۆن. ژیانی تەواو نەبڕاوەی ڕەها تەنها بۆ خوای گەورەی زیندووە کە نامرێت وەك خۆی دەفەرموێت ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ، وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾ الرحمن ٢٦-٢٧ واتە (هەموو ئەو کەسانەی لە سەر ڕوی زەوین ، هەرهەمووی فەوتاوو تیاچووە و دەبێت بمرن، تەنها زاتی پەروەردگاری خاوەن بلندی و ڕێزداری تۆیە کە دەمێنێتەوە – تەفسیری ئاسان-) خوایگەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە بارەی چۆنێتی لە ناو چونی هەندێك لە دروستکراوەکانی خۆی شارەزامان دەکات . بۆ وێنە؛ چۆنێتی مردن و لەناوچونی ئەستێرەکان، وەك دەفەرموێت ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ، وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ التكوير١-٢ هەروەها دەفەرموێت ﴿فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ﴾ المرسلات ٨ .

هەروەك زانستی نوێش دەری خستووە ئەستێرە ژیانێکی دورو درێژی هەیە و بە کۆمەڵێك قۆناغی یەك لە دوای یەکدا دەڕوات .لە دایك دەبێت ، وردە وردە گەورە دەبێت هەتا دەگاتە قۆناغی لاوی و گەنجێتی و پاشان بۆ قۆناغی پیری هەتا دەگاتە قۆناغی کوژانەوەو مردن.

بێگومان ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو هەواڵانەی کە قورئانی پیرۆز داوێتی لە بارەی حاڵ و بەسەرهاتی ئەستێرەکان لە ڕۆژی قیامەتدا، جیاوازی نێوان ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا ڕو دەدات و ئەوانەی لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ڕوو دەدەن تەنها ئەوەندەیە لە ڕۆژی دواییدا ئەستێرەکان بە کۆمەڵ دەمرن، بەڵام ئەوانەی لەم ژیانە دا ڕوو دەدەن مردنی تاك تاکەی ئەستێرەکانە نەك هەموویان پێکەوە.

وەك دکتۆر زەغلول نەجار دەڵێت (لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕمان بەوە هەیە ئەو کوژاندنەوە و مردنە بە کۆمەڵەی توشی ئەستێرەکان دێت لە ڕۆژی دواییدا جیاوازە لەو کوژاندنەوەیەی کە توشی تاك تاکەی ئەستێرەکان دێت لە ژیانی ئەمرۆماندا ، چونکە ئەو لەناوچونە گشتییە بە فەرمانی خوای گەورە و بە (کن فیکون) یەك ڕوو دەدات).

ئەوەندە هەیە پەی پێ بردنی زانستی ئەمڕۆی گەردوناسی بە مردن و لەناوچونی ئەستێرەکان وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی ئەستێرە لە دونیادا دەبێتە بەڵگە و گەواهی یەکی بێ پەردە و ڕون بۆ فەرمودەکانی قورئان و ووتە بە پێزەکانی پێغەمبەری مەزن (درودی خوای لەسەربێت)[1].



١- من أسرار القران ،﴿والیل إذا عسعس * و الصبح إذا تنفس﴾، للدکتور زغلول

## واتای زمانەوانی ئەو ئایەتانەی کەلە بارەی مردنی ئەستێرەوە هاتوون

خۆر ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکان، و خوای گەورە هەواڵی پێچانەوە و کوژاندنەوەی داوە، و هەواڵی ئەوەیشی داوە کە ئەستێرەکانی دیکەیش دەکوژێنەوە و دەچنەوە یەك وەك خۆی دەفەرموێت ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ، وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ التكوير١-٢ هەروەها دەفەرموێت ﴿فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ﴾ المرسلات ٨ .

ووشەی (تكوير) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای پێچانەوەو کۆبونەوە دێت،خاوەنی کتێبی (مختار الصحاح) لەم بارەیەوە دەڵێت (ك و ر:كار العمامة على رأسه) واتە مێزەرەکەی پێچایەوە بەسەری یەوە، هەموو خولێك واتە (كور)، وە فەرموودەی خوای گەورە﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ التكوير١، ئیبن عەباس دەفەمویت واتە ڕۆدەچێت، و قەتادە دەفەرموێت: واتە ڕوناکی یەکەی دەڕوات، ئەبو عوبەیدیش دەڵێت وەك ئەوە وایە مێزەرەیەك بپێچیتەوە[2]، و ئیبن مەنزووریش دەڵێت :(لەبنەڕەتدا وەك پێچانەوەی مێزەر وایە ، پێچانەوەی خۆر واتە ڕوناکی یەکەی کۆ دەکرێتەوە و دەپێچرێتەوە هەرچۆن مێزەرێك دەپێچرێتەوە، وە دەشڵێن (كورت) بە مانای ڕۆچونیش دێت، وەموجاهیدیش دەڵێت بەمانای بڕانەوە و فەنابون یان ڕۆشتن دێت هەروەك چۆن دەڵێن بەمانای پێچانەوەیش دێت،ئەخفەش دەڵێت بە واتای پێچانەوەو نەمان دێت،ئەبو عوبەیدەش دەڵێت هەر چۆن مێزەرێك دەپێچیتەوە و دەبڕێتەوە ، و قەتادە دەڵێت (كورت) واتە روناکی یەکەی ڕۆشت، فەڕائو عەکرەمەیش دەڵێن ڕوناکی یەکەی دانا –فڕێی دا– و موجاهید دەڵێت (كورت) واتە شڵەژان، و ڕەبیعی کوڕی خەیسەم دەڵێت (كورت) واتە هەڵی دا . (كورته فتكور) واتە کەوت[3].

(الانكدار) لە (الكدر) ەوە هاتووە کە بەمانای لێڵی دێت دژەمانای ڕونی یە، ئیبن مەنزور دەڵێت :( (الكدر) دژەمانای ڕونی یە ، (الكدرة من الألوان ) واتە ئەوەی ئەچێت بەلای ڕەش یان چڵكنی و دیژی دا.... )[4].



(الطمس) لەزمانەوانیدا واتە ڕۆشتن و نەمانی ڕوناکی، خاوەنی کتێبی (لسان العرب) دەڵێت: (الطموس) واتە نەمان و لەناو چون ....، شەمر دەڵێت (طموس البصر) واتە نەمانی ڕۆشنایی چاو، هەروەها (طموس الكواكب) نەمانی ڕوناکی هەسارەکە، (الطمس) لەبن هێنانی ئاسەواری شتێك)[5].

ووتەی ڕاڤەکارانی قورئان لەبارەی ئەم ئایەتە پیرۆزانەوە:

لەسەر ئایەتی ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾التكوير١ ڕاڤەکاران چەند ووتەیەکیان هەیە:

ئیبن کەسیر دەفەرموێت:(عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ واتە تاریك بوو، وەعوفی لیوەی دەگێڕێتەوە :واتە ڕۆشت، و موجاهید و زوحاکیش دەڵێن : نەمان و ڕۆشتن، و قەتادە دەفەرموێت: ڕوناکی یەکەی ڕۆیشت)[6]،

---

٢- مختار الصحاح للرازي ٥٨٦/١

٣- لسان العرب لابن منضور ١٥٤/٥

٤- المرجع السابق١٣٤/٥

٥- لمرجع السابق ١٢٦/٦

٦- تفسير إبن كثير ٦١١/٤

بەغەوی دەڵێت:﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە : واتە تاریك بوو ، و قەتادە و موقاتل و کەلبی دەڵێن : ڕوناکی یەکەی ڕۆشت، و سەعیدی کوڕی جوبەیریش دەڵێت: چووبەناوا، و موجاهیدیش دەڵێت : نەمان، زوجاجیش دەڵێت :پێچرایەوەهەروەك چۆن مێزەرێك دەپێچرێتەوە، ودەڵێن {كورت العمامة على رأسي} واتە مێزەرەکەم پێچایەوە بەسەرمەوە ، وەبنەمای (التکویر) واتە کۆکردنەی کۆمەڵێك شت پێکەوە، واتە خۆر خۆی کۆ دەکاتەوەو خۆی دەپێچێتەوە هەرئەمەیشی بەسەر هات ڕوناکی یەکەی نامێنێت)[٧].

تەبەری دەڵێت: (بەلای ئێمەوە ڕاستی ئەوەیە : فەرموودەی خوای گەورە (كُوِّرَتْ)، وشەی (التکویر) لە زمانی عەرەبدا بەمانای کۆکردنەوە و کۆبونەوەی شتێك دێت:ئەمەیش وەك پێچانەوەی مێزەرێك بەسەرەوە وایە،یان وەك کۆکردنەوەی جلو بەرگ و پێچانەوەی،هەروەها فەرموودەی پەروەردگار ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ ماناکەی ئەمەیە : کۆبونەوە و فڕێدان ئەگەر ئەمەیشی بەسەر هات ڕوناکی یەکەی دەڕوات.....)[٨].

وە فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ التکویر٢، هەندێ لە ئەهلی ڕاڤە دەفەرموون (انكَدَرَتْ) بەمانای گۆڕدرا[٩]، وە دەڵێن کەوتنە خوارەوە و پرژو بڵاو بوون ، قورتوبی دەفەرموێت ﴿ وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ ﴾ واتە کەوتە خوارەوە و بڵاو بووەوە ، زوحاك لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە : واتە کەوت. وەبەمانای سڕینەوەی ئاسەوار دێت، ئەستێرە بۆیە ناونراوە ئەستێرە چونکە لە ئاسماندا دەردەکەوێت و دەدرەوشێتەوە، وەلە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە : (انكَدَرَتْ) گۆڕا و ڕوناکی نەما چونکە لەشوێنی خۆیاندا نەماون[١٠].

٧- تفسير البغوي ٣٤٥/١

٨- تفسير الطبري ٤٥٦/١٢

٩- المرجع السابق ٥٥٧/١٢

١٠- تفسير القرطبي ١٩٧/١٩

هەروەها فەرموودەی خوای گەورە ﴿فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ﴾ المرسلات/٨، ئەهلی ڕاڤە دەفەرموون (طمس النجوم) بەمانای ڕۆشتنی ڕوناکی و نەمانی نورەکەی ، و تەبەری دەفەرموێت :﴿ فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ﴾ کاتێك ئەستێرە ڕوناکی یەکەی بڕوات و ڕوناکی نەمێنێت[١١]، بەووتەی ئەو، زانایانی دیکەی ڕاڤەش هەمان ڕایان هەیە[١٢].

## قۆناغەکانی ژیانی ئەستێرە لە ژێر ڕۆشنا یی زانستی نوێدا

ئەستێرە لە کۆبونەوەی کۆمەڵە گازێکەوە دروست دەبێت، کە قەوارەیەکی زەبەلاحی هەیە، بریتیە لەو تەنە ئاسمانیانەی کەپلەیەکی گەرمی زۆر بەرزیان هەیە، سورەوەبوون، داگیرساوو و ڕوناکی بەخشن، بە زۆری گازی هایدرۆجین زاڵە بەسەر پێکهاتەکانیداو پاشان گازی هیلیۆم و لەمیش کەمتر ئەوتوخمانەی تر کە لەکێشدا قورسترن، لە ئەنجامی خولانەوەی ئەستێرەکە بە دەوری تەوەرەی خۆیدا وردە وردە هێزی کێش کردن ڕووەو چەقەکەی خۆی فەراهەم دێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی یەکگرتنێکی ناوکی گەردیلە هایدرۆجینییەکان لەنێوانی خۆیاندا بە مەش تێکەڵ بوون و پێکداچونێکی ناوکی ڕوو دەدات. لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنە ناوکییە شەوە بڕێکی ئێجگار زۆر لە ووزە لە شێوازی ژمارەیەك لە تیشکی کارۆموگناتیسی دەردەچێت کە گرنگترینیان ڕوناکی و گەرمین.

ئەم یەکگرتنە ناوکییە ئەبێتە هۆی گۆڕینی توخمەکان بۆ جۆرە توخمێکی دی ، کە لە کێشدا لەوەی پێش خۆی قورستربێت ئەم کردارەش بە بەردەوامی ڕو دەدات. دیارە ئەمەش بە کاریگەری خۆی دەبێتە هۆی ئاڵۆز کردنی

١١- تفسير الطبري ٣٨٢/١٢

١٢- تفسير إبن كثير ٥٩٠/٤،وتفسير القرطبي ١٣٨/١٩ ،تفسير البغوي ٣٠٤/١،زاد السير لابن الجوزي ٤٤٧/٨، فتح القدير للشوكاني ٥٠١/٥

پێکهاتەی کیمیایی و بونیادی ناوەکی ئەستێرەکە ، کە بە بەردەوامی لە قەوارەدا دەچێتەوە یەك و لە چریدا ڕووی لە زیاد بونە، و پلەی گەرماشی لە بەرزبونەوەدایە. بەمەش کۆمەڵێك قۆناغی یەك لە دوای یەك دەبینێت کە بە سوڕی ژیانی ئەستێرە ناو دەبرێت[13].

## سوڕی ژیانی ئەستێرە

سەرەتای ژیانی ئەستێرە لەو تۆزە گەردوونیانەوە دەست پێدەکات،کە لەیەکەمین تەقینەوە کەی گەردونەوە دروست بوون و لە گەردوندا بڵاو بونەتەوە ، وە بەردەوام و ئێستاشی لە سەربێت ئەستێرە هە یە لە دروست بووندایە و گەردون ناسانیش چاودێری یان دەکەن، بێگومان ئەم دروست بونەش بە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك،بە هۆی کۆمەڵێك گێژەڵۆکەی گەردونی بەهێز (الدوامات العاتیە)ەوە کە بەگێژەڵۆکەی چڕکەرەوەی مادده ناسراوە و کار لە سەر چڕکردنەوەی ئەو ماددانە دەکات کە لە هەورە گەردونییەکاندا هەن ئەمەش بەهۆی هێزی ڕاکێشانی قورساییەوە دەبێت، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکدادانی بەردەوامی یەك لەدوای یەکی تەنۆلکە گەردونییەکان، بێگومان ئەم پێکدادانەش بەرزبونەوەی وردەوردەی پلەی گەرمای لێ پەیدا دەبێت هەتا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ببێتە تەنێکی تیشك بەخش کە تیشکی ژێر سور دەنێرێت ،بەمەش تەنێك لە دایك دەبێت بەناوی ئەستێرەیەکی سەرەتایی.

ئەم کۆبونەوە و یەك ڕاکێشانەی کە لەنێوا تەنۆلکەکانی ئەستێرەیەکی سەرەتایی دا هەیە ڕەوو چەق بەردەوام دەبێت تا ئەو ڕادەیەی بارستەیەکی وا دروست ببێت کاری یەکگرتنی ناوکی(الاندماج النووي)، تێدا فەراهەم بێت. پێکدادان بەردەوام دەبێت و هەر لەزیاد بوندا دەبێت ، پەستان بە ڕادەیەك بەرزدەبێتەوە کە ڕێگابدات بە دروست بوونی کارلێك و پێکداچونی ناوکی لە نێوان ناوکی گەردیلە هایدرۆجینییەکاندا. بەمەش ئەستێرە سەرەتاییەکە دەست بە درەوشانەوە دەکات و ووزە و ڕوناکی بینراوی لێ دەردەچێت.بەمەش ئەو ئەستێرە سەرەتاییە دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن کە بە زنجیرەی سەرەکی-ئەستێرەی گەنج- ناو زەد کراوە[14].

ئەستێرە لەم قۆناغە دا زۆرترین ماوەی ژیانی تێدا بەسەر دەبات کەنزیکەی(٩٠٪ ی ماوەی ژیانێتی)کاتێك کە گەرمی و پەستان لە ناو چەقی ئەستێرەکەدا لە دایك دەبن، دەبنە هۆی چونەوە یەك و ڕاکێشانی ماددەکەی ڕووەو چەق وە لە ئەنجامی بەردەوامی ئەم کارلێکە ناوکی یانەی لە ناو ئەستێرەی زنجیرەی سەرەکی (گەنجێتی) دا ڕوو دەدات بڕێکی زۆر گەورە لە گازی هایدرۆجین بەکار دێت و دەگۆڕدرێت بۆ هیلیۆم ، و بە چەند پلەیەك پێکهاتەی قورستری وەك کاربۆن و نایترۆجین و ئۆکسجینیش دروست دەبێت[15].

ئەوەی شایەنی باسە خۆری خۆمان بریتیە لە ئەستێرەیەك



کە لە قۆناغی زنجیرەی سەرەکی –قۆناغی گەنجێتی– دا یە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە جێگیری یەك لە خاسیە تەکانیدا هەیە، چونکە هەرگیز نەبووە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ڕوناکی یەکی زۆری لە ڕادە بەدەر و ڕۆژێکی تر وەك ئەستێرەیەکی دوری درەوشاوەوە دەربکەوێت ، ئەمەش یە کێکە لە

١٣- ﴿و السماء و الطارق *وماأدراك ما الطارق*النجم الثاقب) الطارق١-٣ للدكتور زغلول النجار نقلاً عن موقع الدكتور زغلول النجار

١٤- المرجع السابق

١٥- المرجع السابق



نیعمەتەکانی پەروەردگار لە سەرمان کە خۆرەکەمان ئەستێرەیەکی جێگیرە لە ڕوی ناردنی ڕوناکی و وزە وە و، تێکڕای ئەو تیشکەی بۆمان دەنێرێت جێگیرە (بە نزیکەیی) ، ئەمەش هۆکارەکانی ژیان و گەرمیمان بۆ دەڕخسێنێت، کە پێداویستی بەردەوامی ژیانمانن. وە قۆناغی گەنجێتی درێژترین قۆناغە لە جیهانی ئەستێرەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆری خۆمان بە وویستی خودای گەورە لە سەر ئەم حاڵەتە جێگیر و نەگۆڕەی دەمێنێتەوە بۆماوەیەکی درێژی تەمەنی. بە مەزەندەی زانایان تەمەنی خۆر لەم کاتەی ئێستادا نزیکەی ٤٥٠ ملیۆن ساڵە، و لەسەر ئەم حاڵەیشی هەتا ٥٠٠٠ ملیۆن ساڵی تر دەمێنێتەوە، دوای ئەوەش دەکرێتەوەو دەبێتە ئەستێرەیەکی زەبەلاح و هەسارە نزیکەکانی خۆی یەك لە دوای یەك هەڵدەلوشێت و قوتیان دەدات. ئەوەی کە زانراویشە لە ڕوی تیۆرییەوە گۆی زەوی یەکێکە لەو هەسارانەی کە خۆر قوتی دەدات . بیری لێبکەینەوە چی بەسەر زەوی دێت ئەگەر هێند لە خۆر نزیك ببێتەوە هەتا ئەوەکاتەی قوتی دەدات.هێدی هێدی پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە ، پەردەی پارێزگاری زەوی وردە وردە نامێنێت لێرەدا مردنی هەموو گیانلەبەر و بونەوەران سەر زەوی حەتمی یە ،وردە وردە ئاوی زەریا و دەریا کان دەبن بەهەڵم و وشك دەکەن تا دەگاتە ئەوەی زەوی دەگۆڕێت بە هەسارەیەکی وشك و برنگ، وردەوردە زەوی خۆی دەکات بە ناو ئەوخۆرە گەرمە ترسناکەدا و بە هۆی ئەو گەرمییە زۆرەی ناواخنی خۆرەوە زەوی دەتوێتەوەو بە مەش هەسارەکەمان دەبێتە بەشێك لە خۆر . وە پێش ئەوەی خۆر زەوی هەڵبلۆشێت مانگ قوت دەدات ئەمەش ماناو ڕاڤەی ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت﴿جُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ﴾القیامة ٩[١٦] واتە(خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە و دەدرێن بەیەکدا — تەفسیری ئاسان—).

لە قۆناغەکانی داهاتوودا ناوکرۆکی ئەستێرەکە دەگۆڕێت بۆ ئاسن، ئیتر کاری یەکگرتنی ناوکی دەوەستێت، و ئەستێرەکە دەچێتە قۆناغی گیان کێشان و بەرەو مردن چوون، ئەستێرەکە دەگاتە قۆناغی *سوپەر نۆڤا*،و پاشان دەبێتە تۆزی گەردونی و بە *زەبەلاحی سور* کۆتایی دێت، و پاشان قۆناغی *ئەستێرەی شین* دێت کە پلەیەکی گەرمی ئێجگار زۆری هەیەو بە بڕێکی زۆر لە هایدرۆجین دەورە دراوە کە بە سەدیمی گەردونی ناسراوە. و پاش ئەمیش *قەزەمی سپی* ئەگەر ئەوبارستە سەرەتاییەی یەکەم جار ئەستێرەکەی لێ دروست بووە زۆر گەورە نەبێت، بەنزیکەی بە قەد خۆری خۆمان ببێت[١٧].

خۆ ئەگەر ئەوبارستە سەرەتای یەی لە بنەڕەتدا ئەستێرەکەی لێ پێك هاتووە چەند بەرامبەری بارستایی خۆری خۆمان بێت ئەوا ئەستێرەکە دەگۆڕیت بۆ *زەبەلاحی گەورە* و پاشان *سوپەر نۆڤای گەورە* کە تەنها نیوترۆنە ئەستێرەکان یان *کونە ڕەشە*کانی لێ دەمێنێتەوە،ئەوەی کە دەتوانرێت بە ئەستێرە چووەوەیەك و گسك لێدەر ناو ببرێت. هەروەك چۆن لە قورئانی پیرۆزدا ناو براوە. کە بەوە ناسراوە هەر شتێك بەلایدا تێبپەڕێت و بچێتە بازنەی کاریگەرییەوە هەڵی دەلوشێت و دەربازبونی نیە، ئیتر ئەو شتە مادده بێت یان وزە، هەروەك لێکۆڵەرانی فیزیای گەردوونی پێیان وایە کە دوای ئەم قۆناغە دەگۆڕدرێت بە تۆزی گەردونی لەڕێگای تێك شکان و لێکهەڵوەشانی پێکهێنەرە زۆر چرەکەیەوە . هەرچەندە تا ئێستا چۆنێتی ئەم بۆچونە ڕون نیە لایان. هەندێ لە گەردوناسان وای دەبینن کە لە *ئەستێرە چووەکان* قۆناغی گۆڕانی *کونە ڕەشەکانە* بە *تۆزی گەردونی*،ئەم *لە ئەستێرە چووانە* زۆر دورن لێمانەوە و ڕوناکی یان زۆر کەمە کەپێدەچێت بەهۆی دوری یانەوەبێت لێمان ،هەیانە بەهێزترین شەپۆلی ڕادیۆییە

---

١٦- حیاة النجوم بین العلم و القران الکریم ،للدکتور محمد صالح النووي

١٧- ﴿و السماء و الطارق *وماأدراك ما الطارق*النجم الثاقب﴾الطارق١-٣ للدکتور زغلول النجار نقلاً عن موقع الدکتور زغلول النجار

ناسراوەکانی ئاسمانی دونیا یان لێوە دەردەچێت کە بە *لە ئەستێرە چووە ڕادیۆ ییەکان* ناسراوون ، هەشیانە شەپۆلی ڕادیۆییان لێوە دەرناچێت کە بە *لە ئەستێرە چووە نا ڕادیۆ یەکان* ناسراون[18].



بەڵام زۆرینەی ئەستێرەکانی دونیا لە جۆری ئاساین، واتە ئەوجۆرەی کە بە زنجیرەی سەرکی (ئەستێرەی لاو) ناسراوون کە ئەستێرەیەکی پێگەیشتو و ئەوپەڕی لاوێتین لە تەمەنی ئەستێرەدا، کە درێژترین قۆناغی تەمەنی ئەستێرەیە، ٩٠٪ تەمەنی ئەستێرە لەم قۆناغەدایە کە بەوەجیادەکرێتەوە هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێت لە نێوان هێزی ڕاکێشان بەرەو چەقی ئەستێرەکە لەلایەك – کە لەئەنجامی خولانەوەی ئەستێرەکە بەدەوری تەوەرەکەید دروست بووە– و هێزی پاڵنانی پێکهێنەکانی ئەستێرەکە بەرەو دەرەوە لە لایەکی دی – کە لەئەنجامی کشانی بەو گەرمییە زۆرە ی بەهۆی کرداری پێکداچونی ناوکی لە ناوکرۆکەکەیدا ڕوەدەدات دروسبووە– ، ئەستێرە لەم تەمەنەدا دەمێنێتەوە هەتا ئەوکاتەی سوتەمەنی لێ نەبڕێت کە گازی هایدرۆجینە،یان خەریك بێت تەواو ببێت، دەست دەکات بە درەوشانەوەیەکی زۆر زۆر بەهێز هەتا ڕادەی ڕوناکی یەکەی دەگاتە ملیۆنێك جار ڕوناکی خۆر، پاشان دەست دەکات بە کوژانەوەیەکی لەسەر خۆ تا دەگاتە ڕادەی

١٨- المرجع السابق

کوژاندنەوەی تەواو ، و بەچەند قۆناغێکی کوژاندنەوە بە تەواوی لە بەرچاو وون دەبێت و دەبێتە *کونێکی ڕەش*.

سەدیمە هەسارەکان، قەزەمە سپی یەکان، نیوترۆنە ئەستێرەکان، تێیاندا هەیە بەجریوەن و هەیشیانە بێ جریوەن ئەمانەی کە باس کران جۆرێکن لە جۆرەکانی دوا قۆناغی تەمەنی ئەستێرەکان دوای مردن و کوژانەوەیان[19].

## ڕووەئیعجازی یەکەی:

زانست و لێکۆڵینەوە نوێکان ئەوەیان چەسپاندووە و کۆکن لە سەر ئەوەی کە ئەستێرە لەدایك دەبێت و پاشان دەگاتە قۆناغێکی تەمەن کە تەمەنی لاوێتی یە، ئەستێرە زۆرترینی تەمەنی لەم قۆناغەدا بەسەر دەبات ، پاش ئەمیش ئەچێتە قۆناغێکی ترەوە هەتا دەگاتە دوا قۆناغ کە مردن و کوژانەوەیەتی وئیتر ڕوناکی نامێنێت.

لێکۆڵینەوە نوێکان دەری دەخەن خۆر لە کشاندایە و قەوارەکەی گەوردەبێت، و بێگومان خۆر بەردەوام تاسەر ناتوانێت پارێزگاری لە چوارچێوەو توێکڵە کەی خۆی بکات . چینەکانی سەرەوە وردە وردە ڕادەکەن و لێی دەبنەوە .–بەشێوەی چینی و ئەڵقەی گازی و بەشێوەیەکی ترسناك –، لەم حاڵەتەدا ئەم ئەلقە هەڵوەریوانە هەموو هەسارەکانی خۆر دەگرێتەوە تا دەگاتە (بلوتو) یش، بگرە دەورو بەری هەموو کۆمەڵەی خۆریش. ئەم قۆناغەی ئەستێرە بە (سەدیمە هەسارە) ناودەبرێت، کاتێك ئەستێرەکان توێکڵە دەرەکی یەکانیان فڕێ دەدەن بەشێوەی ئەڵقەی بازنەیی، لە ڕواڵەتدا زۆر لە هەسارەکان دەچێت بە شێوە بازنەییەکەی. و ئەستێرەی (قیسارە) لەنێو هەزارەها ئەستێرەی دۆزراوەدا بەناوبانگ ترین نمونەی ئەستێرەیە لەو بوارەدا، گەردوونناسان زانیاریان لەسەری هەیە کە چینە دەرەکییەکانی فڕێ دەدات[20].

خۆر لەو قۆناغەیدا زیاد لەسێ یەکی بارستاییەکەی لەناو دەبات و کەم دەکات تا وای لێ دێت دەبێتە ناوکرۆکێکی ڕوتی بچوکی زۆر گەرم، کردارە ناوکی

١٩- المرجع السابق

٢٠- حياة النجوم بين العلم و القرآن الكريم

یەکان دەوەستێت و ناواخنەکەی وردە وردە سارد دەبێتەوە و قەوارەیشی بەرەو بچوک بوونەوە دەڕوات ڕوەو سەرقەبرانی ئەستێرەکان هەنگاو دەنێت کە بە قۆناغی (قەزەمی سپی) ناسراوە. لەو قۆناغەدا چڕی ماددە بە ڕێژەیەکی ترسناك زیاد دەکات، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی یەك سانتیمەتر سێجا لەومادەی قەزەمی سپی یە نزیکەی یەك تەن کێشێتی بەبەراورد لەگەڵ مادەی زەویدا، جگە لەوەی قەبارەی خۆر هێند قەبارەی زەوی بچوك دەبێتەوە[٢١].



ئەمەش بەتەواوی هاوتایە لەگەڵ ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار کە زۆر بەوردی باسی ئەو قۆناغەمان بۆ دەکات لە ئایەتی یەکەمی سورەتی (التکویر) وە دەفەرموێت ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾التکویر١، لەو وتانەی کە لەسەرەتای باسەکەدا هێنامان لە وتەی هەندێك لە ئەهلی ڕاڤە لەم بوارەدا وەك ئەوەی ئوبەیی کوڕی کەعب دەفەرموێت واتە: ڕوناکی یەکەی ڕۆشت، و ئبن عەباس دەفەموێت واتە: تاریك بو، و موجاهد دەفەرموێت: زۆر بچوك بۆوەو ڕۆشت، یان دەڵێن ڕوناکی یەکەی ڕۆشت و ڕوناکی نەما . تەبەری دەفەرموێت: التکویر لە قسەی عەرەبدا بەمانای کۆکردنەوەو خڕکردنەوی شت دێت.

ئەم وتەیەی کۆتایی ئەتوانرێت سودی لێ ببینرێت بە وشێوە زانستی یەی ئێمە دەمانەوێت بۆ ئەو هەنگاوە وردەی ژیانی خۆر، کاتێك کە لەیەکتر کۆ دەبنەوەو گرد دەبێتەوەو ڕوەو ناوەوە دەچێتەوە یەك. وە لە فەرمودەی خوای گەورە﴿وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ التکویر/٢، هەروەها ﴿فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ﴾ المرسلات/٨ خوای باڵادەست باس لە بچوك بونەوەی ئەستێرەکان و قۆناغی بەرەونەمان و کۆتایی هاتنی ژیانی ئەستێرە و بچوك بونەوەی قەوارەکەی دەکات، هەروەك چۆن لە پێشەکی بابەتەکەدا ئاماژەمان بە وتەی ڕاڤەکارانی قورئان دا وەك ئبن کەسیر و کەسانی دیکەیش (طُمِسَتْ) واتە ڕوناکی یەکەی ڕۆشت، وە بە وتەی تەبەری واتە: ڕوناکی یەکەی نەماوئیتر نور و ڕۆشنایی تێدا نامێنێت. ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە لە ئەنجامی ئەو کارەساتەوە ڕوودەدات کە بەسەر ئەستێرەکاندا دێت بە تایبەت دوای داماڵینی توێکڵی دەرەوەی ئەستێرەکان، و مانەوەی ناوکرۆکەکەی بەتەنها و بەبێ توێکڵ، ئەم ناوکرۆکەیش بە ڕادەیەکی زۆر زۆر دەچێتەوە یەك، هەروەها لەم کاتەدا دڵی ئەستێرەکە لەلێدان کەوتووە یان خەریکە لەلێدان دەکەوێت، و ڕوناکی یەکەی دەکوژێتەوە و تیشکی کەم دەبێتەوەو هێدی هێدی دەبێتە (قەزەمێکی ڕەش) بێگومان دوای ئەوەی قۆناغی (قەزەمی سپی) دەبڕێت. لەهەمان کاتدا بەهۆی کەمبوونەوەی کارلێکە ناوکی یەکەیەوە گەرمییە زۆرەکەشی بەرەو نەمان دەڕوات، کە ئەوە بە لێدانی دڵی ئەستێرە دەژمێردرێت، پاشان ئەستێرەکە سەرچاوەی وزە گەرمی یەکەی وون دەکات و لاواز دەبێت و ڕوناکی یەکەی نامێنێت و بەرەو (گۆڕستانی ئەستێرەکان) دەڕوات . ئەمەیش دوا قۆناغی چیرۆکی ژیانە لە جیهانی ئەستێرەدا[٢٢].

لێرەوە هەست بەگەورەیی و گرنگی ئەو ئایەتە پیرۆزانە دەکەین کە هەواڵی مردنی ئەستێرەی بە دەستەواژەیەکی پڕ ڕەوانبێژی و جوان پێداوین.

**ئەم بابەتە لە سایتی زانکۆی ئیمان وەرگیراوە کە لەلایەن عادل الصعدی یەوە ئامادە کراوە**

---

٢١- المرجع السابق

٢٢- المرجع السابق

# (زانست)

## لە دیدگای قورئانەوە

نوسینی: جەمال قەرەداغی

لە پێشەکیدا پێویستە خۆمان لەو هەڵەیە بە دوور بگرین، کە قورئان و هەر شتێك وشەی (زانست)ی بۆ بەکار هات بخەینە دوو تای یەك تەرازوو، کاتێك بمانەوێت لە پەیوەندی و ئاڵوگۆری نێوانیان بدوێین، وەك ئەوەی بڵێین ئایا قورئان و تیۆرە زانستیەکان تا چ رادەیەك پێکەوە گونجاون؟ یان هەر دەستەواژەیەکی دیکەی لەو بابەتانە. چونکە ناکرێت دوو شتی ئاست جیاواز بخرێنە یەك ئاستەوە، بۆ مەبەستی بەراوورد کردنیان یان جیاوازی کردن! قورئان پەیامی خوای بە دیهێنەرە و بۆ مرۆڤەکان دابەزیوە، بەڵام زانست و تەکنۆلۆژی بەرهەمی بیرو زادەی هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤەکانە بەدرێژایی تەمەنی بوونیان لەم سەر زەویەدا، ئیتر چۆن دەبێت دروستکار و بەدیهێنەر لەگەڵ دروستکراو و بەدیهێنراودا لە یەك ئاستدا دابنرێن و بخرێنە دوو تای یەك تەرازووەوە؟!

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەمکە هەڵەیە، پێویستە بچووك و سنووردار بگێڕینەوە بۆ گەورە و ڕەهای بێ سنوور، وەك ئەوەی بووترێت؛ ئایا قورئان تێڕوانینی چۆنە بۆ زانستەکان؟ یان زانست لە ڕوانگەی قورئانەوە چۆنە؟ قورئان بەرنامە و پەیامی خواییە کە بۆ مرۆڤەکان نێرراوە بە مەبەستی پەروەردە کردن و ئاراستەکردنیان بۆ ژیانێکی ئاسودە و کامەران و، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی مرۆڤ لە بوونەوەر و ژیان و پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە دەور و پشتی خۆیەوە و، هەموو پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنۆلۆژیانە ئەگەر لە ژێر رۆشنایی ڕێنماییەکانی قورئاندا نەبێت، ئەوا ئەو دەستکەوتە زانستیانە دەبنە ئامێرێکی دوو سەر، واتە سوودبەخش و زیانبەخش، و زۆر جار سەرە زیانبەخشەکەی زاڵتر دەبێت، هەروەك بە درێژایی دوو جەنگی گەورەی جیهانی و جەنگە لاوەکیەکانی دیکە و ئەو هەموو چەکە کۆکوژ و ماڵ وێرانکارانەدا بینراون و مرۆڤایەتی ژەهر و تاڵاوی ئەو دەستکەوتە زانستیانەی نۆشیوە. بۆیە زۆر هەڵەیە کە سەیری قورئان بکرێت وەك پەڕاوێکی زانستی، یان وا چاوەڕوان بکرێت کە قورئان لە هەموو زانستەکان دوابێت.

مامۆستای خاوەن تەفسیری (فی ظلال القرآن ) دەفەرموێت: (گەڕان بە دوای گونجاندنی نێوان دەقە قورئانیەکان و تیۆریە زانستیەکان، مانای ڕووخاندنی ئیمان و بڕوایە بەم قورئانە).

یان لە شوێنێکی دیکەی هەمان تەفسیردا دەفەرموێت:

(بۆ ئێمە نیە کە بگەڕێین بە شوێن دەقی قورئانی وادا کە لەگەڵ تیۆرێکی زانستیدا بگونجێت، هەتا ئەگەر ڕووکاری دەقەکەشی گونجا لەگەڵ تیۆریەکەدا، چونکە تیۆری زانستی شیاوی گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیە لەسەر دەستی زاناکان هەر کاتێك ئەو توانایییەیان هەبوو).

ئەمانەش ئەوە ناگەیەنن کە مرۆڤ واز لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بێنێت و توخنی قورئان نەکەوێت، چونکە قورئان چوارچێوەیەك دەکێشێت بۆ مرۆڤەکان کە تیایدا چالاکیەکانی خۆی پیادە بکات، یەکێك لە چالاکیە مرۆییەکانیش چالاکی زانستی و بە دەست هێنانی تەکنۆلۆژیایە. بۆیە هەرچەندە زانستی مرۆڤەکان پێش بکەوێت هێشتا ناگات بە سنوورەکانی ئەو چوارچێوە داڕێژراوەی قورئانی پیرۆز.

مامۆستا فەهمی هویدی دەڵێت:

(قورئان تەنها هێڵە پان و بەرینەکان و ئامانجەکان دیاری دەکات و، ووردەکاری و توێژینەوەکان بۆ ئێمەی مرۆڤە، بۆ ئەوەی تا رۆژی دوایی سوودیان لێ ببینین. ئێمە کاتێك لە قورئان و سوننەت دەگەین کە ئاگاداری هەموو زانستە مرۆیی و سروشتیەکان بین).

قورئانی پیرۆز ڕوویەکی دیکەی ئەم گەردوونە پان و فراوانەیە، بۆیە گرنگە بە پێی پێویست ئاماژەیەکی کورتی زانستیانەی تیا بێت، بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین کە ئەو ڕاستیە زانستیانەی قورئان ئاماژەیان بۆ دەکات ڕاستی زانستی ڕەهان و هەرگیز شیاوی گۆڕان نین، چونکە ئەو زاتەی قورئانی ناردوە باڵادەستە بەسەر کات و شوێندا و هەرگیز نهێنیەکانی ڕابردوو ئێستا و داهاتوی لێ شاراوە نیە، بۆیە حەقی خۆیەتی کە ئەگەر مرۆڤ لە کاروانی دوورودرێژی گەڕان و لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ڕاستیەکی زانستی و قورئانیش ئاماژەی بۆ ئەو ڕاستیە کردبوو، ئاماژەی بۆ بکرێت و لە بەشێکی ڕاڤەی ئەو دەقانەدا باس بکرێن.

بەڵام ئەگەر زانستەکە هەر لە قاڵبی تیۆریدا بوو و نەدرابوو لە بێژەنگی ئەزمونگەری و تاقیکردنەوە، هەڵەیەکی گەورە و ستەمێکی ناڕەوایە کە لە قورئاندا بگەڕێین بە دوای دەقێکدا بگونجێ لەگەڵ ئەو تیۆریە زانستیەدا.

قورئان دووانێکی خواییە بۆ مرۆڤەکان، لە هەموو ئاستە جیاوازەکانیاندا، هەموو کەس بۆی هەیە لە قورئان تێبگات و خۆی لێ سوودمەند بکات، هەر لە دەشتەکیەکی عەرەبی زمانەوە تا گەورەترین زاناو فەیلەسوف، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها دەقی وا لە قورئاندا هەیە کە گەلێ ماناو مەغزای جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، کە بۆ لێکدانەوەی ئەو دەقانە پسپۆری لێهاتوو بە توانای دەوێت.

ئێمە لێرەدا باس لە تەفسیری قورئان ناکەین، چونکە تەفسیری قورئان بۆ خۆی هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە و، پێویستی بە کەسانی لێهاتوو شارەزا لە هەموو بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەبی و زانستی و گەلێ لایەنی دیدا هەیە، بەڵکو ئێمە لێرەدا باس لە بەشێك یان لقێکی تەفسیر دەکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئایەتانەی جگە لە مانا و مەغزاکانی خۆی، ئەگەر ئاماژەیەکی زانستیانەی تیا بوو، پێویستە هەقی خۆی بدرێتێ و لە میانەی تەفسیری ئایەتەکەدا ئاماژەی بۆ بکرێت.

بۆ نموونە خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێت:

﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ مِنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنْتُمْ مِنْهُ تُوقِدُونَ﴾ (يس: ٨٠).

خاوەنی (في ظلال القران)یش لە تەفسیرەکەیدا بۆ ئەم ئایەتە دەفەرموێت:

(خوا لە میانەی دەرخستنی توانا و دەسەڵاتی خۆی سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەو درەختەی کە پڕ ئاوە و ووزەی خۆریشی تیا هەڵگیراوە، لە هەمان کاتیشدا توانای سووتاندنی هەیە و دەکرێت وەك سووتەمەنیەك بەکار بهێنرێت).

